


https://serchawe.com

# نامیلکەی( ژن، ژیان، ئازادی)

## بەشی؛ ٨

بەشێک لە وتارو نوسراوە و وتووێژی نووسەران سەبارەت بە کارەساتی دڵتەزێنی کوشتنی ژینا ئەمینی، موشکبارانی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەلات لە باشووری کوردستان، مانگرتن و خۆپێشاندان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، ئێران و دەرەوە ولات.

رووح و رەوانی ژینا و هەموو شەهیدانی ڕاپەرینی کوردستان و ئێران شاد و سپاس و پێزاین بۆ نووسەرانی ئەم نامیلکەیە.
من هەر ئەوەندم دەستکەوتوون و لە دووتۆیی ئەم نامیلکەیە دا دەیخەمە بەرچاوی ئێوەی خۆشەویست.

کۆی نامیلکەکە ١٥٠ لاپەڕووەو ٣٧ی بابەتن.

ناوەڕۆکی بابەتە و نووسراوەکان راو بۆچوونی و تێبینیی نووسەران خۆیانن. بەندە لێیان بەرپرسیار نیم.

دیزاینی وێنە لاپەڕی سەرەکی لە کارە جوانەکانی هاوڕێی بە توانا ئەیوب شەهابیڕادە. دەستی خۆش بێ بۆ هەر بژی بۆ گەل و نیشتمان.

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# پێڕست:

١- ئیبراهیم عەلیزادە لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ هاوڵاتی ........................................................................ ٥
٢- گەڕانەوەی شەقام! ................................................................................. ناسر باباخانی ......... ١٤
٣- دیداریک لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە سکرتێری کۆمەڵە لە بارودوخیکی جیاوازدا .......................................
........................................................................................ ئامادە کردنی: ئامانج علیدوست ...... ١٩
٤- بیرا سنە: خوێندکاران بەشێک بوون لە ڕاپەڕینی کوردستان و ڕێژیمی داگیرکەری ئێرانیش بەردەوام ترسی لەوە هەبوو .
........................................................................................ هەڤپەیڤین: کاروان مێراوی ......... ٤٤
٥- خامنەیی و شەڕئەنگێزی بێ سنوور ........................................................... سایتی پەیام .......... ٤٨
٦- یەکێتی ئەوروپا و ئێران ........................................................................ پەیڕەو ئەنور ......... ٥٠
٧- شۆڕشی نوێی ئێران بوو بە سێ مانگ ....................................................... کەماڵ گرویسی ......... ٥٣
٨- ڕۆڵی جاشەکان لە سەرکوتی ڕاپەڕینی کورستاندا .................................... رامبود لوتفی پوور ....... ٥٥
٩- شۆڕشی ژنانی ڕۆژهەڵات پێشڕەوی دەکات ................................................. خانزاد سەعدی ........ ٦٠
١٠- هەڕەشەی سوپای پاسداران بۆ سەر هەرێمی کوردستان و هەڵگێڕانەوەی هاوکێشەکە ...... عارف قوربانی .......... ٦١
١١- کاریگەری گۆڕانکاریەکان لەسەر چارەنووسی ئێران ....................................... ئەحمەد هەورامی ....... ٦٥
١٢- قەرار نە بوو ببین بە کەوا سووری پێش لەشکر بۆ هەموو ئێران ...................... عەبدوڵڵا فەتاحی ...... ٧٣
١٣- بۆچی هێرشی مووشەکی سەر بارەگاکانی حیزبی دێموکرات؟ ................................. سۆران شەمسی ......... ٧٥
١٤- نوێترین شیعری بۆ ڕۆژهەڵات(هاوبەشکردن).................................................. ڕەنج سەنگاوی.......... ٧٩
١٥- عەلی عەونی؛ ئێران بیانوومان پێ دەگرێ و دەیەوێ کێشە نێوخۆییەکانی بە ئەستۆی ئێمە دابێنێ ...................
........................................................................................ ڕۆژنامەی کوردستان ....... ٨١
١٦- نووسەرێک لە ڕۆژهەڵاتەوە، بۆ سەرکردایەتیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات .................. ڕەسووڵ سوڵتانی .......... ٨٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

١٧- رۆحی ژینا و خوێنی هەولێر ............................................ بەرهەم عەلی ........... ٨٧
١٨- چەند هاوکێشەیەکی ئاڵۆز لە دۆزی کورد ............................................ رەنج نەوزاد ............. ٩١
١٩- ئایا کێشەی ئێران لە کوێیە و زرگوێز و جەژنیکانە؟ .................................. جەمال عەبدوڵا ........... ٩٥
٢٠- ئیرادەی کورد زۆر لە درۆن و مووشەک بەهێزترە .................................. رێبوار حەمەلاو شوانی ...... ٩٧
٢١- جمهوری ئیسلامیو ٤٠ ڕۆژی دیکە ................................................. عیماد عەلی ............... ٩٩
٢٢- شەڕی نابەرانبەر یان شەڕی مان و نەمان؟؟!! ....................................... جەماڵ فەتحی ............ ١٠١
٢٣- بوردوومان و مووشەکباران چۆکمان پێدا نادا ...................................... حەمەڕەسوول کەریمی ...... ١٠٣
٢٤- خاتوو ڕۆیا حەکاکیان لە کۆربەندی مافی مرۆڤ لە سەنای وڵاتە یەکگرتووەکان ...... کەماڵ حەسەن پوور ....... ١٠٥
٢٥- ویژدانی گشتی لە "ڕاپەرینی ژینا"دا .......................................... سۆران عەلیپوور ......... ١٠٧
٢٦- لە مافی خۆپێشاندانەوە هەتا ڕاپەڕین ........................................... زانیار حوسێنی ........... ١١٠
٢٧- هێزی گەل .......................................................................... ناسر باباخانی ......... ١١٤
٢٨- مستەفا مەولوودی: مستەفا مەولوودی: کۆماری ئیسلامی حیزبی دێموکرات بە سەری مارەکە دەزانێت ...................
........................................................................... هەڤپەیڤین عەلی بداغی .... ١١٧
٢٩- شەڕفرۆشیی کۆماری ئیسلامی و هەڵوێستی باشووری کوردستان ........................ مستەفا شڵماشی ........ ١٢٢
٣٠- ئێستا کاتی ڕاپەرینی چەکدارانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە ............................... لوقمان زەهرایی ....... ١٢٣
٣١- چونەوەی پێشمەرگە بۆ ناوخۆی ڕۆژهەڵات پێویستە ؟ .................................. شۆڕش ئەسەدزادە ..... ١٢٧
٣٢- پاشەکشەی چی؟ کێشەی ئێمە و تارانییەک یەک نیە .................................. ئاسۆ خەبات .......... ١٣٧
٣٣- هەرێمی کوردستان لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی نەتەوەیی و مێژووییدا ................. قادر وریا ............ ١٣٩
٣٤- دیکتاتۆرەکان وەک یەک دەمرن ....................................................... برایم جەهانگیری ..... ١٤١
٣٥- گرنگیی کۆبوونەوەی شورای مافی مرۆڤ لەبارەی ئێران لەپاش کوژرانی ژینا ئەمینی و ڕاپەرینی خەڵکی ئەم وڵاتە ....
........................................................................... ئەحسەن حوسێنپوور ..... ١٤٤
٣٦- خەڵکی کورد و هاوسەنگی ڕاگرتن و هاوکێشەی ناوخۆ ................................ د. مامەند عەلیار ....... ١٤٧
٣٧- یەکێتی و ڕێکخراو بوونی زیاتری خەڵکی کوردستان مەرجی سەرکەوتنە ................ سایتی پەیام ........... ١٤٩



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئیبراهیم عەلیزادە لەچاوێکەوتنێکیدا لەگەڵ هاوڵاتی: ناڕەزاییەکانی ئێران بەرەو شۆڕشێکی سیاسیی گەورە دەچێت




**هاوڵاتی**

**ئیبراهیم عەلیزادە**، سکرتێری کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران) لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی هاوڵاتی،

**دەقی چاوپێکەوتنەکە لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە:**

**هاوڵاتی: دوو مانگە خۆپیشاندانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بەردەوامە بەبڕوای ئێوە خۆپیشاندانەکان بەرەوکوێ دەڕوات؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەوەی کەزۆر گرنگە ئەوەیە یەکەمجارە کە بۆ ماوەی دوو مانگ سەرهەڵدانێک لەئێران بەردەوام دەبێت، ئەم بەردەوامییە زۆر جێگای ئومێدەو نیشانی دەدات کەقەزیەکە لەسەرهەڵدانێکەوە دەچێت بەرەو شۆڕشێکی سیاسی گەورە، تا ئەم لەحزیە کۆمەڵێک دەستکەوت بەدەستهاتوون کە قابیلی هەڵگەڕانەوە نییە یانی کۆمەڵگەی ئێران چووەتە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

قۆناغێکەوە کەبەهیچ شێوەیەک کۆماری ئیسلامی ناتوانێت ئەو کۆمەڵگایە بگەڕێنێتەوە پێش دوو مانگ لەمەوپێش، جورئەتو جەسارەت و هۆشیاری خەڵک زیادیکردووەو بەرێکخراوبوون و کاری ڕێکخراوەیی وردە وردە خەریکە جێدەکەوێت، بزوتنەوەکە لەئاستی نێونەتەوەییدا خۆی ناساندووە و پشتیوانییەکی بەرینی کۆمەڵایەتی بۆ خۆی دەستەبەرکردووە، ئەوانە هەمووی بارودۆخێکی باشیان پێدەداو پێشبینیم ئەوەیە بۆ ڕۆژانی داهاتوو لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕۆژانێکی ئاسانمان لەبەردەم نییە، بەڵام لەهەمان کاتدا بەردەوام دەبین و ئەو بزوتنەوەیە بەردەوام دەبێت لەسەر ڕێچکەکەی خۆی، پێموایە کە دەستکەوتی دیکەش بەدەست دێنێت و تائێستا ئیتر کەس ناتوانێت بیر لەوە بکاتەوە کە ڕۆژێک لەرۆژان باڵاپۆشی زۆرەملێ دەکات بەسەر ژنان و کچانی ئەو وڵاتە.

**هاوڵاتی: پێتانوایە هۆکار چییە دوای دوو مانگ لەنارەزایەتی و فشاری شەقام دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەهەمان میتۆدی ساڵانی ڕابردوو ڕووبەرووی شەقام دەبێتەوەو ئامادەی سازش نییە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی ڕێگایەکی دیکەی نییەو ریفۆرم ناتوانێت بکات، چونکە ئەو شتانەی کەخەڵک ئێستا دەیەوێت هیچی لەتوانای کۆماری ئیسلامییەکی ئیدۆلۆژیکدا نییەو کۆماری ئیسلامی هەرکام لەو سەنگەرانەی کەئێستا خەڵک داوای دەکات بکشێتەوە ئیتر هەبوونی خۆی نەفی کردووەتەوە، یانی دەتوانێت بەبڕوای من پاشەکشە بکات، بەڵام ناتوانێت سازش بکات، دەتوانێت لەژێر فشاردا چارەیەکی نەمێنێت لەسەنگەرێکی بەرگریەوە بکشێتەوە بۆ سەنگەرێکی دیکە، بەڵام ناتوانێت لەبنەماکانی فیکری و ئیدۆلۆژیکی خۆی بەڕەسمی چاوپۆشی بکات، بۆیە تەنیا شتێک کە بۆی دەمێنێتەوە هەر بەکارهێنانی زۆرو سەرکوتە کەئەویش ئەوە بەکاردێنێت بەبەربڵاوی.

**هاوڵاتی: خاڵی بەهێزی خۆپیشاندانەکان چییە؟ بەواتایەکی تر پێتانوایە هێزی خۆپیشاندانەکانی ئەمجارە لەکوێدایەو جیای دەکاتەوە لەخۆپیشاندانەکانی ڕابردووی ئێران؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** لەساڵی ١٣٩٦ی هەتاوی (٢٠١٨ی زایینی) تائەمڕۆ گۆڕانکارییەک بەئامانجی خۆپیشاندان و سەرهەڵدانی جەماوەردا ڕوویداوە لەو ماوەیەدا دوو سەرهەڵدانی گەورە کە زستانی ٩٦و پاییزی ٩٨ هەروەها سەرهەڵدانەکان لەسەر مەسەلەی ئاوو نارەزایەتی کشاوەرزان لە ١٤٠٠ی هەتاوی (٢٠٢١ی زاینی) ئەوانە لەهیچ کامیاندا لایەنی جەماوەر ئەوە نەبووە کە داخوازییەکی دیاریکراویان لەدەوڵەت بێت، بەڵکو نەفیکردنەوەی سەرجەمی دەسەڵات و دەوڵەت بووەو ئەو جیاوازییەی ئێستا بەشێوەیەکی دیار دەکەوێتە بەرچاو، دووەمین جیاوازی ئەوەیە بەناوەڕۆک ئەو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

داخوازیانە چەپە، دروشمی (ژن، ژیان، ئازادی) کەحەماسیترین دروشمەو داخوازیەکانی جەماوەر لەچەند وشەیەکی سادەدا فۆرمەلە دەکات، دروشمێکە کە ئەگەر لێیبکۆڵیتەوە هیچ کامیان لەچوارچێوەی تواناییەکانی هیچ ئیسلامییەک و هیچ ریفۆرمخوازێکی دەوڵەتدا ناگونجێت، بۆیە بەناوەڕۆک هەمووی چەپ و سکۆلارەو بەروە پێشەوەیە کەئەوە سیمایەکی زۆر دڵخۆشکەری بەو بزوتنەوەیە داوە.

**هاوڵاتی**: بۆچی حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هاودەنگ نین و هەماهەنگیتان نییەو بەگشتی دابەشبوون بەسەر دوو بەرەدا، ئێوەو پژاک لەبەرەیەکن و کاری هاوبەش و هەماهەنگیتان هەیە، ناوەندی هاوکاری حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش لەبەرەیەکی دیکەن، ئەمە بۆچی وایە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: پێموانییە ئەوەی کەئێمە لەدوو بەرەدا بین ئێمە و پژاک بین و ئەوانیش بەرەیەک بن ئەوە تەعبیرێکی تەواوبێت لەبزوتنەوەکەو لەو بارودۆخەی کەئێستا حزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی تێدان، ئێمە لەگەڵ هەموویان بەیەک ئاست هاوکاریمان هەیە، هەم لەگەڵ پژاک و هەم لەگەڵ بەرەی ناوەندی هاوکاری، بەڵام رەنگە جیاوازییەکە لەوەدا بێت کە تەنها ئێمە لەگەڵ پژاک پەیوەندیمان هەیەو ناوەند پەیوەندی نییەو لەواقیعدا ئێمە پردی پەیوەندین لەنێوان پژاک و ناوەندی هاوکاریدا، ئێمە هەوڵمانداوە هاوسەنگییەک رابگرین لەو پەیوەندییەداو راگرتنی ئەو هاوسەنگییە بەمانای ئەوە نییە کە ئێمە هەڵوێستی خۆمان نییە لەنێوان هەڵوێستی ئەو دوو رێکخراوەدا، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە ئێمە نامانەوێت بارودۆخێک بخوڵقێت کەهێزێک وا پەراوێز بخرێت و بخرێتە گۆشەوە کە لەدواییدا کرداری کاردانەوەکانی بەرامبەر ئەو بارودۆخە هەم قابیلی پێشبینی نەبێت و هەمیش مەترسیداربێت.

**هاوڵاتی**: مەبەستتان کێیە کە بخرێتە پەراوێزەوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەو هێزە لەواقیعدا پژاکە کەناوەندی هاوکاری و حزبەکانی دیکە مەیلێکیان بەهاوکاریکردن لەگەڵیدا نییە.

**هاوڵاتی**: هۆکارەکەی چییە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: هۆکارەکە دەبێت لەخۆیان بپرسیت، بەڵام بەشێکی کەئێمە لێمان بیستوون ئەڵێن حزبێکی رەسەن نین،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

واتە سەرچاوەی بڕیاریان لەجێگایەکی دیکەوەیەو لەلایەن پەکەکەوەیە ئەوەش زۆر لەجێی خۆی نییەو هەر پەیوەندییەکی ئایدۆلۆژی و سیاسیان لەگەڵ هەر حزبێکی دیکە هەبێت ئەوان ڕێکخستنیان هەیەو هێزی گەریلایان هەیەو هەمیش میدیاو هەموو شتێکی تایبەت بەخۆیان هەیەو بەئاڕاستەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کراوەو ئینجا دەزانین کە ئەو پەیوەندیانە ئاساییە و دەبێت ئاسایی بێت چونکە کورد میلەتێکە لەچوارپارچەی کوردستاندا دەچەوسێتەوە و هەر حیزبێکی سیاسی کەسی نزیکی خۆی لە پارچەیەکی دیکەی کوردستان بێت ئەوە شتێکی سەیر نییەو ئەوەتا دەبینی حزبی دیموکراتی کوردستان هەیەو پارتی دیموکراتی کوردستانیش هەیە یەک ناویان هەیەو لەرۆژئاواو باکور و باشور ئەو پەیوەندیانە هەیە و زۆریش ئاساییە.

**هاوڵاتی:** پێتوایە ئەم هەڵوێستانەی ناوەندی هاوکاری حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەژێر کاریگەری هەژمونی (پارتی دیموکراتی کوردستان)دایە بۆیە ئامادەنین لەگەڵ پژاکدا هەماهەنگیان هەبێت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** من نازانم تاچەند لەژێر کاریگەری ئەوەدان، بەڵام ئەوە دەزانم کەدەبێت ئەو کێشەیە چارەسەربکەن و دەبێت لەوە تێپەڕبن کە کێ ڕەسەنە و کێ ناڕەسەنە.

**هاوڵاتی:** چی کاتێک بەپێویست دەزانن هێزی سەربازی خۆتان (پێشمەرگەو گەریلا) دەستوەردان بکات لەڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** یەکێک لەدەستکەوتەکانی هەماهەنگی ئەو دەورەیە، کەشانازی پێوەدەکەین کەتوانیومانە لەنێوان حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەو هەماهەنگییە دابین بکەین، ئەوە بووە کە هەموو ئەو لایەنانەی کە لەگەڵ یەکتر دانەنیشتوون و گفتوگۆیان نەکردووە بێینە سەر ئەو قەناعەتە کەئێستا نابێت جۆرێک لەجۆرەکان دەستتێوەردانی سەربازی بکرێت لەو بزوتنەوەیەی کە لەئارادایەو بەخۆشحاڵییەوە لەو ڕووەوە هەموومان هاودەنگین و پێمان وایە کەئێستا ئەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە گەورەیەی کە کەوتۆتەڕێ دەبێت بەهێزی خودی جەماوەر بەئاکامە دیاریکراوەکانی خۆی بگات نەک بەدەستتێوەردانەکانی هێزی پێشمەرگە، بەڵام شارەکانی هەموو کوردستان بەهێزی جەماوەر ڕزگار بوو و دەستکەوت گەلێک بەدەستهات ئەوکات جەماوەر پێویستە ئەو دەستکەوتانەی خۆی بپارێزێت.

**هاوڵاتی:** لەحاڵەتێکدا کۆماری ئیسلامی ئێران فشاری زۆری کردو گەیشتە قۆناغێک هیچ دەست نەپارێزێت و کوشتارێکی زۆر ئەنجامبدات، ئێوە لەو کاتەشدا دەستوەردانی سەربازی ناکەن؟



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بەوە چارەسەر ناکرێت چونکە کۆماری ئیسلامی دەیەوێت کۆمەڵکوژییەکی گەورە بکات لەکوردستاندا و ئامرازی سەرکوتگەری زۆر بەدەستەوەیە و پێموایە کاری دروست ئەوەیە کە نابێت بهێڵین بگاتە ئەو قۆناغە و ناهەماهەنگی نێوانی بزوتنەوەکە لەتاران و شارە گەورەکانی ئێران و هەروەها لەکوردستانی ئێران وایلێبێت کە کوردستان ببێتە مەیدانیکی شەڕ، کۆماری ئیسلامی ئەوەی دەوێت هەم لە بەلوجستان و هەم لەکوردستانیش دەیەوێت و تەنانەت بەفشاری جەماوەر بەهەر شیوەیەک لەشێوەکان هێزە کوردستانییەکان پەلکێش بکات بۆ شەڕێکی مەیدانی و واقیعی و بەو جۆرە جیایان بکاتەوە لەخەباتی شوێنەکانی دیکەی ئێران و بەو شێوەیە سەرنجی خەڵک بەرەو مەیدانی شەڕ و بەرەو کوردستان رابکێشێت، و لەژێر ئەو سیاسەتەدا بزوتنەوەی سەرتاسەری وردە وردە سەرکوت بکات، بۆیە پێموایە ئێمە دەبێت هەوڵبدەین نەچینە ئەو قۆناغەوە و ئەوە پیلانی کۆماری ئیسلامییە و پێموایە کەئەگەر ئێمە پشتیوانی بکەین لەتاران و لەشارە گەورەکان بەگەرموگوڕی و هەروەها خۆشمان بزانین کە بەسیاسەتێکی ژیرانە بزانین چۆن بزوتنەوەکەمان هەنگاو بەهەنگاو ببەینە پێشەوەو ئەو پیلانە پوچەڵ دەبێتەوە.

**هاوڵاتی**: ئامادەیی ئێوە لەناو ئەم ناڕەزایەتییانەدا چییە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئێمە بەهەموو شێوەیەک تیایدا بەشدارین و ئێمە هەر ئەو تەشکیلاتە نین کەئێستا لەدەرەوەی وڵات دوورخراوەین، کۆمەڵە یەکێک لەو رێکخراوانەیە کە ریشەی لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا هەیە، رێکخستنی هەیە نفوسی کۆمەڵایەتی هەیە، دروشمەکانی گوێی پێدەدرێت، بانگەوازەکانی وەڵام وەردەگرێتەوە، لەرێگای میدیایەکی نیسبەتەن بەهێزەوە لە رادیۆ تەلەڤزیۆن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەوڵدەدەین کاریگەری لەسەر دانێین و هەڵەکان راستبکەینەوەو دەستکەوتەکان بکەینە بەرچاوو هاوڕێیانیشمان و تەشکیلات و رێکخستنەکانیشمان لەناوەوە بەشی هەرە چالاکی ئەو حەرەکەتەن.

**هاوڵاتی**: خەباتی ئێوە بۆ رزگاری رۆژهەڵاتی کوردستانە بەدیاریکراوی یاخود حزبەکەی ئێوە وەک کۆمەڵە خواستتان تەنها گۆڕانی رژێم و رزگارکردنی هەموو ئێرانە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: خەباتی ئێمە خەباتێکە سەرانسەرییەو لەواقیعدا دوو باڵمان هەیە باڵێکمان باڵی سەرانسەریمانە ناوی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانە لەو ئاستەدا ئێە هەوڵدەدەین کاریگەری دابنێین لەسەر رەوتی رووداوەکان، خەباتێکیشمان هەیە لەکوردستان دیارە بەهۆی بەهێزبوونی بزوتنەوەی کوردستان و پێشینەیەکی شۆڕشگێڕانە کەهەیەتی تەشکیلاتی ئێمە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەکوردستان بەهێزەو بەراورد ناکرێت لەگەڵ تواناکانمان لەئاستی سەرانسەری، بەڵام ئێمە پێمانوایە هیچ گۆڕانکارییەک یان هیچ دەستکەوتێک لەکوردستان سەقامگیرنابێت بۆ ماوەیەکی درێژ جێگیرنابێت مەگەر ئەوەی کە گۆڕانکاری لەدەسەڵاتدا لەئێراندا پێکبێت نموونەشمان دیت لەساڵی ١٩٨٠ کەبەشێکی زۆری کوردستانمان بەدەستەوە بوو و لەساڵانی دواتر بەهۆی ئەوەی بزوتنەوەی سەرانسەری دامرکاوەو بەو هۆیەوە کۆماری ئیسلامی لەمەیدانەکانی دیکەدا سەرکەوتوو بوو لەسەقامگیرکردنی خۆی و کورستانیش وردە وردە ئەو دەستکەوتانەی لێسەندرایەوە و دەبێت هەردوو لایەنیمان هەبێت.

**هاوڵاتی**: لەحاڵەتی گۆڕینی ڕژێمی ئێراندا ئێوە وەکو کۆمەڵە لەگەڵ چ جۆرە سیستەمێکن و چ جۆرە سیستەمێکتان پێباشە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئێمە پێمان وایە ئەو شۆڕشە لەقۆناغی یەکەمدا شۆڕشێکی سیاسییەو دەیەوێت دەسەڵات بگۆڕێت لەسەر بنەمای کۆمەڵێک دەستکەوتی دیموکراتی، ئێمە لەبەرنامەیەکدا کە لانی کەمی خۆمان فۆرمەلەمان کردووە، ئەمانە هەم هەموو ئازادییە دیموکراتییەکانی تێدایە و دەبێت هەمووی دابین ببێت، ئازادی بەیان و ئازادی ڕێکخراوبوون و ئازادی بێمەرجی سیاسی و ئازادی بیروباوەڕ و عەقیدە و کۆمەڵێک دەستکەوت و گۆڕانکاری لەژیانی ئابووری و ژیانی خەڵکدا تێدایە وەکو خزمەتگوزاری و مافی کرێکاران و مەسەلەی خوێندنی بەخۆڕایی تا زانکۆ و هەموو ئەوانەمان فۆرمەلەکردووە لەبەرنامەیەکدا، بۆ کوردستانیش هەر ئەوانەمان هەیە بە ئیزافەی ئەوە کە مەسەلەی ستەمی نەتەوایەتی لەکوردستان لەبەرچاو گیراوەو تیایدا مافی دیاریکردنی چارەنووس تەئکیدی لەسەرکراوە، کەمانای ئەوەیە خەڵکی کوردستان ئازادبن بۆ ئەوەی کە لە ریفراندۆمێکی تەواو ئازاددا کە هەلومەرجێکی تەواوی بۆ خولقابێت و لەو ریفراندۆمەدا بڕیار بدەن کەوا دەمێننەوە لەگەڵ ئێران یاخود نا.

**هاوڵاتی**: لەدوو بەشی کوردستاندا ئەزموونی حوکمی کوردی هەیە واتە لەباشور و ڕۆژئاوای کوردستان، ئێوە پێشبینی دەکەن ئەزموونی کامیان لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا دووبارە بێتەوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەوەی ئێمە دەمانەوێت ئەزموونی بکەین لەواقیعدا دەبێت ئەزموونی تایبەت بەخۆمان هەبێت، بەڵام ئەگەر بێت و قەزاوەتێکیش بکەین لەسەر ئەو دوو ئەزموونە کە لەو دوو بەشەی کوردستاندا هەیە ئێمە ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان وەکو ئەو مافانەی کە بۆ ژنان دەستەبەر کراوە وەکو ئەو ئیمکاناتەی کە بۆ بەشداری ژنان لەهەموو ئاستەکانی دەسەڵاتدا دابینکراوە وەکو خۆبەڕێوەبەری واتە ئەنجومەن و شوراکانی محەلی کەتیایدا خەڵک بەئازادی دەتوانێت بڕیاربدات لەسەر ئیدارەی ئوموری خۆی و چارەنووسی خۆی، وەکو چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نەتەوەکان ، نەتەوەی عەرەب و ئاشووری و کورد و هەموو ئەوانە، ئەمە کۆمەڵێک ئەزموونە کە نیشانی دەدات لە کوردستان عەمەلییە و ئێمە پێمانخۆشە کە لەو ئەزموونانە سوود وەربگرین بەڵام من پێموایە کە ئەو شۆڕشەی کە لەئێستادا لەئێران هەیەو چەغماغەکەی لەکوردستانی رۆژهەڵاتەوە لێدراوە دەتوانێت ئەو دەستکەوتانە گەلێک قوڵترو واقیعیترو بەکرداریتر بێنێتە ئاراوە.

**هاوڵاتی**: ئێران بەردەوام هەڕەشە لەحزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکات بەشێک لەحزبەکانی رۆژهەڵاتیش ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کەئەوان لەسەر داخوازی حکومەتی هەرێمی کوردستان هێزەکانیان لەسەر سنووری ئێران گواستۆتەوە، ئایا ئێوە وەکو کۆمەڵە هێزی خۆتان لەسەر سنووری ئێران دوورخستووەتەوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئێمە زۆر دەمێکە پێمان وانییە کە هەرێمی کوردستان ئەو جێگایەیە کەوەکو سەنگەرێکی سەربازی پێشمەرگانە دەتوانین کەڵکی لێوەربگرین، ئێمە پێمان وابووە کە دەبێت لێکتێگەیشتنێکمان هەبێت لەنێوان بەرژەوەندییەکانمان و بەرژەوەندییەکانی حکومەتی هەرێم کە نایەوێت لەگەڵ دەوڵەتێکی دراوسێی خۆی بخرێتە حاڵەتی شەڕەوە، بۆیە ئێمە ئێستا خەباتی چەکداریمان لەرووی زەروریەتێکی دیکەوەیە نەک لەو رووەوە کە بەکاریبێنین دژی کۆماری ئیسلامی و کۆماری ئیسلامی بەهانەگیری دەکات ئەگینا دەزانێت ئێمە سیاسەتمان ئەوە نییە کەهێزی چەکدار دژی کۆماری ئیسلامی لێرەوە لەسنوورەکانی هەرێمی کوردستانەوە بەکاربێنین.

**هاوڵاتی**: ئەمریکاو وڵاتانی خۆرئاوا تائێستا ئەوەی تێبینی دەکرێت بەڕوونی پەیامیان نەگەیاندووە کە لەگەڵ رووخانی رژێمی ئێرانن، ئایا ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هێشتا ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بەگشتی وەکو بەدیلی دەسەڵات بوونی خۆیان نەسەلماندووە یاخود خۆرئاواو ئەمریکا بەدیلێکیان نەدۆزیوەتەوە بۆ سیستەمی حوکم لەدوای کۆماری ئیسلامی ئێران یاخود هۆکارەکە چییە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەوانەی باستکرد هەمووی هۆکارن واتە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی خۆی وەکو بەدیلێکی مسۆگەری دەسەڵات نەناساندووە بۆ هیچ وڵات و دەوڵەتێکی زلهێز ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم ئەوەیە بەشێوەیەکی گشتی بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێز بەتایبەتی ئەوروپا و ئەمریکا لەوەدانییە کە کۆماری ئیسلامی بڕوخێت ئەگەر خۆیان نەکەونە بارودۆخێکەوە کەناچاربن هەڵبژێرن لەنێوان کۆماری ئیسلامی و ئۆپۆزسیۆنەکەی ئەوەی کەبژاردەیانە هەر ئەو رژێمەیە، لەبەرئەوەی ئەو رژێمە دوو کاری زۆر گرنگی بۆ کردوون یان بۆیان دەکات یەکێکیان ئەوەیە کە ئینسیجامی وڵاتێکی بۆ راگرتوون یان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نەیهێشتووە پارچە پارچە بێت وەکو عێراق و لیبیاو لەژێر سایەی ئەو ئینسیجامەدا ئەوان دەتوانن بەرژەوەندییە درێژ ماوەکانی خۆیان باشتر بپارێزن، دووەمین شت کە بۆی دابینکردوون ئەوەیە کە ململانێی ناوچەیی دروستکردووە کەتیایدا ئەوان بەئارەزووی خۆیان چەک دەفرۆشن و بەملیارەها چەکیان بە عەرەبستانی سعودی و بەوڵاتانی خەلیج و بەشوێنی دیکە فرۆشتووە و بەردەوامیشن لەژێر راگرتنی هەڕەشەی ئێراندا، لەهەمانکاتدا کە زەرەرێکی گەورە بە ئابووری ئەوان ناگەیەنێت و دەرگایەکی گەورەی بۆ کردوونەتەوەو تەنانەت ژێر بەژێر معامەلاتیان لەگەڵ ئێرانیش بەردەوامەو بۆیە ئەگەر چاو لەبەرژەوەندیەکانیان بکەین بەهیچ جۆرێک بەرژەوەندی ئەوان لەگەڵ مانەوەی کۆماری ئیسلامی ناتەبا نییەو ئەگەر بەئارەزووی ئەوان بێت هەر کۆماری ئیسلامی هەڵدەبژێرنەوە بەڵام بۆچی ئێستا جاروبار هەڵوێست دەردەبڕن لەبەرئەوەی ئەوانیش دەزانن کە ئەگەر شەپۆل بەشەپۆل ئەو خەباتە بچێتە پێشەوە دەکرێت رێی هەڵوێست گۆڕین ئاسان نەبێت، بۆیە لەئێستاوە گۆشەنیگایەکیان بەرەو ئۆپۆزسیۆنە بۆ ئیحتیات بەرامبەر ئەو بارودۆخەی مومکینە لەکۆنترۆڵی ئەوان و کۆنترۆڵی کۆماری ئیسلامیش دەربچێت.

**هاوڵاتی**: هۆکار چییە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بەشێوەیەکی گشتی خۆتان وەک بەدیل نەناساندووە؟ هەروەها لەو ماوەیەی کە خۆپیشاندانەکان دەستپێکردووە هیچ کۆبوونەوەیەکی فراوانی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان کراوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: من پێموایە بەدیل لەدەرەوەی وڵات شکڵناگرێت و بەدیل لەناو جەرگەی خەباتی جەماوەردا وردە وردە سەرهەڵدەدات، ئەگەر قسە لەسەر گۆڕانکارییەکی شۆڕشگێڕانە یان دراماتیک لەدەزگای سیاسی ئێراندا بێت ئەوە لەئاکامی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی قوڵبوونەوەی ئەو خەباتەیە کەلەناوەوەیە، هۆکاری ئەوەی کە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی تائێستا نەیتوانیوە هێشتا ئەو لەحزەیەش لەرووی رێکخراوەیی و لەرووی نفوسی سیاسیشەوە لەگەڵ ئەو بزوتنەوەیە بێگانەیە، هۆکارەکەشی سەرکوتی ٤٣ ساڵەی کۆماری ئیسلامی ئێرانە ٤٣ساڵ کوشتن و بڕین و سەرکوت و زیندان و رێگای نەدا کە ئۆپۆزسیۆن رێگای خۆی بۆ ناو جەماوەر بکاتەوە، ئێستا بارودۆخەکە کەمێک گۆڕاوە و ئۆپۆزسیۆن کەوتۆتە خۆی هێشتا زووە بۆ ئەوەی بزانین ئۆپۆزسیۆنی دوورخراوەو دوورە وڵات چەندە پێگەو جێگەیان لەناو جەماوەر هەیەو چەندە دروشمەکانیان لێرە رەنگدانەوەی هەیە، سەبارەت بەکوردستان جیاوازی هەیەو کوردستان لەو ٤٣ ساڵەدا هەر بەرگری کردووەو حزبی سیاسی بەهێزو پەروەردە کردووەو حزبەکان کەم تازۆر متمانەی خەڵکیان راکێشاوە، بەڵام لەئاستی ئێراندا ئەو پێگەیەمان نیە.

سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەتان، تائێستا ئەوەندەی ئێمە بزانین هیچ کۆبوونەوەیەک لەلایەن بەرەی چەپ و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەرەی راستی ئەو ئۆپۆزسیۆنەی دەرەوەی وڵات پێکنەهاتووە، بەڵام لەنێو خۆیاندا هەردوولا بەرەی راست و بەرەی چەپ، بەرەی راست کەوتووەتەخۆ و پەلەیەتی کۆبوونەوەو دانیشتن دەکەن و بڕیار دەدەن، ئەو پەلەیە بەبڕوای من لە جێگەی خۆیدا نیە، مەبەست لەبەرەی راست وەکو لیبراڵییەکانی ئێران و وەکو موجاهیدینی خەڵق و سەڵتەنە تەڵەبەکان و گروپی تری دوورو نزیک لەوان، تەنانەت بەشێک لەکوردەکانیش ئەمانە بەناو کۆبوونەوە دەکەن بۆ شکڵپێدانێک بە بەدیل، بەڕای من ئەمە بە سادەیی خوێندنەوەی باروودۆخەکەیە کە پێت وابێت بەدیل ئاوا دروستدەکرێت، ئەوە لەوێناکردنێکدایە کە ئێمە چاوەڕوانی دووپاتبوونەوەی ئەزموونی عێراق بکەین لەئێران، بەڵێ ئەگەر قسە لەسەر ئەزموونی عێراق بکەین دەستتێوەردانی ئەمریکا هۆکار بوو بۆئەوەی ئەو ئەزموونە بەو عاقارەدا بەڕێت، چونکە ئەگەری نییە ئەزموونی عێراق لەئێران دووبارە ببێتەوە، بۆیە ئەو هەوڵانەی ئەوانیش بێ سوودە و تائەوکاتەی جەماوەر لەناوەوە رەهبەرانی خۆی و رێکخراوەکانی خۆی پێکنەهێنێت و وردە وردە دەموچاوەکان نەناسرێن و ناوەندەکانی رێکخستنی ئەو خەبات و سەرهەڵدانە خۆیان دەرنەخەن هیچ بەدیلێک بۆ داهاتووی ئێران شکڵناگرێت.

**هاوڵاتی**: بۆ ئەوەی ئەم خۆپیشاندان و ناڕەزاییانە سەرکەوتوو بێت دەکرێت چی بکرێت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئێمە بۆ سەرکەوتن پێویستیمان بەچەند شتێکە، یەکەم پێویستیمان بەکاتە بۆ ئەوەی خەڵک بتوانێت خۆی رێکبخات و بۆ ئەوەی هێزەکانی دوژمن ماندوو بکەین و بەئەوەی کەسایەتییەکانمان و حزبە سیاسییەکانمان لەسەر ئاستی ئێران متمانەی خەڵک بۆ خۆیان رابکێشن، دووەم نابێت خەڵک چاوەڕوانی سەرکەوتنێکی ئاسان بێت واتە بڵێین ئەمڕۆ و سبەینێ ئەم قەزیەیە تەواو دەبێت، دەبێت بڵێین بۆ ئەوەی ئەم سەرکەوتنە بەدەستبێت دەبێت گەلێک لەوەی ئێستا هەیە جەماوەری دیکە بەشداری بکات و دروشمی (ژن، ژیان، ئازادی) دروشمێکی سەرنجڕاکێشە بەڵام هەموو نیازو ئاواتەکانی سەرکوتکراوو هەموو مافە پێشێلکراوەکانی جەماوەری ئێران نوێنەرایەتی ناکات خەڵک مەعیشەتی دەوێت، خەڵک نانی دەوێت، ژیانی ئابوورییەکەی دارماوە دەبێت ئێمە رێگایەک نیشان بدەین کە بڵێین ئەو دەسەڵاتەی دوای کۆماری ئیسلامی دێت دەتوانێت لەو بوارانەدا ئاڵوگۆڕی جددی لەژیانی خەڵکدا پێکبهێنێت، ئێمە پێمان وایە ئەگەر ئەو زەمانەمان بەدەستەوە بێت و ئەگەر لە رەوتی رووداوەکان نە پێش کەوین و نە دوابکەوین داهاتوویەکی روون بۆ ئەو سەهەڵدانەی ئێستا بەدیدەکرێت.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی – ڕێکەوتی: ١٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# گەڕانەوەی شەقام!



ناسر باباخانی

ئەم بابەتە ڕێک سێ ساڵ لەمەوپێش نووسراوە لەگەڵ دۆخی شۆڕشی ژینا دەگونجێ.

« شەقام» بە تەنیا هەر شوێن نییە، شەقام واتا و مانای ڕاستەقینەی ژیانە. تەنیا شوێنێکە کە دەکرێ متمانەی پێبکەی. ئەوەی لە شەقام فێری دەبی لە هیچ شوێنێکی دیکە فێری نابی. هیچ زانکۆیەک، هیچ دەسەڵات و حکوومەتێک، هیچ مزگەوت و کلیسە و کەنیسەیەک وەک شەقام ڕاستگۆ نین. شەقام لە زەمەنیش ناچێ، چون هەموو کات و ساتەکانی لە هەموو قۆناغێکی تەمەندا هی تۆن، شەقام ئاوێنەی باڵانوێنی ڕووحی تاکەکانە لە نێو ئاپۆڕای خەڵکدا. تەنانەت ئەو کات کە بێدەنگی باڵی بەسەردا دەکێشێ،

لێوڕێژە لە وانە، بۆ فێربوون! لە شەقامدا خۆتی بە بێدەمامک، وەک هەزاران و سەدان هەزار کەسی دی، دێی و دەچی بەبێ جیاوازی لەگەڵ دیتران. شەقام دەریایە بۆ مەلەوانی ئازا و بەجەرگ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

(لە دەفتەری بیروەرەییەکانم)

١

ئەوەی لە شەقامەکانی شارەکانی ئێران ڕوودەدەن - لانیکەم تا ئەم ساتەوەختە - زیاتر لە سەرهەڵدان و شۆڕشی چینی هەژار و پێخواس و مامناوەندی ئێران دەچێ، کە گوشاری ئابووری بڕستی لێبڕیون. لە لایەکی ترەوە هەر لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم گوشار ئابوورییانەدا، فەساد و گەندەڵی بەرپرسانی باڵای حکوومەتی کۆماری ئیسلامی هەم خۆیان، هەم خزم و کەسی هەرە نیزیکیان، ئەم دژکردەوەیەی ئێستای شەقامەکانی ئێرانی لێکەوتۆتەوە. بەڵام ئەمە تەنیا بەرهەمی گوشاری ئابووری ئەم ماوەیەی ڕابردوو نییە، ئەمە بەرهەمی کەڵەکەبوونی گوشاری سیاسی و دارمانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی چل ساڵ حوکمڕانی کۆماری ئیسلامییە. دەنگ هەڵبڕین لە بۆشایی نایەتەدی، ئەم خۆپیشاندانانە باکگڕاوندێکی چل ساڵەی لە پشتە.

ئەوانەی گیانیان لەسەر دەستیان داناوە و بەرامبەر بە ڕژێمێکی دیکتاتۆر وەک کۆماری ئیسلامی ڕاوەستاون، زۆربەی هەرەزۆریان چینی هەژار و مامناوەندی کۆمەڵگای ئێرانن کە لەم دواییانەدا بە تایبەتی نادادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆتە هۆکاری یاخی بوونیان لەم سیستمە پاوانخواز و ملهوڕە.

کێرد گەیشتۆتە ئێسقانی خەڵک، ئەو ستەمەی لە خەڵکی ئێران دەکرێ، دەبێ خۆت بیچێژی ئەگینا ئازارەکانی دەکوتن نایە! وڵاتێکی دارماو و وێران لە هەموو ڕوویەکەوە. وڵاتێک کە نانی نییە بیدا بە خەڵکەکەی، کەچی بۆتە باوک و پشتیوانی سەرەکی تیرۆریستەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شەڕی بەوەکالەت لە تەواوی ناوچە دەکا، بۆیە گەورە تیرۆریستێکی وەک حەسەن نەسروڵڵا بەبەر چاوی خەڵکی دنیا ڕاشکاوانە دەڵێ: "بەڵێ، پارەی ئێمە، مووشەکی ئێمە... کۆماری ئیسلامی دابینی دەکا، حاڵی بوون؟"!

سەرنجڕاکێشە کۆماری ئیسلامی ساڵانە ٨٣٠ ملیۆن دۆلار بۆ حیزبوڵڵای لوبنان و ٣٦٨ ملیۆن دۆلار بۆ حەماس دابین دەکا!

٢

شەقام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زۆر جاران هەڵکشان و داکشانی بە خۆیەوە بینیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دایمە لەسەر



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خەت بووە، تەنانەت بەنیسبەت پارچەکانی تریشەوە... شەقامەکانی ڕۆژهەلات لە قالبی خەباتی مەدەنیدا بەردەوام داکۆکیان کردووە لە باشوور و باکوور و ڕۆژئاوا، لە بۆنە جۆربەجۆرەکانی ئەم پارچانەدا.

لە لایەکی تریشەوە لە قالبی نافەرمانی مەدەن(Civil Disobedience) دا لە ناوخۆی ڕۆژهەلات، بە بۆنەی تایبەتی، دووکان و بازاڕ دادەخا و مانگرتنی سەراسەری سازدەکا. لە ژێر زەخت و زەبروزەنگی دەسەلاتی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامیدا، بۆ تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوو، لە سێدارەدانی شەهید فەرزاد کەمانگەر، شەهید کردنی شوانەی سەید قادر، ئیعدامی ٥٩ لاوی شاری مەهاباد، مووشەکبارانی قەلای دیموکرات و... بوێرانە دەنگ هەلدەبڕێ و ماندەگرێ و تێچووی قورسیشی بۆ دەدا.

کۆی ئەم نموونانە گوزارە لەوە دەکەن، شەقام لە ڕۆژهەلات چەمکێکی جیاوازە. بوونەوەرێکی زیندوو کە هەندێ جار بە قەرەبالغی و هەندێ جار بە بێدەنگی دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی کیش و مات دەکا و پلان و پیلانەکانی پووچەل دەکاتەوە! شەقام تەنیا شوێنێکە کە کۆماری ئیسلامی زراوی لێ چووە!

**٣**

گرانبوونی کەلوپەل بەتایبەتی بێنزین - وەک هێمایەک بۆ گرانی شتومەک - هۆکاری ڕژانە سەر شەقامی خەلکی ئێرانە! دیارە تووشی هەلە دەبین ئەگەر لێکدانەوەکەمان هەر بە هۆکاری ئابوورییەوە سنووردارکەین و لە کێشە سیاسی و کۆمەلایەتییەکانی کۆماری ئیسلامی خافل بین.

بەهەرحال ئەم دەنگهەلبڕینانە بەڕای من دواجار لانیکەم زۆر هاوکێشە لە ناوخۆدا دەگۆڕن، کە گرینگترینیان گەڕانەوەی شەقامە بۆ خەلک. خەلک لە هەموو دنیادا خاوەنی شەقامن، شەقام گەورەترین هێزە بەرامبەر بە چواردیوارییەک کە خاوەن دەسەلاتەکان خۆیانی تێدا حەشار دەدەن. کەوابوو لەمەو بەدوا ئیتر ترسەکە ڕژاوە و شەقام هی خەلکە و هەر کات مەیلیان لەسەر بێ و ئیرادە بکەن دەتوانن بڕژێنە سەر شەقامەکان، ئەمە ڕێک ئەو دیاردەیە بوو کە چل سالە کۆماری ئیسلامی بە تەواوی توانایەوە حەولی بۆ دەدا نەیەتەدی و نەبێتە ئەمری واقیع، بۆ ئەم مەبەستەش لە هیچ چەشنە سەرکوت و زیندان و کوشتنێکیش دریغی نەکرد. خەلک دوو سال لەوەپێش شەقامیان ئەستاندەوە و ئەمە گرینگترین دەسکەوتی ئەم ڕاپەڕینەی دوایی بوو!



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٤

ئەگەرچی بزووتنەوەی سەوز لە ساڵی ٢٠٠٩ سنوورەکانی ڕیفۆرمخوازی تێنەپەڕاند و دروشمەکانی چاکسازی بوو لە ناو پێکهاتەی دەوڵەت و حکوومەتدا، بەڵام لەم بزووتنەوە نوێیەکەی دێسامبری ٢٠١٧ دا، ویستی خۆپیشاندەران ئەوە بوو: سەرجەم ڕیفۆرمخواز و توندئاژۆ بەیەکەوە بە دۆڵێدا! واتە ئەم جارەیان خەڵک ئیتر لە ڕووحانی و خامنەیی تێپەڕاند.

چون بە باوەڕی من شیلەی هەموو هاتنە سەر شەقامێک، دروشمەکانێتی کە ئاراستەی دەسەڵات دەکرێ. خوێندنەوەیەکی هێماناسانە بۆ دروشمەکان دەمانگەیەنێتە دوو ئەنجامی گرینگ: یەکەم ڕەخنەی توند لە سیاسەتی درەوەی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت دەستێوەردانی لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی دەرودراوسێ و مەسرەفی پارەی خەڵک بۆ ئاژاوەنانەوە و سازکردنی ناسەقامگیری لە ناوچە، ڕێک ئەو شتەی چل ساڵە حوکمڕانانی کۆماری ئیسلامی لە ژێر سەردێڕی ستراتیژی هەناردەکردنی شۆڕش دەرخواردی خەڵکی دەدەن. دووهەم ئەوە بوو کە خوازیاری ئەوەن کە حکوومەت، بەرگی مەلایەتی فڕێ دا و بە مانایەکی تر نەمانی حکوومەتی ئیسلامی.

٥

بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشی فەرەنسا وەک گەورەترین شۆڕشی مێژووی مرۆڤایەتی، دوو هۆکاری سەرەکی ڕەچاو دەکرێ. یەکەم بوونی پاشخانێکی ڕۆشنبیری مێژوویی لەم وڵاتەدا و دووهەم گرفت و کێشەی ئابووری. ئەم بزووتنەوەیەی ئێستا لە ئێران سەریهەڵداوە لەبری پاشخانە ڕۆشنبیرییەکەی فەرەنسا، ئەوە سۆشیال میدیایە کە ئەم بۆشاییەی بۆ پڕدەکاتەوە و لەباری ئابوورییشەوە هەموومان دەزانین کە ئێران چەندە کاول بووە!

شۆڕشی فەرەنساش سەرەتا ڕێبەری نەبوو، خاوەنی نەبوو، بەڵام دواتر بوو بە خاوەن سەر و لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونیدا خۆی ڕێکخست. توندوتیژییەکانی سەرەتای شۆڕشیش کە بە هێرشکردن بۆ سەر بەندیخانەی باستیل دەستی پێکرد لە ڕاستیدا هێرش بۆ سەر نمادی ستەم و نادادپەروەری بوو. ڕووخانی باستیل، ڕووخانی هەیبەتی دەسەڵات بوو. وەک چۆن شۆڕشی فەرەنسا بەرهەمی ساڵ و دوو ساڵ و سێ ساڵ نەبوو بەڵکوو بەرهەمی هەفتا هەشتا ساڵ کەڵەکە بوونی گرفتەکانی کۆمەڵگای فەرەنسا بوو، بزووتنەوەی نوێی خەڵکی ئێرانیش بەرهەمی چل ساڵ کەڵەکە بوونی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کۆماری ئیسلامییە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕەنگە تەنیا شتێک کە ببێتە هۆی ئەوە کە دەرئەنجامی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، یەک ئاکامی لێکچووی لەگەڵ شۆڕشە سەرکەوتووەکانی دنیا لێنەکەوێتەوە ئەوە بێ کە ئەو بزووتنەوانەی لە ئێران ڕوو دەدەن لەبەر بەردەوام نەبوونیان، لەبەر ئەوەی لە یەک قۆناغی زەمەنی کورتماوەدا ڕوو دەدەن، زۆر زوو سەرکوت دەکرێن و دواجار وەک ویستێکی سیاسی - کۆمەڵایەتی مێژوویی دەمێننەوە.

٦

حەولێکی بێ ئاکام و بێ ئەنجامی لانیکەم بیست ساڵی ڕابردوو لە قالبی ڕیفۆرمخوازیدا، (دوو دەیەی پێشتریشی لێ زیاد کەن) بۆتە هۆی ڕژانی خەڵک بۆ سەر شەقامەکان. نادادپەروەری کۆمەڵایەتی، گەندەڵی ئابووری و ئیداری، بێکاری، نەداری، ژیان لە ژێر هێڵی هەژاری، هەڵاواردن و... هەموو هۆکارن بۆ سازبوونی ئەم دۆخە، کەوابوو دەکرێ بڵێین لەگەڵ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەرەوڕووین کە لە دۆخی هەنووکەیی یەکجار تووڕەیە.

ئەم دەنگ هەڵبڕینانە، ئەم خۆپیشاندانانە و بە گشتی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ڕاستە بێ سەرە و ڕێبەری نییە، بەڵام سۆشیال میدیا دەتوانێ جۆرێ یەکێتی سەرانسەری ساز بکا کە بە تەعبیری مانوئێل کاستێلز وەک تۆڕێکی بەربڵاو و دووروودرێژ "هیوا" و "تووڕەیی" لە هەناوی یەکتردا کۆکاتەوە. ئەگەرچی شوێنی لۆکاڵی سەرهەڵدان شەقامە و تووڕەیی خەڵک لەوێ خۆدەردەخا، بەڵام سۆشیال میدیا شوێنی کۆبوونەوەی سەرانسەری و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانە و هیوا بە داوارۆژێکی باشتر. بۆیە ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە دەبێ هەر دوو ڕەهەندی باسکراو لەبەرچاو بگرێ.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ژن، ژیان، ئازادی




**دیداریک لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە سکرتێری کۆمەڵە**

**لە بارودوخیکی جیاوازدا**

**لە ئامادە کردنی : ئامانج علیدوست**

لەم دیدارەدا بابەتێکی جیاواز بەرچاو دەکەوێت، لە هەلومەرجێکدا کە ڕووداوگەلی گەورەی وەکو خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی خەڵکمان چاو لێیە لەسەر شەقامەکان، هاوکات لەگەڵ ئاگر تێبەردانی زیندانی ئەوین، ئەم ڕووداوانە لە (١٩ - ٦) واتا مانگێک پێش ئێستا، بە هۆی ڕاگەیاندنی مەرگی (ژینا ئەمینی) یان (مەهسا ئەمینی) ڕوویانداوە، کە دواجار هاوپشتی و خۆپیشاندانی سەرتاسەری جیهان و بە تایبەتی ئێران و کوردستانی بە خۆیەوە بینی.

مەرگی (ژینا ئەمینی) شۆڕشی خەڵکی ئێرانی بردە جێگایەک، کە هەموو خەڵکی ئێران و کوردستان ببنە پێشەنگی ئەم شۆڕشە و هاوسۆزییەکی گەورەی ناوچەیی و نێودەوڵەتیشی پەیوەست کرد بە خۆیەوە، کە لە مێژووی سیاسی نوێی ئێراندا بێ وێنەیە و چاوەکان لەسەر ئەون، تا کۆتایی بە دەسەڵاتی چل ساڵەی ئێران بهێنێت.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەوەی لێرەدا دەیخوێنینەوە، دەقی وتووێژێکی گرنگە، سەبارەت بەو ڕووداوانەی چل ڕۆژی ئێران و خۆپیشاندانەکان و تۆپبارانی بنکە و بارەگاکانی کۆمەڵە و لایەنە سیاسییەکانی تر لەگەڵ هاوڕێ (ئیبراهیم عەلیزادە - سکرتێری کۆمەڵە).

ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

* لە ڕووداوەکانی یەک مانگی ڕابردوو، ئێوە کەوتوونەتە بەردەم دوو ئەگەر، یەکێکیان هێرش، پەلامار، تۆپباران و وێرانکردنی بارەگاکانتانە، کە بێگومان ئەوەش مەترسی و نائارامی بۆ دروستکردوون، لەلایەکی تریشەوە خۆشحاڵی بۆ دروستکردون بەرامبەر ئەو خۆپیشاندان و نارەزایەتییە جەماوەرییە، کە ڕەنگە سەر بکێشێت بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئێوە لەنێوان ئەم دوو لێکدانەوەیە، کامیان بە دروستتر دەزانن؟ بۆچوون و پێشنیاری ئێوە لەمبارەیەوە چییە؟

- ئەو ڕووداوانەی ئێستا لە کوردستان و ئێران ڕوودەدەن، ڕووداوگەلێکن کە ئێمە نزیکەی (٤٣) ساڵە، هەم چاوەڕێی دەکەین، هەم هەوڵی بۆ دەدەین، بۆیە جێگەی دڵخۆشی و ئومێدی ئێمەن. بۆمبارانکردنی بارەگا و هێرشی چەکداری بۆ سەرمان ئەو مەترسییانەن کە بەهۆی ئەو سەرهەڵدانە لە کوردستان و لە ئێران لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە مەبەستی دیاریکراو روو دەدەن و دەبێت ئەوانەش تێپەڕێنین، ئەو مەترسییانە شتێکی لاوەکیین، هەرچەندە دەبێت بۆ ئەوانەش رێگە چارەمان هەبێت. لەگەڵ حکومەتی هەرێم لەم بارەیەوە لێکتێگەیشتنمان هەیە. ئێمە کێشەی نەخوازراو بۆ ئەوان ناخوڵقێنین و ئەوانیش رێگر نابن لە چالاکی سیاسی ئێمە.

سەبارەت بە سەرهەڵدانی جەماوەری لە ئێران پێویستە ئەو راستییە بزانین، کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕۆژی هاتنە سەرکارییەوە تا ئەمڕۆ، لە هیچ قوناغێکدا ڕژێمێکی سازگار و گونجاو نەبوە لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێران، کۆمەڵگەی ئێران زۆر لەوە پێشکەوتووترە، کە کۆنەپەرستییەکی وەها مەزهەبی و دەمارگرژ گونجاو بێت لەگەڵ رادەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لەو وڵاتە، یەکەم شۆڕش بۆ دیموکراسی و ئازادی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئێران سەریهەڵدا، ئامانجی شۆڕشی (٧٩)ش ژیانی باشتر، ئازادی و دیموکراسی بوو، بەڵام لەبەرئەوەی هۆکارەکانی سەرکەوتنی فەراهەم نەبوو، بەو ئاقارەدا ڕۆیشت. دەمەوێت بڵێم، ئەو سەرهەڵدانە جەماوەرییەی ئێستا تا ڕادەیەکی زۆر چاوەڕوانکراو بوون، هەرچەندە کەس چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد، بە مەرگی مەزڵومانەی (ژینا ئەمینی (و بە دروشمی (ژن، ژیان، ئازادی) دەستپێبکات، بەڵام هەموو کەس چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد، دارمانی ئابوری، بێکاری، هەژاری و بێ ئاسۆیی لاوان، نەبوونی ئازادی و دیموکراسی، ئەو هەموو فشارە بۆ سەر ژنان، بۆ سەر لاوان بۆ سەر کرێکار، تەقینەوەیەکی وەهای لێبکەوێتەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

* چۆن بوو بەهۆی مەرگی (ژینا ئەمینی)ییەوە تەقییەوە؟ لە کاتێکدا پێشتریش زۆرجار ژنانی کورد و ئێرانی، بەوشێوەیە تیرباران کراون، کوژراون، تیرۆر کراون، بەڵام ئەم سەدا و دەنگدانەوە گەورەیەیی نەبوو، هەندێک دەڵێن "قوربانییەکە ژنێکی کوردە، زۆرتر دەور و ئەقشی کوردی پێوەیە، لەهەمانکاتدا زۆرتر بەرپرسیارێتی دەخاتە سەر کورد"، لەمبارەیەوە مەرگی (ژینا ئەمینی) چۆن دەبینین؟ بۆچی ئەو رووداوگەلە گەورەیەی لێکەوتەوە؟ هەرچەندە من پێموایە هاوشێوەی خۆسوتانی (محەمەد بوعەزیزی)یە لە تونس، کە چەخماخەی بەهاری عەرەبی بوو؟

- ئەوە ڕاستە، بە درێژایی ئەم (٤٣) ساڵە بەردەوام خەڵک ناڕازی بوون و ئەو نارەزایەتییەشیان دەربڕیوە، پێش هەموو شتێک (٨) ساڵ شەڕی ئێران و عێراق کاریگەری هەبوو لەسەر دواخستنی ئەو سەرهەڵدانە، لەژێر بومباران و موشەکباران، لە کاتێکدا کە کارگا و کارخانەکان و قوتابخانە و زانکۆکان داخرابوون و کرێکاران ڕاپێچی مەیدانی شەڕ دەکران، مەجال بۆ سەرهەڵدانی جەماوەری نەبوو. داخوازییەکانی خەڵک گوازرایەوە بۆ دوای شەڕ، دوای شەڕ کۆماری ئیسلامی داوای لە خەڵک کرد، کە مۆڵەتی پێبدەن، تا وێرانکارییەکانی شەڕ قەرەبوو بکاتەوە، خەڵک وتیان: (ڕەفسنجانی) دەوڵەتی بنیادنەر دادەمەزرێنێت،(٨) ساڵ مۆڵەتییاندا، دوای ئەو ماوەیە نارەزایەتی دەربڕین دەستی پێکرد، ئەوجار بەڵێنیاندا کە چاکسازی سیاسی بکەن، (٨) ساڵیش خەڵکیان بە چاکسازیەکەوە سەرقاڵ کرد و هەرگیزیش نەیانکرد. دوای ئەووش هیچ قۆناغێک نییە، جەماوەری خەڵک بێدەنگ بوو بێت، بەڵام لە ساڵی (١٣٩٦)ەوە ڕەوتەکە گۆڕا، خەڵک ئومێدی ئەوەی لەدەستدا، کە لە ڕێگەی هەڵبژاردن، دەنگدان و چاکسازییەوە گۆڕانکاری بکرێ، کە ئەو ئومێدەی لەدەستدا و ڕیفۆرمخوازیی حکومەتی باوی نەما، خەبات و بەرخۆدان ڕاستەوخۆ ڕووی لە دەسەڵات کرد. داخوازییە ئابورییەکان زیاتر هاتنەروو، گران بوونی بەنزین لە ساڵی (١٩٩٨) سەرهەڵدانێکی گەورەی لێکەوتەوە، کە (١٥٠٠) کەس گیانی بەختکرد، دواتریش کێشەی ئاو و خستنە خوارەوەی فڕۆکە ئۆکرانییەکە بە موشکی سوپای پاسداران، واتا خەڵک بەردەوام قۆناغی نوێی تاقیکردۆتەوە، هەموو ئەمانە بوون بە بەستێنی ئەو تەقینەوە کۆمەڵایەتییە.

ژینا، کچێکی کوردی لاو کە لەگەڵ برا و کەسوکاری بۆ چەند ساتێک حەسانەوە چوو بوونە تاران، لەوێ بە ناحەق و تەنها لەسەر چەند تاڵە موویەکی قژی کوژرا. ئەو بابەتەی (مەهسا)ی لەسەر کوژرا، کێشەی هەموو ژنێکی ئێران بوو. چەند شت پاڵپشتی یەکبوون، تا ئەو مەرگە ببێت بەهۆی چەخماخەی ئەو شۆڕشە:

**یەکەم**: شێوازی کوشتنی ژینا.

**دووهەم**: خۆڕاگری بنەماڵەکەی، کە ڕێگەیان نەدا ڕۆڵە بە ناحەق کوژراوەکەیان لە شەوێکی تاریکدا بە نهێنی ئەسپەردە بکرێ.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**سێیەم**: خرۆشانی خەڵکی شاری سەقز لە رۆژی ناشتنیدا، کە دروشمی (ژن، ژیان، ئازادی) لەوێ بەرز کرایەوە.

**چوارەم**: مانگرتنی گشتی خەڵکی کوردستان، بەشێوەیەک کە جیهانی لە ئاستێکی گەلێک بەریندا لێ ئاگادار کرد.

ئەم چەند رووداوە کە دەستیان خستە ناو دەستی یەک، لەسەر بنەمای ئەو بارودۆخەی کە باسکرا لە ئاستی ئێراندا وەڵامی وەرگرتەوە.

* ئەو دروشمە زۆر گرنگبوو، لە هەموو جیهان دەنگدانەوەی هەبوو، هەندێک پێیانوایە ئەو دروشمە، دروشمی (عەبدوڵلا ئۆجەلان)ە، یان ئەو بەکاریهێناوە، بەڵام لە (١ - ٢) رۆژی رابردوودا، هەم (خالید عەزیزی - وتەبێژی حدکا)، هەم (رەزا پەهلەوی) رەتیان کردەوە، کە دروشمی تایبەت بە کەسێک بێت، پێیانوابوو دروشمی ئەم خۆپیشاندانانە بوە، ئێوە پێتانوایە ئەوە دروشمی پەکەکە و پژاکە، یان خۆرسکانەیە؟

- ئاشکرایە ئەم دروشمە بەشێوەیەکی روون و بەرچاو، لە ئەدەبیاتی پەکەکەوە سەرچاوەی گرتوە، لە هەرەتی گەشەی بزوتنەوەی رۆژئاوا و دەوری ژنان تێیدا هاتە گۆرێ، پاشان یەکەم یاسای ئازادی ژن لە رۆژئاوا دەرچوو، لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەراست دەنگیدایەوە، واتا کەس ناتوانێت ئەم مێژوە بە مەیلی خۆی بنوسێتەوە، حەقیقەتە و ناگۆرێت، راستە زۆر کەس دروشمی (ژن، ژیان، ئازادی) دەڵێت، گرنگ نییە کێ وتوویەتی، گرنگ ئەوەیە لە کوێ بوە بە دروشمێکی جەماوەری، هەر وەک چۆن شاعیرێک، شیعرێک دەڵێت، دواجار لە سەر بەستێنێک گەورە دەبێتەوە، راستە بەشێک لە شانازییەکە دەچێت بۆ شاعیرەکە، قسەیەکی باش لەلایەن یەکێکەوە دەکرێت، زەمینە پەیدا ناکات و ون دەبێت، بەڵام لە هەلومەرجێکدا دەدرەوشێتەوە، قسەکەر و شاعیر دەتوانن بەشی خۆیان شانازی پێوە بکەن، بەڵام شانازی سەرەکی بۆ دروشمی (ژن، ژیان، ئازادی) بۆ دوو راستی دەگەرێتەوە:

بۆ بزوتنەوەی رۆژئاوا، کە ژنان لە ئاستی جەماوەریدا هاتنە مەیدانی خەباتێکی سەرسەختانە لەگەڵ هارترین کۆنەپەرستی ئەو ناوچەیە و هەروەها بۆ بزوتنەوەی ژینا کە هەموو ئێرانی گرتۆتەوە.

* نەفی کردنی ئەم دروشمە لەلایەن ئەو هێزانەوە، ئەوەمان پێناڵێت کە هێشتا ئەم هێزانە یەکتر قەبوڵ ناکەن و یەکگرتوو نین، هێشتا کەلێن و تێروانینی جیاواز لە نێوانیاندا هەیە، کە لانیکەم دەبوو سەبارەت بەم بارودۆخە یەکگرتوانەتر قسە بکەن، ئەو دروشمە هی هەر کەسێک بێت، مەبەستم ئەوویە، ئەگەر ئەم قسانە سادەش بێت، بەڵام ئەو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**بۆچوونە گشتییە گرنگە، کە پێیوایە ئەم هێزانە یەکگرتوو نین، بە تایبەت لە ڕووداوگەلی وەهادا؟**

- ڕاستە، هەم یەکگرتوو نین، هەم ئەو جۆرە پێگرییە ناسیاسیانە بەرژەوەندی دیاریکراوی لە پشتە، هەر دەستکەوتێک لە پێناوی بەرەوپێش بردنی کۆمەڵ لە هەر شوێنێک بەدەست هاتبێ، دەبێ وەکو دەستکەوتی مرۆڤایەتی سەیر بکرێت، ئەوانەی بە پێچەوانەوە بیر دەکەنەوە، پێشکەوتنخواز نین و نایانەوێت هەموو دەستکەوتی مرۆڤایەتی بخەنە سەر یەک، بۆ ئەوەی هەنگاوێک مرۆڤ بەرەو پێش ببەن، وەکو ئەوە وایە دەست بەسەر ماڵ و موڵکی خۆیاندا بگرن، ئەوە بەرچاو تەنگییەکی وردە بۆرژوایانەیە، تەنانەت بۆرژواییانەش نییە، چونکە سەرمایەداری ئێستا جیهانگیرە، سەرمایەدار بە تەبیعەتی بەرژەوەندی ئەمرۆی خۆی جیهانیانەتر بیر دەکاتەوە و دەستکەوتەکانی تێکەڵ دەکات و لە هەموو دەستکەوتێک سوود وەردەگرێت.

**⁕ وتت: نەفی کردنی ئەو دروشمە، بەرژەوەندی لەپشتە، مەبەستت لە چییە؟**

- بۆ کەسێکی وەکوو ڕەزا پەهلەوی ناسیونالیزمی بەرچاوتەنگی ئێرانی لە پشتەوەیە.

ئەوانەش کە لە کوردستان، ئەو جۆرە قسانە دەکەن، بەرژەوەندی زۆر بەرچاو تەنگی حیزبیان لەبەرچاوە، ئەوەش کە من لەگەڵ حیزبەکەی پاڵ دەستی خۆم ناتەبام، یان ناکۆکم، لە بایەخ و قورسایی دروشمێکی جەماوەری کەم ناکاتەوە.

**⁕ لە (١٦ - ٩) مەرگی (مەهسا ئەمینی) ڕادەگەیەنێرێت، بەڵام لە (١٧ - ٩) خۆپیشاندانێکی هاوپشتی سەرتاسەری جیهانی بۆ مەرگی (مەهسا) ڕادەگەیەنێرێت، لە کاتێکدا لە ماوەی ئەو (٤٠) ساڵەدا، بە سەدان قەتڵ و عامی گەورەتریش کراوە، ئەو هاوپشتییە جیهانییە چۆن دروستبوو؟ بەرنامە بۆ داڕێژراو بوو؟ ئێوە وەکو ئەحزابی سیاسی ئێران و ڕۆژهەڵات بە تایبەتی ئێوە وەکو کۆمەڵە، دەور و نەقشتان هەبوو لەو بابەتەدا؟**

- هەروەک باسم کرد چەخماخەی ئەو شۆڕشە دوای مەرگی ژینا، هەموو ئان و ساتەکانی ووشیارانە و بەپێی بەرنامەی دیارکراو چۆە پێشەوە، بەبێ ئەوەی کەس بزانێت ئەوە دەبێتە سەرەتای شۆڕشێکی گەورە. پێشتر لایەنەکانم باسکرد. تا ئێرەی پێموایە دەوری کۆمەڵە لە ئاستی شاری سەقز و دواجاریش لە مانگرتنی گشتیدا حاشاهەڵنەگرە. لەمەبەدوا لە کوردستان دەوری حیزبە سیاسییەکانی چالاک لە کوردستان بە گشتی بەرجەستە دەبێتەوە، بەڵام لە ئاستی هەموو ئێراندا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەوری هیچ حیزبێکی دیاریکراوی ناسراوی ئۆپۆزسیۆن بەڕوونی نابینین.

سەبارەت بە کاردانەوەی جیهانی ئەو سەرهەڵدانەش، حەرەکەتەکە بەرە بە بەرە کەوتە ڕێگە. ئێمە لە یەکەم جەریانەکان بووین، کە وتمان: کۆبونەوەی چەند کەسی چەپ لە بەردەم باڵوێزخانەکانی ئێران، نەک هەر هێز و توانا بەو بزوتنەوەیە لە ئێران نابەخشێ، بەڵکو دەبێتە نمایش کردنی لاوازیمان. دەبێت بڕۆین بەرەو ئەوەی کە جەماوەری ئەو وڵاتانە و جەماوەری ئێرانیش بخەینەڕێ بۆ ئەو پشتیوانییە، بەڵام دەبوو تەنها بیر لە جیاوازیەکانمان لەگەڵ ئەم و ئەو نەکەینەوە، گرنگ بوو ڕەوتێکی گەورەی جیهانی بکەوێتە ڕێ، جا هەر کەس با بە دروشم و ئاڵای خۆیەوە بێت، ئێمە لە بانگەوازەکانمان بۆ دەرەوەی وڵات وتمان، کە کاتێک (جۆرج فلوید)ی ڕەش پێست لە ئەمەریکا مەزڵومانە کوژرا، بزوتنەوەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی لە هەموو دونیا بۆ کەوتەڕێ لە دژی نەژاد پەرستی، سەرئەنجام دەوڵەتی ئەمەریکای ناچارکرد، کە لەو بارەیەوە کۆمەڵێک ڕێکار بگرێتەبەر.

قەتڵی ژینا هیچ شتێکی لەوە کەمتر نییە، ئەگەر بۆ (جۆرج فلوید) وەها بکەن، بۆچی بۆ (مەهسا) نەیکەن؟ بە خۆشیەوە ئەوە کەم و زۆر ڕوویداوە و ئێمە ئەمڕۆ شاهیدی ئەو حەرەکەتەیەن، کە لە ئاستی جیهاندا بۆ پشتیوانی لە سەرهەڵدانی ئێران لە ئارا دایە.

* جگە لەوەی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان لە مەریوان بۆ ڕشت و مازندەران، لە زاهیدانەوە بۆ ورمێ ڕۆیشتوە، هەندێک بۆچوون دەڵێن "(١٣٠) پارێزگا و شارۆچکەی ئێرانی گرتۆتەوە"، بۆ ئەو کارە، چ لەناو ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ نمونە هەم ناوەندی بڕیار، هەم ئێوە کە لە دەرەوەی ئەو ناوەندەن، لەگەڵ سازمان و ڕێکخراوە ئێرانییەکانی وەک (ڕەزا پەهلەوی، سەڵتەنەت تەڵەب، لیبراڵەکان، سازمانی موجاهیدینی خەڵق) هیچ هەماهەنگی و کارێکتان کردوە؟ وادەبینرێت کە هەمانگییەک هەبێت، بە پێچەوانەی پێشتر پەیوەندییەکانتان گەرم و گورتر بوە، لە کاتێکدا پێشتر ڕێکخراوە ئێرانییەکان دانیان بە مافەکانی کورددا نەدەنا، هەتا لە چەمکی فیدراڵیش نیگەران بوون، بەڵام ئێستا دروشمەکان لە گەیلانەوە دەڵێن "ئەوە دەکوژم، کە خوشکەکەمیان کوشت"، لە بلوجستان دەڵێن "ئێمە پشتیوانی لە خەڵکی سەقز و سنە دەکەین"، ئەم یەکگرتوویی بوونە، هی گەورەیی کارەساتەکەیە، یان دەور و نەقشی ئەم هێزانەی تێدایە، کە هەوڵیانداوە لە بەرامبەر ئەم ڕووداوگەلە گرنگەی کە هەیە، ناکۆکییەکانیان بخەنەلاوە؟

- بەداخەوە دەور و نەقشی ڕێکخراوەکان، تا هەفتەی دووهەمی کارەساتی کوژرانی ژینا بەرچاو نەبوو، لە ڕێکخستنی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خۆپیشاندانەکاندا لە دەرەوەی وڵات ناکۆکی نێوان گروپە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆن هەروا بەرچاوە. تەنانەت ئەوانەی کە گوایە هاوپەیمانن، ژێر بە ژێر پاشقول لەیەک دەگرن، هێشتا ڕۆحی سێکتاریزم، سازمان پەرستی و بەرژەوەندیخوازی لەنێویاندا زاڵە، هێشتا ئەو بزوتنەوە گەورە کۆمەڵایەتییەی لە ناوەوە لە ئارادایە، نەیتوانیوە ئەو سوننەتە فکر و فەرهەنگەی لە ماوەی (٣٠ - ٤٠) ساڵی پێشوو لە ئارادا بوە، لەناو بەرێت، بۆیە هێشتا ئەو یەکگرتووییە نییە، کە ئێوە باسیدەکەن.

بەڵام لە ناوخۆیی وڵات بە پێچەوانەوەیە، ئەو خەڵکانەی کە دێنە سەر شەقام، لە خوێندکاری زانکۆوە بیگرە تا دەگاتە خەڵکی ئاسایی شەقامەکان، کەس لە کەس ناپرسێت، کە چ بیروباوەڕێکی هەیە، ئاڵای کامەیە، کەس فکری کەسی دیکە ناخوێنێتەوە، جەماوەری خەڵک باش دەزانن، کە بەرانبەر بە دوژمنێکی غەدداری ڕێکخراوی چەکدار، دەبێ یەکگرتوو بن.

ئەم ڕۆحیەتە، هێشتا ماوەیەتی بگوازرێتەوە بۆ دەرەوەی وڵات، بەڵام لە کوردستان بە تایبەتی، مەسەلەکە جیاوازی هەیە، لە کوردستان بەردەوام پێشینەی هاوکاری هەبوە، فشاری جەماوەری بۆ ئەو جۆرە هاوکارییانە بەردەوام بوە، لەژێر ئەو فشارە جەماوەرییەدا، حیزبە سیاسییەکان ئەگەر بە مەیلی خۆشیان نەبوو بێت، ناچار بوون ڕەچاوی بکەن، بۆیە لەدوای کوشتنی (ژینا)، بڕیاری گشتی مانگرتن دەردەچێت، دوای ئەوەش جۆرێک لە هەماهەنگی لە نێوان حیزبەکان دروست دەبێت. ئەم ئەزمونە هێشتا نەگوازراوەتەوە بۆ هەموو ئێران.

بە گشتی لە ئاستی ئێراندا، ئەحزابەکانی وەکو سەڵتەنەت تەڵەب و بەشی لیبراڵەکانی ئێران، هێشتا ئامادە نین، مافی ڕەوای خەڵکی کورد بە ڕەسمی بناسن، ئەو یەکگرتوویە کاتێک پێکدێت و پتەوتر دەبێت، کە ڕاشکاوانە پشتیوانی بکەن لە مافە زەوت کراوەکانی خەڵکی کوردستان. کاتێک هێزە سیاسییەکانی کوردستان بڕیاری مانگرتنی گشتییاندا، ڕەزا پەهلەوی داوای ماتەمینی سەرتاسەری کرد، لە کاتێکدا دەیتوانی بڵێ "پشتیوانی ئەم مانگرتنەم"، بەڵام لەبەرئەوەی تەوژمی ئەو سۆزەی کە (مەهسا) دروستیکرد بوو لە هەموو ئێران، زۆر بەهێز بوو، ناچار هەم دەبێت کارێک بکات، هەم بە بۆچوونی خۆی ئیمتیاز نەدات بە کوردەکان، مانگرتنەکەیان بە ڕەسمییەت نەناسێ، ئەمە نیشانی دەدات، کە ڕۆحێکی شۆڤێنستی زۆر بەهێز لەناویاندا زاڵە. ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان لەگەڵ ئەوانە نییە و پەیوەندییەکەمان لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانی چەپ و کۆمۆنیستی ئێران و حیزبە سیاسییەکانی چالاک لە کوردستانە.

*** گوێت لەو دروشمانە بوە، کە ئێستا لە ئێران ئینتەرناسیۆنال بڵاودەبێتەوە، ئەو دروشمانە چی لای تۆ دروستدەکات؟ حەماسەت، یان خۆش باوەڕی، یان ئومێدی گەورە؟**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

- ئەو سەرهەڵدانەی کە ئەم دروشمانەی بەرز کردۆتەوە، بزوتنەوەیەکی زۆر ڕەوا و پێشکەوتنخوازە، ناوەڕۆکی واقیعی دروشمی (ژن، ژیان، ئازادی) چەپە، بەڵام هێشتا ئەو جەماوەرەی کە ئەگەر بێنە مەیدان، دەتوانن پشتی ئەو ڕژێمە بشکێنن، نەهاتوونەتە مەیدان، هەنگاوی دواتر ئەوەیە، کە دەبێت لە بزوتنەوەی جەوانان و دەیەی هەشتاکان تێپەڕبین، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم دروشمانە هاندەرن، لە هەمانکاتدا بۆ سەرکەوتن، دەبێت ئەم بزوتنەوەیە شان بە شانی ئەو دروشمانە، دروشمی دیکە بهێنێتە گۆڕێ تا نیشانی بدەن کە ئەو شۆڕشە تەنیا بۆ ڕوخاندن نییە، بەڵکو لە هەمانکاتدا بۆ بنیاتنانی ژیانێکی باشتر و وڵاتێکی ئازادە و پلان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی تەندروستی داهاتووی ئەو کۆمەڵگەیە.

دروشمی (ژن، ژیان، ئازادی)، دروشمێکی گشتیتر، هاندەرێکی سەرەتاییە بۆ تەعبیرکردن لە ویست و داخوازییە گشتییەکانی خەڵک، پێمواية دەبێت دروشمی دیکەش بێتە گۆڕێ و نابێت ڕێگە بدەین کە تەنها بزوتنەوەی لاوان بێت، کۆماری ئیسلامی لای وایە کە ئەمە سەربزێوی جەوانانە و کۆتایی پێدێت. پێویستە دایکان و باوکان لەگەڵ لاوەکان، شان بە شانی یەکتر کاربکەن، لە ئەزمون، عەقڵ و تواناکانی خۆیان کەڵک وەربگرن، لاوەکان بە تەنها لە سەرشەقامەکان نەبن، پێویستە کرێکاران بە گەرموگوڕی بەشداری تێدا بکەن.

* تۆ جانتاکەت پێچاوەتەوە بڕۆیت بۆ مهاباد؟

- ئەوە ئاواتی هەمیشەیمانە، گرنگ جانتاکەی من نییە، گرنگ ئەوەیە، ئەوەی کە کۆمەڵە هەر ئێستا لەوێیە، ئەو حەرەکەتانەی لە کوردستان بەڕێوەدەچێت، دەور و نەقشی کۆمەڵەی پێوە دیارە، بوون و حزوری کۆمەڵەیەکی چەپی ڕادیکاڵی سۆسیالیست لە هەموو شارەکانی کوردستان بەرچاوە، بە دڵنیاییەوە ئەو ڕۆژەی لە ئارامستانی شاری سەقز مەڕاسیمی ناشتنی (مەهسا) بەڕێوەچوو، دروشمەکان، دروشمی کۆمەڵە بوون، دروشمی (ژن، ژیان، ئازادی) پڕاک بەرزی کردۆتەوە، تێکۆشەرانی کۆمەڵە بە دروشمەکانیانەوە لەوێ ئامادە بوون. بۆیە گرنگ جانتاکەی من نییە، گرنگ ئەوەیە، بەڵێنی سەرکەوتنێکی ئاسان بە خەڵک نادەین، تەنانەت ئەگەر لە کوردستان دەستکەوتیش بەدەست بێت، ئەو دەستکەوتە بۆ درێژە ماوە ناپارێزرێت، بەبێ ئەوەی لە تاران دەسەڵات و هاوسەنگییەکە بگۆڕێت، بۆیە پێمانوایە ئەو خەباتە، دەبێت بۆ دوو مەبەست درێژ بێتەوە:

**یەکەم**: بۆ ئەوەی زۆر بەهێزتر بێت، تا کۆماری ئیسلامی پێبڕوخێت.

**دووهەم**: لە جەرگەی بەرەو پێشچوونیدا، بەدیل دروستبکات، بەدیل لە دەرەوەی وڵات دروست نابێت، بەڵکو لە جەرگەی ئەو خەباتەدا دروست دەبێت، ئەزمونی هەموو وڵاتان ئەوە نیشاندەدات.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پێویستە هاوسەنگی هێز بەشێوەیەک بگۆڕێت، کە لە جەرگەی شارەکانی کوردستاندا ئەندامانمان بتوانن بە ئاشکرا و بە ناونیشانی خۆیانەوە سەرکردایەتی ئەو حەرەکەتە بکەن. ئەگەر بمانەوێت دەستکەوتەکان بۆ درێژماوە پارێزراو بن، پێویستە ئەو بزوتنەوەیە لە کوردستان و لە هەموو ئێران شان بە شانی یەکتر بچنە پێش.

* ئیمکان هەیە لە داهاتوودا، جانتاکەت بپێچیتەوە و بڕۆیت؟

- بەڵێ بە دڵنیاییەوە "سەرکەوتن ئەمڕۆ بێت یان سبەینێ" لە ڕێدایە. بۆیە دەمانەوێت بە خەڵک بڵێین "خۆتان ئامادە بکەن، ژیانی ئازاد، سەربەست، ئاسودەیی و ئاسایش بەدەست دێنن، بەدەستهێنانی ئەو ئازادی و سەربەستییەش لەلایەن کەسێکەوە نییە، کە جانتاکەی بپێچێتەوە و بە خەڵات بۆتان بهێنێت، بەڵکو دەبێت خۆتانی بۆ ئامادە بکەن"، بەڵێنی سەرکەوتنی ئاسان و خێرا بە خەڵک نادەین، ئومێدیان پێدەدەین و نیشانی دەدەین، کە ئەو سەرکەوتنە ممکنە.

* لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا وتت: ڕەنگە کۆماری ئیسلامی ئێران بڵێت "ئەوە شۆڕشی جەوانانە و حەماسەتەکەیان کاتییە"، بەڵام هەر ئەمڕۆ (٤٠٠) مەلا واژۆیان کۆکردۆتەوە، ئەوەش حەرەکەتێکی گەورەیە، وەکو بەرپرسی ئێرانیش دەڵێن "ئەوە کاری خۆتان نییە، بۆتان نوسراوە و دەستتێوەردانە"، مەبەستم ئەوەیە تەنانەت مەلاکانیش هاتوونەتە پشت ئەم خۆپیشاندانانە، جگە لە خەڵکانی جیاواز جیاواز، هەرچەندە گوێمان لێبوە، مەلایەک دەڵێت "ئاخوندێک هاتوە و پێی وتووین ئێوە بڕۆن"، ئەمە وڵات و نیشتمانی ئێمەیە، بۆ کوێ بڕۆین؟ پێتوانییە ئەم قسانە تازەن، بە تایبەت کە مەلایەک بیکات؟ لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامی ئێران، بەرمەبنای دەوڵەتەکەی، بە پشت ئەستوری بە مەزهەب و مەلاکان پێکهێناوە، بەڵام ئێستا (٤٠٠) مەلا لە دژی وەستاوە؟

-سەرەڕای هەموو ستەمێک، کە لەسەر خەڵکی کورد هەبوە، ستەمی مەزهەبیش هەبوە، بۆ نمونە لە شاری تاران نزیکەی (٢) ملیۆن سوننی مەزهەبی تێدایە، بەڵام تا ئێستاش ڕێگەیاننەداوە تەنها یەک مزگەوتی سوننی دابمەزرێت، واتا لەسەر مەسەلەی مەزهەبیش، خەڵک لەژێر فشاردایە، ئەوانیش تەواوی مەلاکانی ئێران نین، چونکە مەلای شیعە ئیمتیازاتێکی تایبەتی هەیە، ئەو ئیمتیازاتە بۆتە هۆی ئەوەی لە چەند قۆناغدا ئەو ڕژێمە بپارێزن، مەلایی سوننی ئەو ئیمتیازاتەیان نییە.
لەلایەکی ترەوە، بزوتنەوەکە زۆر کۆمەڵایەتی بۆتەوە، مەلایەک کە ڕەنگە بەرژەوەندی تایبەتیشی هەبێت، بەو جۆرە دێتە ناو مەسەلەکەوە، بە هەموو ئەوانەشەوە هێشتا لە ئاستی هەموو ئێراندا، هەموو هێزێک نەهاتوە، بەڵام لە کوردستان


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

جیاوازی هەیە، ئەو دوو مانگرتنە گشتییەی بانگەوازمان بۆ کرد و نزیکەی (٩٠%) وەڵامی وەرگرتەوە، وەکو ڕیفراندۆمێک وابوو دژ بە کۆماری ئیسلامی، ئەمە مانگرتنێکی سیاسی بوو، لە کوردستان حەرەکەتەکە جەماوەرییە و هەموو چین و توێژەکانی تێدایە، هەر یەکێکیان بە پێی هەلومەرجی تایبەت بە خۆی دێتە ناو مەسەلەکە، بۆ نمونە بەشێکی زۆریان لە خۆیان ڕانابینن بێنە سەر شەقام و سنگیان بدەنە بەر گوللە، ڕەنگە ئەو ئینێرژی و توانا و چاونەترسییەیان تێدا پەیدا نەبوو بێت، بە مانگرتن هەڵوێستی خۆیان نیشاندەدەن.

ئەگەر چاودێرێک لە دەرەوە تەماشای بابەتەکە بکات، بەمشێوەیە دەبینێت "کوردستان حیزبی سیاسی تێدایە، ئەو حیزبە سیاسییانە داوا لەخەڵک دەکەن، خەڵکیش بەبێ دوودڵی وەڵامیان پێ دەدەنەوە"، ئەمەیە کە مەلایانی کوردستان دێنێتە ناو بابەتەکەوە، جەوهەری جەماوەریبوونەکەی لێرەدایە، ئەمەش لە ئاستی هەموو ئێران بەدی نەهاتوە و دەبێت هەوڵی بۆ بدەین.

* مانگرتنی سەرتاسەری و داخستنی دوکان و بازاڕەکان، یەکگرتوانە بەڕێوەچوە، بۆ نمونە (٩٠%) داخراوە، ناشتوانین جیای بکەینەوە، کە ئەم دوکانە کۆمۆنیستە، ئیسلامیستە، ناسیۆنالیستە، بەشێکی زۆریان دڵیان لەگەڵ ئەم خۆپیشاندان و نارەزایەتییانەیە، خەڵکێکی زۆریش دێنە سەر شەقام، ناتوانین ئەوانیش جیا بکەینەوە، کە ئایا دیموکراتە، کۆمەڵەیە، پژاکە، مەبەستم ئەوەیە خەڵک یەکگرتوانە دێنە سەر شەقام، بەڵام گلەیی لەسەر ئێوە هەیە، چاودێران پێیانوایە ئێوە یەکگرتوو نین، بۆ نمونە ناوەندی کاری هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (دیموکرات و دوو کۆمەڵە)، گلەییان لە (تۆ) هەیە، کە تۆ ناچیتە پای ناوەند و ڕاگەیاندنەکانی ئەوان، واژۆی هاوبەشیان لەگەڵ ناکەیت، لەهەمانکاتدا زۆر نیگەرانن لە (پژاک)، چەند جاریش ڕوونیان کردۆتەوە و بە ئاشکرا وتوویانە: کە دروستکراوی پەکەکەیە، لەهەمانکاتدا دان بە (سازمانی خەبات)دا نانێن، ئاشکرایە ئێوەش تێبینی زۆرتان هەیە لەسەر ئەم بابەتانە، بۆچی ئەوە نابینن، کە خەڵک هەموو کێشە، ململانێ و ئیدۆلۆژی جیاوازی ئێوەی خستۆتە لاوە، سنگی بەر گوللە دەدات، بەڵام ئێوە ئامادە نین، فاکتیشم لەبەر دەستە، کە ئێوە نەتانتوانیوە لە ماوەی ئەم مانگەدا ڕاگەیاندنێکی هاوبەش بدەن، واژۆیەک بخەنە سەر کاغەزێک، ئەمانە لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟ بۆچی گلەیی خەڵک لەبەرچاو ناگرن؟

- بێگومان ئەو داوایەی خەڵک لە جێگەی خۆیەتی، ئەو یەکگرتووییەیان پێویستە و لە کردەوەکانیشیاندا ڕەنگیداوەتەوە و بەڕێوەی دەبەن، بەڵام بۆچی حیزبە سیاسییەکان ناتوانن، گوزارشت لە ویستی جەماوەر بکەن، ئەوە هۆکاری سیاسی کۆنکرێتی هەیە، بۆ نمونە ناوەندی هاوکاری پێکهاتەیەک نەبوە کە لەسەر بنەمای ڕێککەوتنێکی سیاسی پتەو شکڵی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

گرتبێت، لایەنی تێدا بوە، پێش ئەو سەرهەڵدانە وتوویەتی: پێویستە هەرچی زوە، کۆماری ئیسلامی بێنینە بەردەم گفتوگۆ، لایەنی تێدا بوە، وتوویەتی: دەبێت بچینەوە خەباتی چەکداری بکەین، لایەنی تێدایە، کە چۆتە ناو بەرەی بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانەوە، کە تا سەر ئێسقان دژی کورد و مافی نەتەوایەتی کوردانە، باڵ و کەسی تێدا بوە، کە لە ئامانجی کوردایەتی خۆی پاشەکشەی کردوە، هەر بۆیە تا پێش ئەم خۆپیشاندانانە دامەزراوەیەک بوو بۆ دیبلۆماسی، بۆ پەیوەندی گرتن لەگەڵ ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەت، دیار نییە کە لەو بابەتەش سەرکەوتوو بوە یان نا؟

ئێستا کە بزوتنەوەی جەماوەری کەوتۆتە ڕێ، بزوتنەوەی جەماوەری دەتوانێت بەشێکی زۆر لەو کێشانە چارەسەر بکات، بەڵام لە هەمانکاتدا هێشتا هێندەش بەهێز نییە کە بتوانێت جیاوازی فەرهەنگ و سیاسەتی گیان سەختی نێوان حیزبەکان تێکبشکێنێت، بەڵام ئومێدەوارین کە ئەو بزوتنەوەیە بچێتە پێش و ئەزمونیشمان هەیە، هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد لە ساڵی (١٩٨٠) پێکهاتبوو لە کۆمەڵە و دێموکرات، لەگەڵ سازمانی فیدائیان، حیزبی دێموکرات زۆر سەرسەختی نیشاندەدا لە پێکهێنانی ئەو هەیئەتەدا، تەنها کاتێک ئەو هەیئەتە بە کرداری دامەزرا، کە خۆپیشاندانێکی زۆر گەورە بە بانگەوازی ئێمە و (مامۆستا شێخ عیزەدین) بەڕێوەچوو، چەند هەیئەتی نوێنەرایەتی لە ناوخۆیی وڵاتەوە هاتن و پەیوەندییان گرت، فشارێکی کۆمەڵایەتییان دروستکرد، پێموایە لە داهاتوودا ئەو ئەزمونە بە جۆرێک لە جۆرەکان دووپات دەبێتەوە.

سەبارەت بە ڕاگەیاندنی بەیانی هاوبەش، ئێمە ئامادە بووین بۆ مانگرتن بەیانی هاوبەش دەربکەین، بەڵام ئەوان ئامادە نەبوون، لەبەرئەوەی دەیانەوێت فشار لەسەر ئێمە دروستبکەن تا بچینە ناو ناوەند، ئەوکات بەیانی هاوبەش لەگەڵ ئێمە دەربکەن.

ئەوەش کە گرنگە، ئەوەیە کە ئامانج لەو یەکگرتووییە چییە؟ ئامانج ئەوەیە، کە هەم لەو بزوتنەوەیەدا هەنگاوی بەرەو پێش بەرین، هەم وەڵامی نیگەرانییەکانی خەڵکی کوردستان بدەینەوە، یەکێک لە نیگەرانییەکان ئەوەیە، کە هەموو ئەو حیزبانە هێزی چەکدارییان هەیە، سبەی ئەم هێزە چەکدارانە دێنەوە وڵات، ئەگەر بزوتنەوەی جەماوەری هێز و دامەزراوەی خۆی پێکنەهێنا بێت، کێشە دروست دەبێت، ئەزمونیش ئەوەی نیشانداوە، ئەگەر هەیە شەڕ و تێکهەڵچوون لە سەر دەسەڵات ڕوویدات، کەواتە دەبێت بەشێوەیەک بێت، کە ئەو هەماهەنگییە بە جۆرێک بچێتە پێش، کە نیگەرانی خەڵک بڕەوێتەوە. ئەوەی گرنگە لە ئێستادا ئەوەیە، کە هەموو حیزبە سیاسییە چالاکەکانی کوردستان بەبێ جیاوازی کۆببنەوە و لەسەر پرۆژەیەکی وەها قسە بکەن، تا ئاشکرا ببێت چ بەربەستێک هەیە لەسەر ڕێگای پێکهێنانی پرۆژەیەک، کە تێیدا کێشەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دوارۆژی فرەملیشیایی لە کوردستان وەڵام وەربگرێتەوە، ئەگەر ئەوە نەکەین، بلۆک بەندی دروست دەبێت، بلۆکێک دروست دەبێت لە بەرامبەر بلۆکێکی دیکەدا، ئەگەر (٣ - ٤) لایەن پەراوێز بخرێن هاوپەیمانێتی دروست نابێت، ئەوەش مەترسییەکە جددیتر دەکاتەوە.

* پێتوایە ئەو بلۆکانە کێ دەبن؟

- بۆ نمونە لەبەرچاو نەگرتنی ڕۆڵ و دەوری پژاک، پژاک هەر ئیدۆلۆژی، باوەڕ و هاوپەیمانێکی هەبێت لە ناوچەکەدا، بوێتە یەکێک لە هێزە واقعییەکان لە مەیدانی کوردستان، هێزی چەکداریشی هەیە، ژمارەیەکی زۆر لە کادری پەروەردە کردوە و چالاکانە کاردەکەن، ژمارەیەکی زۆریان لە ناوەوە هەن، ئەگەر سەیری ئەو فیلمە دیکۆمێنتارییانە بکەین، کە لە خۆپیشاندانی شاری سنە بۆ پشتیوانی لە کۆبانێ ساز کراوە، دەبینین بەشێکی زۆریان پەرچەم و ئاڵای سوریان بەدەستەوەیە، نیوەشیان ئاڵای پژاک و پەکەکەی بە دەستەوەیە، دروشمی (ژن، ژیان، ئازادی) لای ئەوانەوە بەرز دەبێتەوە، دونیا دەگرێتەوە، جگە لەوانە هێزی چەکدارییان هەیە، پایەگا و بنکەیان داناوە و سنوریان تەنیوە، دەرفەتی ئەوەشیان هەیە لە شوێنی ترەوە هێز زیاد بکەن، بۆ ئەو ڕاستییە چی دەکەیت؟ پەراوێزی دەخەیت؟ دەیخەیتە گۆشەیەکەوە و ئینکاری دەکەیت؟ یان ڕێگە چارەیەک دەدۆزیتەوە بۆ هەماهەنگی لەگەڵی؟ کارم بە جیاوازییەکانی نییە، بەڵام ئەوە ڕاستییەکەیە، کە دەبێت ڕێگە چارەیەک بدۆزیتەوە بۆ هەماهەنگی.

یەکێک لە کێشەکانی پێکهێنانی یەکگرتوویەکی گشتگیر ئەوەیە، کە ڕاستییەکە نابینن، لە ئەنجامدا هەست بە نیگەرانییەکانی ئێمە ناکەن، کە ئەگەر ئێمە بچینە ناو ناوەندی هاوکاری و بەرەیەک لەلایەکی تر دروست ببێت، کە چەند حیزبێکی تری پەراوێز خست بێت، زەمینە خۆشدەکات بۆ دروستبوونی کارەساتێک لە دوارۆژی کوردستاندا.

* بۆچی هێندەی پشتیوانی لە (پژاک) دەکەن، پشتیوانی لە (سازمانی خەبات) ناکەن، کە جەریانێکی ڕەسەنە، لەبەرئەوەیە کە هێزێکی گەورەی نییە؟ یان (کۆمەڵە و دیموکرات)، تۆ و حیزبەکەت تاوانبار دەکەن، ئەو هاوڕێیانەشتان کە لێتان جیابوونەوە، یەکێک لە ڕەخنە گرنگەکانیان لە تۆ ئەوەیە، دەڵێن "دەچێت بۆ کۆنگرەی کەنەکە"، گوایە وتووتە: خوێن دەدەین بە ڕۆژئاوا، کە لە پژاک نزیکن، بۆچی هێندەی لە (پژاک) نزیکی، هێندە لە (کۆمەڵە و دیموکرات) نزیک نیت؟ دەتەوێت سەنتەر بیت؟ یان مێژوویەکتان هەیە لەگەڵ (دیموکرات) و پێتانوایە کاری هاوبەشیان لەگەڵ ناکرێت؟

- مەسەلەکە بەوشێوەیە نییە، هێندەی کاری هاوبەشمان لەگەڵ حیزبی دیموکرات کردوە، (١%) ئەو ڕێژەیەمان لەگەڵ پژاک



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نەکردووە، لەگەڵ دیموکرات مانگرتنی سەرتاسەریمان ڕاگەیاندووە، هەڵبژاردنمان تەحریم کردووە، زۆر کێشەمان هەبووە لە هەرێمی کوردستان، پێکەوە چارەسەرمان کردووە، دیدار و چاوپێکەوتنی بەردەواممان هەبووە، پرۆژەی هاوکاریمان داڕشتووە، پشتیوانمان لە پژاک، مانای ئەوە نییە ئەو پێوەندیانە سارد دەکەینەوە. ئەوە ڕاستییەکەیە، ئەو هێزە، هێزێکە لە مەیداندایە، پێوەندیش بە پەکەکەوە دەتوانێ ڕێگەیەک بێ بۆ ئەوەی کە بزوتنەوەی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵات گرێ بدات بە پارچەکانی تری کوردستانەوە، بە مەبەستی پووچەڵ کردنەوەی پیلانی دوژمنانی خەڵکی کورد.

ئاشکراشە مەسەلەی کورد، لە هەر کام لەو پارچانە، تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام لەهەمانکاتدا مێژوو و ژیانی ڕاستەقینە، سروشتی ستەمی نەتەوایەتی وایکردووە، کە ئەم بزوتنەوانە پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر هەبێت، ئەگەر ئەوە ڕەچاو نەکەین، مومکینە دوژمنانمان کەڵکی لێوەربگرن و بە دژی خۆمان بیخەنە کار.

* بەم کێشانەی کە باستکرد، بەو لێکۆڵینەوانەی کە زۆرتر لێکۆڵینەوەی سیاسی بۆ دەکەیت، لە هەندێ شوێن هەست دەکەم ناتەوێت گرفتەکان قووڵ ببێتەوە، یان ناتەوێت هەموو کێشەکان باسبکەیت، بەڵام بەو حاڵەی کە ئێستا ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێران هەیەتی، لە بەرامبەریشدا ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، لە ئەگەرەکانی ڕووخانی چەند مانگی داهاتووی کۆماری ئیسلامی ئێران، سیناریۆکە، یان تابلۆکە چۆنە؟ لانیکەم ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کوردستانەکەی چی لێدێت؟

- ئەگەری دەرکەوتنی دوو تابلۆ هەیە:

**یەکەم**: ئەوەی کە ئێستا لە درێژەی گەشەکردن و بەرەو پێش چوونی خۆیدا بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە کۆماری ئیسلامی بروخێنێت و تاران و شارەکانی دیکەی ئێران بە کوردستانیشەوە ئازاد بن. کەسایەتییەکان دەناسرێن، بە خێرایی بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دەسەڵات شۆراکان لە خوارەوە هەتا سەرەوە پێکدێن. ئەوجار بەپێی هاوسەنگی هێز شکڵی دەسەڵات، شۆرایی بێت یان پارلمانی، دیاری دەکرێت. یاسای بنەڕەتی وڵات دەنوسرێتەوە و بە دەنگی خەڵک پەسەند دەکرێت. ئەم ڕەوتە ئەزمونێکی ناسراوی شۆڕشی سیاسییە لە جیهاندا. لە ڕوانگەی ئێمەوە لەو شۆڕشەوە بەپێی هێز و توانایی چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش دەڕۆین بەرەو شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی. لە وەها تابلۆیەک دا لە کوردستان هێزی چەکداری حیزبە سیاسییەکان دەوری لاوەکیان دەبێت و دێنە ژێر دەسەڵاتی دامەزراوەی ڕەسمی دەسەڵات. ململانێکان دەچنە قۆناغی شارستانیانە و هێمنانە و مەترسی شەڕی ناوخۆ نامێنێت. مافە نەتەوایەتییەکان و ئازادی و دیموکراسی لە یاسای بنەڕەتییدا جێگیر دەبێت. لەو سیناریۆیەدا خەڵکی کورد چانسێکی گەورەی هەیە، بۆ ئەوەی مۆرکی خۆی لەو شۆڕشە بدات و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆتایی بە ستەمی نەتەوایەتیش بهێنێت.

**دووهەم**: تـابلۆیەکی دیـکە ئەوەیە، کە ئەو بـزوتنەوەیە لە نیـوەدا لەبـار ببرێـت و ئەو ڕەوتە نەپێوێـت، کە ئەو ڕەوتەی نەپێوا، واتـا ئەو دەسەڵاتەی کە ویست و داخوازی ئێمەیە لە ئاستی ئێراندا نەیەتە کـایەوە، بەدیلێکی تـری بـۆ دروست بکرێت، بەدیلێک لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوخۆیی حکومەتدا دروست ببێت، لەو سیناریۆیەدا مومکینە بارودۆخێک بخوڵقێت، ڕژێم لاواز بێـت، بەڵام نەڕوخێـت، کوردسـتان لەبەرئەوەی بەدیلـی خـۆی هەیە چارەنوسـێکی جیـاواز پەیـدا بکـات، کەم و زۆر هاوشێوەی ئەوەی لە سوریا ڕوویدا. بۆ ئەو حاڵەتە ئەو ناتەباییەی نێوان هێزەکان، زۆر مەترسیدارە، چونکە ئەگەر شۆڕش لە ئێـران پەرەنەسـتێنێت، شـۆڕش لە خـودی کوردسـتان دادەمرکێتەوە، خەڵـک دەچێتە پەراوێـزەوە، لە کاتێکـدا دەسـەڵاتی مەرکەزیش نەماوە، واتا بۆشایی دەسەڵات دروست دەبێت، بەبێ ئەوەی خەڵـک لە مەیداندا بێت، ئەوکات مەیـدان دەکەوێتە دەست ئەحزابـی سیاسـی، ئەوانیش چەکدار و سـازماندراون، کارەسـات لێرەوە دەسـتپێدەکات، ئێمەش بەو حـاڵەتە نیگەران دەبین، نیگەرانـی ئەوە نین، کە ئەگەر شۆڕشێکی کـۆمەڵایەتی گەورە لە ئێران پەرەبسـتێنێت، کـورد و خەڵکـی کـورد زەرەر بکـات، یـان چاوەڕێی مەترسی سـیناریۆی ڕەش بکەیـن، ئەوەی ترسـی ئێمەیە، ئەوەیە کە ئەو بـزوتنەوەیە لە نیـوەدا بەری پێبگیرێت و لەبار بچێت.

لە هەر کـام لەم دوو تـابلۆیەدا، هەم دەسـتکەوتەکان ئاشکران، هەم زەرەر و زیانەکـان، ئەو بـزوتنەوەیەش لە مـاوەی ئەم یەک مانگەی تەمەنیدا، کۆمەڵێک دەستکەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەدەستهێناوە، کە لە مێژووی ئێران ناسرێتەوە و پشت گوێ ناخرێت، دەمەوێت بڵێم تا ئەمڕۆ خوێنی (مەهسا) و ئەو لاوانە بە فیرۆ نەچوە، بە هیچ شێوەیەک کۆمـاری ئیسلامی ئێران و کۆمەڵگەی ئێران ناگەڕێتەوە دۆخی مانگێک لەوەو پێش، ئەوەش سەرکەوتنێکی گەورەیە.

هەندێک شت لەو بـزوتنەوەیەدا هـاتە گـۆڕێ، کە زۆر گـرنگن بـۆ خەڵکـی کوردسـتان، ئەو شـوێنانەی کە بەردەوام مەترسـی ئەوەی لێدەکرا، کە کێشەی نەتەوایەتی تێدا قوڵ ببێتەوە، وەکو نەغەدە و ورمێ، یان کێشەی مەزهەبی تێدا قوڵ ببێـتەوە، وەکو کرماشـان، قـوروە و بیجـاڕ، هەمـوو ئەوانە یەکگرتـوانە هـاتنە مەیدانەوە، داخـوازی مـانگرتنی گشـتی لە هەمـوو ئەو شوێنانە وەڵامی وەرگرتەوە، ئەمەش دەسـتکەوتێکی گەورەیە، چونکە هەمیشـە یەکێـک لە مەترسییەکان بـوە، ئەم دەورەیە نیشانیدا کە هەنگاوێک بەرەو پێش چووین، بە شێوەیەک لە نەغەدە کورد و تورک، لە شاری ورمێ کورد، ئەرمەنـی و تـورک پێکەوە خۆپیشـاندان دەکەن و دەرگـای مـاڵی خۆیـان بەرەو ڕووی یەکتـر دەکەنەوە و پشـتیوانی لە یەکتـر دەکەن، ئەوەش دەستکەوتێکی گەورەیە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

له بیرمه (٢) ساڵ لەمەوپێش، ڕەهبەری یەکێک له حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەهات و حسابی ژمارەی کوردەکانی ورمێی دەکرد، دەیویست بزانێت، کورد ژمارەی چەندە، تورک ژمارەی چەندە، ئەگەر ئەم خەباتە نەبوایە، دەبوو شەڕی کۆڵان بە کۆڵان لەگەڵ ئەرمەن و تورک بکەین، بەڵام ئێستا ئەوە سڕاوەتەوە، ئەوەش دەستکەوتێکی گرنگی ئەو خەباتەیە.

دەستکەوتێکی دیکە ئەوەیە، کە بەشێوەیەکی گشتی هەماهەنگییەک هەیە لەنێوان خەباتی سیاسی لە کوردستان و شارەکانی تری ئێران، هەماهەنگییەکە لەوەدایە، کە لەگەڵ ئەوەی دەستبردن بۆ چەک ئاسانە، مومکینە حیزبە سیاسییەکان بە هێزی چەکدارەوە بچنەوە، ئەگەریش نەچنەوە، دەتوانن خەڵک هانبدەن چەکدار بن و ڕێکیان بخەن، بەم جۆرە ئاستی خەبات لە کوردستان دابېرێت لە باقی شوێنەکانی ئێران، بە خۆشییەوە سەرەڕای هەوڵی ڕژێم نە لە کوردستان و نە لە بلوچستان ئەمە ڕوویندا، ئەوانە هەمووی دەستکەوتن بۆ ئەم دەورەیە، و سەرمایەن بۆ پێشکەوتنەکانی دوارۆژ.

* سەبارەت بە دەور و نەقشی ئەمەریکا و وڵاتانی زلهێز لەم ململانێیەدا، زۆر کەس پێیوایە ئەمەریکا جدی نییە لەم بابەتەدا، ئەو فشارانەش کە دەیکا وەکو کارتی گوشار بەکاریدەهێنێت، بۆ ئەوەی زیاتر ئێران دەستەمۆ بکات، بەڵام بۆچوونێکی تریش هەیە، کە منیش پشتیوانی دەکەم، ئەویش ئەوەیە، کە ترسی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەوەیە، کە نازانێت بەدیلەکەی کێیە، نەبوونی بەدیل سازییەک، یان ئەڵتەرناتیڤێک کە بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێت لەم ململانێیەدا و نەکەوێتە دەست ڕوسیا و وڵاتانی نەیاری، هێشتا بۆی ساغ نەبۆتەوە، کە ئایا لەگەڵ ڕووخانی بێت، یان گەمارۆی بدات؟ تۆ پشتیوانی کام جۆرە بۆچوونەیان دەکەیت؟

- بە تەواوی پشتیوانی لەو بۆچوونەی تۆ دەکەم، پێموایە نمونەی عێراق، لیبیا و سوریایان لەبەرچاوە، تێکدانی ئەو وڵاتانە و دروستبوونی پاشاگەردانی بەبێ ئەڵتەرناتیڤ، هێزی چەکداری جۆراوجۆر، کە هەر لایەک گۆشەیەکی وڵاتی بەدەست بێت، لە بەرژەوەندی ئەوان نییە، بەرژەوەندی ئەوان لەوەدایە، کە وڵات ئارام بێت، تا بتوانن سەرمایەی خۆیانی تێدا بڵاوبکەنەوە، قازانج کۆبکەنەوە، دروستبوونی پشێوییەکی لەو شێوەیە، ئاشکرایە هیچ کام لەو بەرژەوەندییانە دابین نابێت، هەر بۆیە تا لەوە دڵنیا نەبن، کە ئەو بەدیلەی دێتە سەر کار، بەرژەوەندی ئەوان دەپارێزێت، بارودۆخی ئێستایان پێ باشتر دەبێت، بەڵام ئەوەش ئاسان نییە بۆیان، لەبەرئەوەی بیروڕای گشتی هەیە، ویژدانی مرۆڤایەتی هەیە، پێویستیان بە دەنگی خەڵکی وڵاتەکانی خۆیانە، بۆیە ناتوانن بە ڕاشکاوی بێدەنگی هەڵبژێرن، بەڵکو دەبێت هاوسەنگییەک ڕابگرن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەو هاوسەنگییەش لەگەڵ بەرژەوەندی ناوخۆیی خۆیان دەگونجێت، بەڵام لە راستیدا، تا ئەمڕۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی لە قازانجیان نییە، هێشتا دەرگای بەرجامیان دانەخستوە، هێشتا ئەو فشارانەی کە دەتوانن بیهێنن، نەیانهێناوە، بۆیە پێموایە دەبێت ئەو بەرچاو ڕوونییە بدەین بە خەڵک، کە چاوەڕێ مەبن لەلایەن ئەوانەوە هاوکارییەکی جددی بکرێن بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئێران.

## بۆردومانی بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات

*** لە سەرەتای ئۆکتۆبەری ئەمساڵ کۆماری ئیسلامی پەلاماری بارەگاکانی حیزبە رۆژهەڵاتییەکانی لە هەرێمی کوردستاندا، ئەم پەلاماردانە هاوکاتبوو لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی ئێران، بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەم سوپای پاسداران بە ڕەسمی، هەم قەرارگای سوپای حەمزەیی سەر بە سوپای پاسداران ئێوە تۆمەتبار دەکەن و دەڵێن "ئەم هێزانە دەستیان هەیە لە ئاژاوەکانی ئێران، لەبەرئەوە بۆردومانمان کردوون و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانمان ناردۆتە سەریان"، ئەم ڕووداوە بۆ ئێوە چۆن بوو؟ پێشبینی کراو بوو؟ ئەم قسانەی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕاستە، یان پێچەوانەکەی ڕاستە و مانای ئەوەیە، ڕەگ و ڕیشەتان لەناو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە، دەور و نەقشتان هەبوە، هاوشێوەی ئەوەی خۆیان دەیڵێن، دەور و نەقشتان هەبوە، ڕەگ و ڕیشەی کۆمەڵایەتی و سیاسیتان هەیە؟ ئەم ڕووداوگەلە چۆن بوو؟ ئێوە چۆن دەیخوێننەوە؟**

- ئەم مەسەلەیە چەند لایەنی هەیە:

**یەکەم**: دەستتێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری هەرێمی کوردستان، تەنانەت موشەکباران و تۆپباران کردنیش پێشینەیەکی هەیە و لە ماوەی سێ دەیەی رابردودا بەردەوام تۆپبارانی سنورەکانی کردوە، هەموو پاساوەکەشی ئەوە بوە، کە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لێیە، بەڵام بۆ ئێمە ئاشکرایە، کە ئەم پەلامار و هێرشانە لە هەمانکاتدا شکاندنی سەروەری حکومەتی هەرێم بوە، نیشاندانی ئەوەی کە ئەو دەسەڵاتە بە ڕەسمی ناناسێت، پێیانوایە حکومەت لەم سنورەدا نییە و هەر کات بیانەوێت دەتوانن سنورەکەی ببەزێنن و هەموو کارێک بکەن، بە شێوەیەک کە دیتمان لە ساڵی (١٩٩٦) لە باشماخەوە سنوریان بەزاند و یەکسەر خۆیان گەیاندە شاری کۆیە و تۆپبارانی بارەگای حیزبی دێموکراتیان کرد، بەڵام خۆشیان ئەوە دەزانن، کە یەک پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات خوێن لە لوتی نەهاتوە لەو تۆپبارانەدا، بەڵام ئەوەی بۆیان گرنگبوو، ئەوەبوو کە لەشکری ئێران بەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا بێت و حکومەتی هەرێم لەبەرچاوی خەڵک بچووک بکەنەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**دووهەم**: پەیوەندیدارە بە بارودۆخی پێش ئەم ڕووداوانە، کۆماری ئیسلامی و تورکیا لە ڕکابەرییدان لە هەرێمی کوردستان، واتا هەردووکیان بەرژەوەندی خۆیان هەیە، کۆماری ئیسلامی نایەوێت هەرێمی کوردستان بە تەنها بۆ تورکیا جێبهێڵێت و بیکاتە پاوانی تورکیا، لەبەرئەوە داوای بەشی ئابوری و سیاسی خۆی دەکات، دەستتێوەردان دەکات، بەشێوەیەک کە لە بەشی تورکیا کەمتر نەبێت، هەم بۆ تورکیا، هەم بۆ کۆماری ئیسلامیش، پاساوەکە ئۆپۆزسیۆنە، ئەمریکا وەکوو دەسەڵات لەو ناوچەیە بەو جۆرەی کە گڵۆپی سەوز بۆ تورکیا هەڵدەکات بۆ کۆماری ئیسلامی ناکات، هەر بۆیە قورساییەکە بە قازانجی تورکیەیە و کۆماری ئیسلامی هەوڵدەدات دەرفەتەکان لە دەست نەدات.

**سێیەم**: مەسەلەی عێراقە، کۆماری ئیسلامی دەیەوێت مۆری خۆی لە پێکهاتەی دەوڵەتی عێراق بدات، دەیەوێت کوردستانیش بکاتە ئامرازێک، تا لایەنی خۆی لە بەغدا بەهێز بکات، بۆیە دەبێت لێرە هەرێمی کوردستان ئومێدەوار بکات بە سازشی زۆرتر لە ڕێگەی فشار هێنانەوە، ماڵێک لە نزیک بارەگاکانی پارتی دەداتە بەر موشەک، بە بیانووی ئەوەی کۆبوونەوەی مەئمورانی ئیسرائیلی تێدا بوە.

**چوارەم**: ئەمانە لەلایەکەوە، ئێستاش لەم دەورەدا شتێکی نوێ زیاد بوە، ئەویش ئەو خۆپیشاندان و سەرهەڵدانانەیە، ئێستا کە چەخماخەی ئەو خەبات و سەرهەڵدانە لە کوردستانەوە لێدراوە، دەیەوێت بڵێت "ئەوە لە دەرەوەی سنورەکانەوە ئاڕاستە کراوە"، حیزبە سیاسییەکان بە حیزبی دەرەوەی وڵاتی دەزانێت، نەک بەوشێوەیەی کە ئەو ئەحزابانە ڕیشەی کۆمەڵایەتییان لە ناوخۆیی وڵات هەبێت، هەروەها دەیەوێت مەسەلەی کوردستان بەرجەستە بکاتەوە، تا بڵێت "ئەوە هەر ئەو حیزبانەن، کە جیاوازی خواز بوون"، دەیانەوێت بە خەڵکی ئێران بڵێن "وریابن ئەو چەخماخەیە لە جێگەیەکەوە لێدراوە، کە خۆیان جیاوازی خوازن و دەیانەوێت ئێران دابەشبکەن"، هەموو ئەوانە پاساو و بەهانەن، بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵک لە کۆمەڵگەوە ڕابکێشن بەرەو دەرەوەی سنورەکان، دەیەوێت کوردستان بکاتە مەترسییەک بۆ خەڵکی ئێران، سەبارەت بە دابەشکردنی ئێران و جیابوونەوەی.

*** بۆچوونێک هەیە، کە گوایە ئێوە پێشتر لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە ئاگادار کراونەتەوە، بۆیە هیچ زەرەر و زیانێکتان بەرنەکەوتوە؟**

- لە هیچ لایەنێکەوە بە دیاریکراوی بۆ ئەو ڕۆژ و کاتە ئاگادار نەکراوینەتەوە، بەڵام یەکێتی کە بارەگاکانی ئێمە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەوانە بەردەوام ئامۆژگارییان کردووین و وتوویانە: ئێمە ناتوانین بەرانبەر بە هێرشی کۆماری



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئیسلامی بەرگری لە ئێوە بکەین، دەبێت خۆتان ئاگاتان لە خۆتان بێت. بەڵام سەبارەت بە پەلامار و هێرشی ئەمجارە، خودی کۆماری ئیسلامی بوو کە هۆشداریدا، ئێمەش بە جددیمان وەرگرت، چونکە ئاشکرا بوو، جگە لەو هاندەرانەی پێشووتر، ئێستا ئەو ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەی لە ئێران دەکرێت زیاد بوە و دەیەوێت سەرنجەکان بەرەو دەرەوەی سنورەکان ڕابکێشێت.

﹡ کۆماری ئیسلامی مافییەتی تۆپبارانتان بکات؟

- لە ڕووی حقوقی نیودەوڵەتییەوە کۆماری ئیسلامی ئەو مافەی نییە، چونکە ئەوە دەستدرێژیە بۆ سەر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم. ئێمە بە زۆر خۆمان بە سەر حکومەتی هەرێمدا نەسەپاندوە. ئیمە بە ڕێککەوتن لێرەین و لێرەشەوە هێرشی چەکداریمان نەکردۆتە سەر کۆماری ئیسلامی. بەشێکی زۆر لە تەشکیلاتەکەمان لە سوئێدە، بەشێکی لە ئەڵمانە، تەلەفزیۆنەکەمان لە وڵاتێکی ئەوروپاییەوە بڵاودەبێتەوە، ئەگەر مافی خۆیەتی هێرش بکاتە سەر ئۆپۆزسیۆنی خۆی دەبا چەند موشەکیش بەو وڵاتانەوە بنێت، چونکە هەمان حیزبە، بەهانەکەی ئەوەیە، کە گوایە ئێمە لێرەوە هێزی چەکدار دەنێرینەوە و خەباتی چەکداری دەکەین دژی کۆماری ئیسلامی، لە کاتێکدا (٢٠ - ٣٠) ساڵە کاری وەهامان نەکردوە، بۆیە ئەوە پاساوێکی دروست نییە.

ئەگەر پاساوەکەیان ئەوەیە، کە نفوزمان هەیە، ڕەنگە نفوزەکەمان لە ئەڵمانەوە ئاڕاستەی ئێران بکەین، ئێستا لەم سەردەمەدا کە دونیا پێشکەوتوە، تەنها لە ڕێگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە چیت هەبێت دەتوانیت بە هەموو خەڵکی ڕابگەیەنیت، ئێمەش چیمان هەبێت لەهەمان ڕێگەوە دەتوانین بە خەڵکی ئێرانی ڕابگەیەنین، ئەگەر ناتوانێت لەو وڵاتانە ئەو کارانە بکات، بۆچی لە هەرێمی کوردستان دەیکات؟ چونکە بە لاوازی دەزانێت، دەزانێت هەرێم ناتوانێت کاردانەوەی هەبێت، چونکە دەزانێت هاوپشتییەک هەیە لە نێوان کوردی ئێرە و کوردی ئێران، ئەگەرنا لای هەموان ئاشکرایە، کە ئەگەر ئێمە لە حاڵی شەڕدا بین لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، بێگومان شەڕمان بەرامبەر دەکرێتەوە، من تۆپ بە ئەووەوە دەنێم، ئەویش بە پێچەوانەوە تۆپم پێوەدەنێت.

﹡ بەڵام ئەوەی ئێوەش دەیکەن نیوە شەڕە؟

- نەخێر، خەباتی سیاسییە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**٭ ئەگەر پێتوایە خەباتی سیاسییە بۆچی لێرە چەکتان لە شانە، جیاوازی لەگەڵ وڵاتانی دیکە چییە؟**

- مەسەلەی چەکدار بوون لێرە پێوەندی هەیە بە سروشتی سیاسی ئەو ناوچەیە. لێرە حیزبی سیاسی چەکدارن، عەشایر چەکدارن، حەشدی شەعبی لە پاڵدەستی ئێمە بە چەندین گرووپی جیاواز و هەر کامەی سەر بە لایەنێک چەکدارن، داعش هەر ماوە، گروپی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی بە نهێنی هەن و چەکدارن، تەنانەت خەڵکی ئاسایی زۆربەیان چەکدارن، لەوەها کەش و هەوایەکدا ناکرێ ئێمەش بۆ بەرگری لە خۆمان چەکدار نەبین. دەوڵەتی کوردی مافی ئەوەی نییە ئازادی چالاکی سیاسی بدات بە هاونەتەوەکانی خۆی، لە حاڵێکدا دەوڵەتانی ئاڵمان و سوئێد و ئەوانی تر ئەو مافەیان پێداوە؟

**٭ قسەکەی تۆ مانای ئەوەیە، کە ئێوە خەباتی چەکداریتان نەکردوە، زەربەتان نەداوە لە سنورەکان، ئەگەر کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ و حیزبی دیموکرات کردوویانە، مافی خۆیانە با تۆپباران بکرێن؟ دەتەوێت وابڵێیت؟**

- من ناڵێم مافی خۆیانە با تۆپباران بکرێن، چونکە ئەو شوێنانەی تۆپباران کراون، شوێنی خەباتی سیاسی نەبوون، شوێنی خانەوادە، منداڵ، نەخۆش، پیر و بەساڵاچوو بوون، تۆپبارانی حیزبی دیموکراتیان کردوە، قوتابخانە پێوە بوە، ئەگەر سنورەکان توپباران دەکەن، ئەوە شەڕە و دەبێت هەرێمی کوردستان دیفاع بکات لە سەروەری خۆی بکات، ئێمە نین کە ئیدانەی تۆپبارانی هەڵگورد بکەین، حکومەتی هەرێمە دەبێت بڵێت "من خۆم مۆڵەتمداوە بچنە ئەو ناوچەیە، بێزەحمەت سەروەری ئێمە مەشکێنن."

**٭ لە بۆردومانی سەر بارەگاکانی ئێوە، پرسیاری خەڵک ئەوەیە، کە بۆچی کەمتر بارەگای ئێوە بەرکەوتوە؟ پێتانوایە ئەم بۆردومان و پەلامارانە درێژەی دەبێت؟ پێتانوایە هاوشێوەی موجاهیدینی خەڵق، دەیانەوێت لە هەرێمی کوردستان دەرتانپەڕێنن؟**

- بەڵگەیەکم نییە و ئاشکرا نییە لام، تا بزانم چۆن بڕیاریانداوە و چ بەرژەوەندییەکیان هەبوە، ڕەنگە تێبینی ئەوەیان کرد بێت، کە شوێنەکەی ئێمە زۆر تێکەڵاوی خەڵکی ئاساییە، بەڵام ئێمە هەمیشە ئامادەین و خۆمان ئامادە کردوە، ئەو ڕۆژەش ئامادە بووین و ئێستاش ئامادەین، تا زەربەمان بەرنەکەوێت و قوربانی نەدەین، چونکە دەزانین دوژمنەکەمان غەدارە، دەزانین دەیانەوێت لاوازمان بکەن، دەیانەوێت ورەی خەڵک بڕوخێنن بە لێدان و لاوازکردنی ئێمە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەبارەت بەو پرسیارەش، کە دەیانەوێت هاوشێوەی موجاهیدینی خەڵق دەرمانپەڕێنن، موجاهیدینی خەڵق وەکو ئەوە وابوو کە بە دەرزی کلیپس بە کۆمەڵگەی عێراقەوە لکابن، هیچ ریشەیەکیان لە کۆمەڵگەی عێراقدا نەبوو، بەڵام ئێمە بەشێکین لە نەتەوەیەکی داپڵۆسراوی مافخوراوی سەرکوتکراو و هاتووینەتە ئێرە، بۆیە ئەوەی لەگەڵ موجاهیدین کردیان، ناتوانن لەگەڵ ئێمە بیکەن، چونکە ئەگەر حکومەت و دەسەڵاتی ئێرە، ئەو کارە لەگەڵ ئێمە بکات، نەفی هەبوونی خۆی دەکات، ئەوکات ناتوانێت بە عێراق بڵێت "بۆ مووچەم دەبڕی، بۆ سەرکوتم دەکەی، بۆ ناوچە دابڕاوەکانم ناگەڕێنیتەوە؟"، ناوچەی دابڕاو بۆ کوردایەتی و مافی کورد نییە؟ لە کاتێکدا لانیکەمی مافی پەنابەری سیاسی و چالاکی سیاسی، بۆ کوردێکی پاڵ دەستی خۆت بە ڕەسمی ناناسیت، بۆیە ئاسان نییە ئەو کارە بکەن، ئەگەر وابکەن، مانای وایە هێڵی سوریان بەزاندوە.

* واتا دووبارەبوونەوەی ئەزمونی موجاهیدینی خەڵق بە کارێکی نامومکین دەزانن؟

- پێموایە نا مومکینە، دەرگای هەموو ماڵەکانی سلێمانی و هەولێر و هەموو شوێنەکانی تر بۆ ئێمە کراوەیە، لەم ماوەیەدا کە ئەو پەلامار و هێرشانە ڕوویانداوە، بە سەدان کەس لەگەڵ هاوڕێکانی ئێمە پەیوەندی گرتوە وتوویانە: نیگەران مەبن، ماڵی ئێمە، ماڵی خۆتانە، کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاند کە ئەگەر بارەگاکانی ناو شار نەگوازنەوە، لێیان دەدەین، تەنانەت داوای داخستنی قوتابخانەکانیان کرد، تەنها یەک دراوسێی ئێمە، بۆ تەنها یەکجاریش لەیەک شوێن نەهات بڵێت "نیگەرانم"، کەسیش ماڵی چۆڵ نەکرد، چونکە هەست و سۆزێکی قووڵ هەیە، کە ئێمە بەیەکەوە گرێ دەدات.

با نمونەیەکی ترت بۆ بهێنمەوە، چەند ساڵ لەمەوپێش نزیکەی (٤٠) پەنابەرمان نارد بۆ تورکیا، لە شڕناخ پۆلیسی تورک کەشفی کردن و خەریکبوو زیندانیان بکەن، چەند دوکاندارێکی دەوروبەریش زانیبوویان کوردن، لە ماوەی (٣٠) دەقیقەدا یەکە یەکە برانە ماڵەکان و شاردرانەوە، دوای هەفتەیەک بۆ دوو هەفتە یەکە بە یەکە بەڕێکران بۆ تورکیا، ئەنکەرە و ئەستەنبوڵ.

ستەمی نەتەوایەتی جۆرێک لە هاوپشتی پێکهێناوە، هەر ئەو پێویستیەیە کە دەمانەوێت کۆنگرەی نەتەوەیی پێکبهێنین، هەر لەبەرئەوەیە بەشێک لە ستراتیژیمان، ستراتیژی نەتەوەییە و هەموو کوردستانی گرتۆتەوە، بۆیە پێموایە بەراوردکردنی موجاهیدین لەگەڵ ئێمە، گونجاو نییە.

* مەبەستت ئەوەیە، ئەوەی ئێوە پشت ئەستورە بە خەڵک؟



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

- بەڵێ، گومانی تێدا نییە پشت ئەستورە بە خەڵک، بە بڕوای من تا ئەم خولەکەش حکومەتی هەرێمیش هێڵی سوری نەبەزاندوە بەرامبەر ئێمە.

* بۆچی ئاسایش پێتان دەڵێت "زرگوێز، برادۆست و هەڵگورد چۆڵبکەن"، تەنانەت دێنە سەر بارەگاکانی ناو شار، ئەم فشارانە تاکتیکە؟

- پێیان نەگوتووین چۆڵی بکەن، تەنها کۆمەڵێ رێکاریان دیاریکردوە کە بۆ ئەو بارودۆخە مەعقوڵن و ئێمەش ڕەچاویان دەکەین.

* کەواتە لەو پەلامار و هێرشانەی کرایە سەرتان، کە هاوکاتبوو لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی ئێران، تا چەند لە هەڵوێستی حکومەتی هەرێم، یان یەکێتی و پارتی ڕازین وەکو حکومەت و حیزب، لە هەمانکاتدا تا چەند لە هەڵوێستی خەڵک، نوسەران و ڕۆشنبیران ڕازین؟

- چاوەڕوانیمان لە حکومەت و لە ڕۆشنبیران لەوە زیاتر بوو، ڕۆشنبیران بەداخەوە بەرامبەر بە کێشەی خۆشیان لە عێراق و لە هەرێم چالاک نیین. بەرامبەر بە کێشەکانی باکور و عێراقیش، جۆرێک لە دوورە پەرێزی و خۆ دوور خستنەوە دەبینین. جگە لەوە بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان هێزە ئیسلامییەکانیش کاریگەری خۆیان هەیە لەسەر کەش و هەوای سیاسی هەرێم. ئەوانیش بەو سەرهەڵدانە لە ئێران و بە دروشمەکانی مورتاح نیین. پێموایە حکومەتی هەرێم لەگەڵ ئەوەش کە وتم: هێڵی سوری نەبەزاندوە بەرامبەر ئێمە، بەڵام دەیتوانی هەم بۆ پاراستنی سەروەری دەسەڵاتی خۆی، هەم بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا لەو هاوسەنگی هێزی ناوچەییەیدا، جێگە و پێگەی باشتری هەبێت، دەبوایە بەهێزتر دەرکەوتبایە. کۆماری ئیسلامی زۆر پێویستی بە حکومەتی هەرێمە، لە سنورەکانی هەرێمی کوردستانەوە بوە، کە گەمارۆی ئابوری سەر ئێران کەمبۆتەوە، هێندەی کۆماری ئیسلامی قازانج و دەستکەوتی ئابوری هەیە لە هەرێمی کوردستان، دە یەکی هەرێمی کوردستان سودمەند نابێت لەو قازانج و دەستکەوتە، ئامڕازێکی زۆر بەهێزیان هەیە بۆ ئەوەی تەسلیمی هەموو فشارێکی کۆماری ئیسلامی نەبن.

* هەست بە مەترسی جددی دەکەن، بەرامبەر ئەو فشار و بۆردومانانە، یان هاوشێوەی ئەو فشارانەی کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا تورکیا دەستی داوەتێ، بۆ نمونە لە ماوەی (٢ - ٣) ساڵی ڕابردوودا، دەیان سەرکردەی پەکەکە لە ڕێگەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**دڕۆنەوە شەهیدبوون، پێتانوایە ئێرانیش لەمەودا دەستی ئاوەڵاتر بێت؟ لە پرسیاری پێشتریش مەبەستم ئەوە بوو، بۆچی تورکیا هەموو ڕۆژ لە پێنجوێنەوە بۆردومان دەکات تا زاخۆ، کەس قسە ناکات، بۆچی بۆ ئێران ڕەوا نییە بێت و بۆردومانی کۆمەڵە و دیموکرات بکات؟**

- ئاشکرایە نە بۆ تورکیا، نە بۆ ئێران ڕەوا نییە، تورکیا ئەو تیرۆرانە دەکات، چونکە زۆردارترە، چونکە ئەمریکا ئەو مافەی بۆ سەلماندوە کە لە هەرێمی کودستان تەراتین بکات. سەبارەت بەوەش کە ئێمە لە هەرێمی کوردستان هەست بە مەترسی دەکەین، بەهۆی توانای شاراوەی کۆماری ئیسلامییە بۆ زەربەدان. کۆماری ئیسلامی لەژێر پۆششی کاری بازرگانی و کۆمپانیای جۆراوجۆردا، بە دەیان تیمی تیرۆریستی لە هەرێمی کوردستان چاندوە، هەلومەرجی بۆ ڕەخساوە تا ئەگەر بیەوێت ئەو کارە بکات، بەڵام تورکیا بێ پەروا دەیکات، ئێران کە هێشتا سنورێکی ماوە و نەیبەزاندوە، هۆکارەکەی ئەمریکایە، ئەمریکا بەو ئەندازەیەی ڕێگەیداوە بە تورکیا لە ئاسمانی کوردستانی عێراقەوە زەربە لە پەکەکە و ئۆپۆزسیۆنی خۆی بدات، بەو ئەندازەیە ئەو ئازادی جوڵانەوەیەی بۆ کۆماری ئیسلامی بە ڕەسمی نەناسیوە و چاوپۆشی لێناکات، لای کۆماری ئیسلامیش ئاشکرایە، لەگەڵ ئەوەش کۆماری ئیسلامی ئاستی خۆی دەزانێت، زەربەیەک دەوەشێنێت و دەردەچێت، چاوەڕێی کاردانەوە دەکات، چەند مانگ ڕادەوەستێت، ئەمریکا کاردانەوەی نەبوو، زەربەیەکی تر دەوەشێنێت، بۆیە جێگە و پێگەی تورکیا و کۆماری ئیسلامی لە کوردستان جیاوازی هەیە، لەگەڵ ئەوەش بەهۆی هێزی کۆماندۆ و چاندنی تیمی تیرۆر لێرە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، هەمیشە هەست بە مەترسی دەکەین، هەوڵدەدەین هەم بە کۆمەکی خەڵک، هەم بە وشیاری خۆمان، خۆمان بپارێزین.

*** ئەو تاکتیک و ڕێگە چارانە چییە، کە بەرامبەر ئەم مەترسییانە دەیگرنەبەر؟ هێزی پێشمەرگەی ئێوە ئامادەیە، بۆ ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ئێران ڕوودەدات، بەهۆی ئەو خۆپیشاندان و ڕاپەڕینە جەماوەرییەوە؟**

- پێموایە ئەگەر هەلومەرجی بەشداری هێزی پێشمەرگە و خەباتی چەکداری بێتە گۆڕێ و ببێتە ویستێکی جەماوەری و زەمینەی بۆ خوڵقا بێت، پێویست بەم هێزەی ئێرە ناکات، ئەوە ئەو خەڵکەیە، کە لەوێ لە سەر ڕێنوێنی ئێمە چەک هەڵدەگرێت، بەڵام ئێستا چارەنووسی ئەو سەرهەڵدانە بە بوونی هێزی چەکدارەوە گرێنەدراوە.

نمونەیەکت بۆ دەهێنمەوە، ساڵی (١٣٥٨) بەرامبەر بە (١٩٧٩)ی زایینی، کە ڕژێمی شا ڕووخا، هەموو شاری سنە بەدەست ئێمەوە بوو، جەماوەری خەڵک شاریان ڕزگارکرد، ئەمجار پێشمەرگە دروستبوو، نەک ئەوەی پێشمەرگە و هێزێکی چەکدار



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

چوو بێت شاری ڕزگار کرد بێت، شار بە خۆپیشاندان، داگیرکردنی پادگان و داگیرکردنی بنکەکانی شا ڕزگار بوو، بە هەمانشێوە بۆ ڕزگاری شاری مهاباد و شارەکانی دیکە.

بۆیە ئەوە سیناریۆی دڵخوازی ئێمەیە کە دوپات ببێتەوە، نەک ئەوەی هێزی پێشمەرگە لێرە بچێتەوە بۆ ڕزگارکردنی شارەکان.

* هەست بە مەترسی دەکەن؟

- بێگومان دەبێت خۆمان بپارێزین، بەڵام ئێستا زیاتر دڵخۆشین لەچاو ئەوەی هەست بە مەترسی بکەین، هەرچەندە هەمیشە مەترسی هەیە بۆ کاری تیرۆریستی و پێدادانی موشەک لە دورەوە، ئەگەرچی پێشمەرگایەتی بەو شێوازە کۆنە ناکەین، بەڵام ژیانمان ژیانی پێشمەرگایەتییە، دەبێت خۆمان بۆ هەموو جۆرە ئەگەرێک ئامادە بکەین.

* دەورانێکی زۆرە لە تاراوگە دەژین، بەردەوامیش کە چاوپێکەوتنمان کردوە وتوتە: ئایندەیەکی باش چاوەڕێمانە، ئێران ئاڵوگۆڕ بەخۆیەوە دەبینێ، هێشتا هەر ئەم قسانە دەکەیت، یان بەئێنی تر دەدەیت، بە پشت بەستن بەو ڕووداوانەی ڕوودەدات، مەبەستم ئەوەیە تابلۆکە بەرچاو ڕوونترە؟

- هاندەری ئێمە بۆ خەبات هەر ئەوەیە، کە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش هاندەدات، خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش ناچارن خەبات بکەن، خەبات سەربەخۆ لە ئاستی ڕووداوەکاندا بۆیان بژاردە نییە، زەرورەتی چارە هەڵنەگری ژیانیانە. ڕەنگە ئاستی ململانێیەکەی تەنها ئەوە بێت، کە جنێو بدات تا ئەوەی چەک هەڵدەگرێت و مانگرتن دەکات، ناچارە ململانێ بکات، ئەگەر نەیکات ئەوەی هەیەتی لەدەستیدەدات، خەڵکی کرێکار و هەژار و ستەملێکراو ململانێ ناکات بە مەرجی سەرکەوتن، بەڵکو ململانێ دەکات لەبەرئەوەی گرنگ و پێویستییە، بۆ ئێمەش بەهەمانشێوەیە، ئاشکرا نییە سەردەکەوین، یان نا؟ ئومێدەواریشم سەربکەوین، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەبێت خەبات بکەین. من هەمیشە وتوومە: کوردستان بەو (٤٣) ساڵ بەرگرییە قوربانی کەمتر داوە لە چاو ئیسفەهان بەرامبەر کۆماری ئیسلامی، چ ئەوانەی لە شەڕدا کوژراون، چ ئەوانەی لە شوێنی تر کوژراون، (٧٠٠٠ تا ٨٠٠٠) ئینسان لە جەریانی قەتلوعامی (١٣٦٧)ی زیندانەکانی ئێران لە کۆمەڵکوژی مانگی تیر و مورداد دا لەسێدارەدران، (١٥٠ بۆ ٢٠٠) کوردی تێدا نییە، لەبەرئەوە خەڵکی کورد بە بەرگریکردن و شەڕکردنی دەستکەوتی بەدەستهێناوە، ئێستاش لێرە پێشمەرگەی ئێمە پێشمەرگایەتی دەکات، لە تەلەفزیۆنی ئێمە دژ بە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆماری ئیسلامی قسە دەکات، سبەی دەچێتەوە (٢٤) کاتژمێر ڕاینـاگرن، چونکە هاوسەنگییەک دروستبوە، ئێمە وامانکردوە ئەو هاوسەنگییە دروست ببێت، کەواتە سەرقاڵی کارێکی ئەرێنین، خەڵک هەست بەوە دەکات، کە ئەو تەشکیلاتە بەو هەموو ساڵەی کە لە تاراوگە بوە، ئێستا لێرە هەبوونی بەسود و گرنگە.

* بەرنامەیەکتان هەیە بۆ کاتی گەڕانەوە؟ دەتانەوێت ئەزمونی ڕۆژئاوای کوردستان دووبارە بکەنەوە، کە دام و دەزگاکان لە شوێنی خۆی مایەوە، هێزێک چوو دەستیگرت بە سەریدا، بارودۆخ ئاسایی دەڕوا، خەڵک و چاودێرانی سیاسی لێی ڕازین، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو ئەزمونەی لە ساڵی (١٩٩١) لە باشوری کوردستان ڕوویدا، بوە هۆی تاڵانی، فەوتانی دام و دەزگا و ئەرشیفی، دەتانەوێت کام ئەزمونە دووبارە بکەنەوە، هی ڕۆژئاوا، یان باشور؟

- بێگومان نامانەوێت ئەزمونی باشور دوپات بکەینەوە، بەڵکو دەبێت لە ئەزمون، هەڵە و خەباتەکەی وانە وەربگرین و بەکاریبهێنین، ئەگەر بڕیار بێت، هەموو ئەو هەڵانەی لە پاڵ دەستی خۆمان ڕوویانداوە دوبارەیان بکەینەوە، وەک ئەوە وایە، خەریکی ئاو خەستکردنەوە بوو بین، دەبێت ئەو هەڵانە ڕەچاو بکەین. ئەزمونی ڕۆژئاواش ئەوەی کە پێوەندی بە دەستکەوتە کۆمەڵایەتییەکانیانەوەیە بە تایبەت لە بواری بەڕێوەبردنی خۆسەر و ئەنجومەنەکان و لە بواری مافی ژنان و لە بواری بە یەکەوە ژیانی ئاشتیانەی نەتەوە جوراوجۆرەکان دەبێ دەرسیان لێوەربگیرێ.

ئەزمونی باشوریش، دوو وانەمان پێ دەڵێت:

**یەکەم**: ڕاپەڕین گرنگە، ئەگەر هاوسەنگی هێز گۆڕا، دەبێت خەڵک هانبدرێت بۆ ڕاپەڕین، ڕاپەڕینی جەماوەری لێرە ڕەوا بوو، کە یەک لە دوای یەک شارەکانی ڕزگارکرد لەژێر دەستی بەعس، دەستکەوتێکی گەورەی کۆمەڵایەتی بوو.
**دووهەم**: لەبـاربردنی شۆڕاکان، لەبەرچاو نەگرتنی ئیرادەی خەڵک، پێشێلکردنی دیموکراسی، ئـازادی و مـافی مرۆڤ، گەندەڵی دارایی و ئیداری، هەمووی دەبێ هۆکارەکانیان بناسین و خۆمانیان لێ دوور بگرین. واتا وانە لە هەردوو خاڵەکە وەردەگرین، بەڵام یەکەم بە ئیجابی، دووهەمیان بە سلبی.

* بە حکومی تەمەنی خۆت، بە حکومی تاوانکارییەکانی کۆماری ئیسلامی، بە حکومی ئاڵوگۆڕ لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە، پێتوانییە تۆ دەبێت بچینەوە وڵات، شار وماڵەکەی خۆت، ئەگەر ئاڵوگۆڕێک ڕوویدات؟ مەبەستم ئەوەیە، ئەو هەموو ڕووداوگەلە پێمان ناڵێت "کە دەبێت ئاڵوگۆڕ ڕوویدات"؟



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

- بێگومان ئەگەر ئاڵوگۆڕ ڕوویدات، دەبێت بچینەوە، سەبارەت بەو ڕووداوگەلەش هێشتا ئەو هاوسەنگییە پێش نەهاتوە، هێشتا دەوڵەت زاڵە، هێشتا جەماوەری خەڵک ئامادە نییە، تا ئەو ڕادەیەی کە بە ڕاپەرینێک شارەکان ئازاد بکات، دەبێت هاوسەنگییەکە بەشێوەیەک بگۆڕێت، کە ئێمە بتوانین جێگەی خۆمان بکەینەوە.

*** چاوەڕوانی ئەوەت هەیە، بەیانییەک لە خەو هەستی و هەست بکەیت کۆماری ئیسلامی ئێران تەواو بوە؟**

- پێموانییە کۆماری ئیسلامی ئێران لەو دەوڵەتانە بێت، کە وەها بە ئاسانی مەیدان چۆڵ بکات، دامەزراوەترە، لەگەڵ ئەوەش هێزی چەکداری کۆماری ئیسلامی جیاوازی هەیە، یەکە بە یەکەیان بەرژەوەندیان بە مانەوەی کۆماری ئیسلامییەوە بەستراوەتەوە. لە ماوەی ئەو (٤٠) ساڵەدا بەشێکی زۆر لەو هێزانە، جینایەتی وەهایان پێکراوە، ڕێگەیان نییە بڕۆن بۆ هیچ شوێنێک.

*** خۆ هەموو سیستمە سیاسییە تۆتالیتارەکان بەهەمانشێوەن، بۆ نموونە عێراق و لیبیا؟**

- ڕاستە، بەڵام ئەوەی من دەیبینم، ڕژێمی ئێران هێندەی دەوڵەتی عێراق کارتۆنی نییە، دەوڵەتی (شا)ش بەهەمانشێوە بوو، نالێم زۆر دەمێننەوە، بەڵام دەبێت هۆشیار بین کە خەڵک نابەوەخت نەکەونە شەڕی یەکلایی کەرەوە لە کاتێکدا کە هێشتا بە تەواوی بۆی ئامادە نین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کۆمەڵە(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران) – ڕێکەوتی: ١٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# بیرا سنە: خوێندکاران بەشێک بوون لە ڕاپەڕینی کوردستان و ڕێژیمی داگیرکەری ئێرانیش بەردەوام ترسی لەوە هەبوو



**هەڤپەیڤین: کاروان مێراوی**

ئاگری شۆڕشی ژینا کە لە کوردستان هەڵگیرسێندرا بەخێرایی پەرەی گرت و ناوچەکانی تری ئێرانی گرتەوە، بەرەو سێ مانگە دەڕوات و ڕێژیمی تۆتالیتێری ئاخوندیی ئێران و بەتایبەت سپای تێرۆریستیی پاسدارانی ئەو ڕیژیمە کە باسکی سەرەکیی ڕێژیم ئەژمار دەکرێت وەزاڵە هێناوە. یەکێک لەو توێژانەی کە لەم ڕاپەڕینەی سەرانسەری ئێران و بەتایبەت لە کوردستاندا هەم کاریگەر بوون و هەم ڕۆڵی سەرەکییان لە پەرەگرتنی ڕاپەڕینەکەدا هەبووە، خوێنداکاران و زانکۆکان بوون و دەتوانین بێژین ئەمەش دیسان لە کوردستانەوە سەرچاوەی گرتووە. لەسەر ئەم پرسە هەڤپەیڤینێکمان لەگەڵ بەڕێز بیرا سنە (ناوی خوازراو) پێک هێناوە.

**کاروان مێراوی:** کاک "بیرا" سپاس بۆ ئەوەی کە کاتتان بۆ ئەم هەڤپەیڤینە تەرخان کرد. یەکەم پرسیارمان ئەوەیە؛ بەڕیزتان وەک خوێندکارێک کە لەنێو جەرگەی خەباتی شارن، لێکدانەوە و خوێندنەوەتان بۆ ئەم ڕاپەڕین و سەرهەڵدانەی کوردستان و ئێران چییە؟



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**بیرا سنه**: هەر وەک دەزانین ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە وەکوو داگیرکەرێک سەیری دەوڵەتی ئێرانیی کردووە و بەپێی بارودۆخی خۆی و جیۆپۆلیتیکی ناوچەکە بە شێوازی جۆراوجۆر دژی ئەم داگیرکارییە وەستاوەتەوە و خەباتی کردووە. بەڵام ڕاپەڕینی ئەم جارەمان جیاوازە و جیاوازیی ئەم ڕاپەڕینەش لەگەڵ ئەو خۆپیشاندان و سەرهەڵدانگەلەی کە بە درێژایی زیاتر لە چوار دەیەی دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی داگیرکەر ڕووی دابوو، مافی ژن و تیشکخستنە سەر هەڵاواردنی ڕەگەزی بوو و ئەمە شتێک بوو کە توانی نەتەوە جیاوازەکانی ئەم جوگرافیایە یەکگرتوو بکات بۆ ڕووخاندنی دەوڵەتی ئیسلامیی داگیرکەری ئێرانی. لە لایەکی ترەوە لە ئاستی جیهانییشدا پرسی ژن زیاتر لە کێشەکانی تر سەرنجی پێ دەدرێت کە بوو بەهۆی ئەوەی کە پاڵپشتیی جیهانیی بەدواوە بێت و ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بخاتە ژێر گوشارێکی هەمەلایەنەوە. خاڵێکی گرینگی دیکە ئەوەیە کە ئەم بابەتە یەکێک لە هێڵە سوورەکانی ڕێژیمی ئیسلامییە و لە ستەمکارییەکانی خۆی بە دژی ژنان یەک هەنگاو پاشەکشە ناکات، کەواتە وەک دەسەڵاتێکی توتالیتەر، ڕێگەی سەرکوتی توندوتیژانەی خۆپیشاندەران و خەڵکی ڕاپەڕیوی گرتووەتە بەر.

**کاروان مێراوی: چ جیاوازییەک لەنێوان خرۆشانی شەقامی شارەکانی کوردستان و شارەکانی ئێراندا هەیە و ئەو جیاوازییانە لە چ ئاستێکدایە؟**

**بیرا سنە**: لە ماوەی ئەم ڕاپەڕینەدا چەندین جیاوازیمان لەنێوان شارەکانی کوردستان و شارەکانی تری جوگرافیای ئێراندا بینیوە و دەتوانم ئاماژە بە شارەکانی شنۆ، مەهاباد و سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەم کە نموونەیان لە هیچ شارێکی فارسنشین یان شارێکی دیکەی پێکهاتەکانی ئەم جوگرافیایە نەبووە. هەر وەک دەزانن شەقامەکانی ئەم چەند شارە بەتەواوەتی کەوتە دەستی خەڵکی ڕاپەڕیو کە ئەمەش ڕێکخستن و یەکگرتوویی و ورەی بەرز و شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستانی دەرخست. هەروەها شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە ڕۆژی یەکەمی ڕاپەڕینەوە بەردەوام لە مانگرتنەکاندا بەشدار بوون کە ئەمە دیسان لە هیچ شارێکی دراوسێ و ناوچەکانی تری جوگرافیای ئێراندا ڕووی نەدا. یەکێکی تر لە جیاوازییەکان دروشمەکانی خەڵکی کوردستان بوو کە بەپێی گشتگیربوون و ناوەرۆکیانەوە سەرتۆپی ئەم ڕاپەڕینە بوون. دروشمەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چین و توێژە جیاوازەکانی لەخۆ گرتووە و خوازیاری سەربەستیی ژن و سەربەخۆیی نەتەوەکەمان و ڕاونانی داگیرکەرە لە کوردستان و بەدەستهێنانەوەی سەروەریی سیاسی و نیشتمانیی خۆمان بوو، بەڵام لە شارەکانی پێکهاتەکانی دراوسێماندا دروشمگەلێک وتراوەتەوە کە زۆربەیان مەبەستدار بوون و لە قازانجی هاوکاری و یەکگرتوویی گەلانی چوارچێوەی جوگرافیای ئێران نەبووە و هەندێک جاریش دروشمەکانیان تەنانەت سێکسیستی و دژ بە ژن بووە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**کاروان مێراوی**: لەم قۆناغە هەستیارەدا خوێندکارانی زانکۆکانی کوردستان چ ئەرکێکیان لەسەر شانە و ئەو ئەرکە دەبێت چۆن بەڕێوە ببەن؟

**بیرا سنە**: خوێندکارەکان بەردەوام بەشێک بوون لە ڕاپەڕینەکە و بەردەوامیش هێرش کراوەتە سەریان. پێم وا بێت تاکوو ئێستە بەباشی ئەرکی خۆیان بەجێ هێناوە و دەبێت لەم ڕەوتەش بەردەوام بن و بە خۆپیشاندان، مانگرتن و پاڵپشتی لە خوێندکارانی ڕفێندراو و بەندکراو لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی داگیرکەری ئێرانەوە، گوشار بخەنە سەر ڕێژیم. ڕێژیمی ئیسلامی ترسی لە خۆپیشاندان و پەیوەستبوونی خوێندکاران بەم ڕاپەڕینەوە هەبووە و ئەم ترسەش ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێت. هەرچەندە کە بە ئاشکرا سەرکوتیان دەکات، بەڵام سەرکوتی خوێندکاران لە شوێنێکی ئاکادمیک و لە زانکۆ، لە کۆمەڵگەی جیهانیدا دەنگدانەوەی زیاتری دەبێت و گوشاری زیاتریش دەخەنە سەر ئەم ڕێژیمە داگیرکەر و داپلۆسێنەرە.

لە بەشداریی خوێندکارانی زانکۆکانی کوردستان لەو ڕاپەڕینەدا، مامۆستا کوردەکانی ئەو زانکۆگەلە چەندە لەگەڵ خوێندکاران کەوتن؟ یان بە واتایەکی تر مامۆستا کوردەکانی زانکۆکانی کوردستان تا چ ڕادەیەک پەیوەست بوون بە خرۆشانی خوێندکارانەوە؟

بەشێک لە مامۆستایانی زانکۆ و قوتابخانەکانی کوردستان لەم ماوەیە و لە ڕاپەڕین و خۆپیشاندان و مانگرتنەکاندا بەشدار بوون. هەر وەک هەموو بابەتێکی تر ناکرێت بیگشتێنین و بەدڵنیاییەوە بەشێکی تر لە مامۆستایان پەیوەست نەبوون یان هەڵوێستی هێمنانەتریان گرتووە کە بە نۆرەی خۆی ئەتوانێت چندین هۆکاری جیاوازی هەبێت.

**کاروان مێراوی**: داخوازی و چاوەڕوانیی خوێنداکارانی کورد، بەتایبەت لەم قۆناغە هەستیارەی ئێستەدا لە حیزبە کوردستانییەکان چییە؟

**بیرا سنە**: خوێندکارانیش هەر وەک گشت چین و توێژەکانی تر و سەرجەم خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داخوازی و چاوەڕانی ئەوەن کە حیزبە کوردستانییەکان پاڵپشتیان بن و لە کۆمەڵگەی جیهان و بەتایبەت ڕێکخراوە نێودەڵەتییەکاندا دەنگی خوێندکارانی کوردستان بن، گرینگتر لەوە بەرپرسیار بن لە هەر چەشنە هەڵوێستگرتن و بڕیاراتێکدا. خەڵکی کوردستان و بەتایبەت ئێمەی خوێندکاران خوازیارین کە بە وشیاریی زیاترەوە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن و لایەنە سیاسییەکانی نەتەوەکانی تری چوارچێوەی جوگرافیای ئێران و بەتایبەت ئۆپۆزیسیۆنی فارسدا هەڵسوکەوت بکەن و بەرەوژەندیی نەتەوەیی و نیشتمانیی خەڵکی کوردستان توخمی سەرەکیی دانیشتنەکان، دانوستان و هەر چەشنە هاوپەیمانەتییەکی حیزبە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کوردستانییەکان لەگەڵ هەر ئۆپۆزیسیۆنێکی تری نەتەوەکانی چوارچێوەی جوگرافیای ئێران و بەتایبەت فارسەکان بێت.

**کاروان مێراوی**: وەک دواهەمین پرسیار؛ لەم ڕاپەڕینەدا چەند ژمارەی شەونامەیەک لە شارەکانی کوردستان و ئێرانیشدا بڵاو کرایەوە، پێتان وایە ئامانج و کاریگەریی ئەو شەونامەیە چییە؟

**بیرا سنە**: یەکێک لە خاڵە گرینگەکان بۆ بەردەوامبوونی ڕاپەڕین ئەوەیە کە هەموو کەسەکان بە باشترین شێوە و لە بواری خۆیان و لە ئاستی تواناییەکانیاندا، ڕۆڵ و دەوری خۆیان بگێڕن و ئەرکی خۆیان بەجێ بێنن. کەواتە هەر چەشنە هەوڵێک و هەر کارێک کە ئاگری ڕاپەڕین گەش بیهێڵێتەوە، پێویستە بکرێت یان بەڕێوە ببرێت. شەونامەکان، دیوارنووسین، بڵاوکردنەوەی سروودی شۆڕشێگێڕانە و کارگەلێکی تر لەم چەشنە جگە لە ئاگادارکردنەوەی خەڵک، بەر بە ئاساییبوونەوەی دۆخەکە ئەگرێت و کڵپەی ئاگری ئەم ڕاپەڕین و شۆڕشە بڵێسەدارتر دەکات و خەڵکی زیاتر بۆ ڕاپەڕین هان دەدات.

**کاروان مێراوی**: بەڕێز بیرا سنە، سپاس بۆ ئەوەی کە لەم بارودۆخە هەستیارەتاندا کاتتان دانا و لەم هەڤپەیڤینەدا بەشداریتان کرد

**بیرا سنە**: سپاس بۆ ئێوەش و ماندوو نەبن، بەهیوای سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەمان و ڕزگاری و ئازادیی نیشتمانی داگیرکراومان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ = ١٨ی نەڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# خامنەیی و شەڕئەنگێزی بێ سنوور



**سایتی پەیام**

خامنەیی هێما و سیبولی جەنایەت و ڕەزالەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. بە ملیۆن خەڵکی وەگیانهاتوو لە سەر شەقامەکانن و ئەو و باقی ئاخوندەکان و کاربەدەستانی دەوڵەتی ئەم خەڵکە بێزارە نابینن، حوزور و بوونی ئەوان ڕەد دەکەنەوە، و ئاگاهانە خوێ دەکەن بە برینی خەڵکدا.

ڕەئیسی و هەیئەتی حاکمە بەبێ هیچ شەرم و شکۆیەک دەڵێن ناڕازیەکان چەند کەسێکن، و ئەوانیش فریویان خواردوە، یان کەسانی سەربە نەیارانی دەرەوەن.

ئاخوندە ورد و درشتەکان یەک لە دوای یەک، هەڕەشەی سەرکوتی زیاتر لە خەڵک دەکەن و باس لە بێ زەرفیەتی نیزام سەبارەت بە تەحەمول نەکردنی دەژایەتی لە لایەن خەڵکەوە دەکەن. خامنەیی و هاوبەشەکانی دەرسیان لە ڕوخانی ئیستبدادی سەڵتەنەتی و شا، ئەزمونێکیان لە دەرکێشانی سەدام حسێن لە کونێکدا، و هیچ وانەیەکیشیان لە ڕوخانی دیکتاتۆڕەکانی لیبی، یەمەن، میسر، تونێس و باقی شوێنەکانی دنیا وەرنەگرتوە.

لۆژیکی دیکتاتۆڕەکان و ستەمکاران زۆر هاو شێوەیە و کەم هەڵدەکەوێ زۆردارێک بدۆزیتەوە کە بەر لە ئەگەری روخانی،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بیرێکی جیددی بۆ ڕزگار بوونی بکاتەوە و یان هەوڵێکی پێویست بدات بۆ دەرکی واقیعی و ڕاستەقینەی بارەدۆخەکە و ناسینی ئاڕاستەی ڕەوتی ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان.

ڕژێمی ئیسلامی بێجگە لە توانایی سەرکوت، ماشینی درۆ، و دەزگای ئاوەژو کردنەوەی داخوازی و هیوا و ئاواتەکانی خەڵک، هیچی دیکەی نییە.

قرچەی تێکشکانی ئیسک و بڕبڕەی پشتی ڕژێمی ئیسلامی دەگاتە بەرگوێ و دەبێ ئامادەی لە گۆڕنانی ئەم حکومەتە و نیزامی کۆنەپەرستی ئیسلامی و دامەزراندنی نیزامێکی ئینسانی و ئازاد بین بۆ خەڵکی ئێران.

شۆڕشی ئێران تا ئێرەش بە هیممەتی لاوانی جەسوری ژن و پیاو کۆمەڵێک دەستەکەوتی بەدەست هێناوە کە بەهیچ شێوەیەک ناسەندرێنەوە. کاریگەری ئەم شۆڕشە تا ئێستا سنورەکانی ئێرانی بڕیوە و پایە سیاسی و ئیدئۆلۆژیەکانی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەی خستۆتە لەرزە. لەنێو خۆی ئێراندا ئەم شۆڕشە مەحکومە بە سەرکەوتن و لە دەرەوەش پایەکانی هێژمون و دەسەڵاتی ڕژێم تێکرماوە. ئەگەر تا دوێنێ مانگرتنێکی سیاسی کە چەخماخەکەی لە کوردستانی شۆڕشگێڕەوە لێدرا، ئاواتێک، پێشبینیەک و هیوایەک بوو، لە ڕۆژەکانی٢٤، ٢٥ و ٢٦ ی خەزەڵوەردا واقعی بوونی خۆی سەلماند. بزوتنەوەی کرێکاری لە داهاتویەکی نە زۆر دووردا بە قامەتی ئەفراشتە و بەتواناییەوە بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی شۆڕشی ئێران دێتە مەیدان و ئاخرین بزمارەکان لە تابوتی حکومەتی ئیسلامی ئەدات.

ژنان، لاوان و خەڵکی کوردستان کە پێشەنگ و بزوێنەری ئەم بزوتنەوە گەورە جەماوەریەن، گەلێک دەرس و وانەیان لە ٤٣ ساڵ خەبات لەدژی حکومەتی مەزهەبی وەرگرتوە. بزوتنەوەی ئەمڕۆی خەڵکی ئێران لە جەوهەر و زاتی خۆیدا ئازادی خوازانە، بەرابەری تەڵەب، دادپەروەر و سیکۆلارە و ئەم پێشکەوتن خوازیەش زامنی دەستەبەر کردنی پشتیوانی زۆرینە لە نێو خۆ و دەرەوەی وڵات و شانسی سەرکەوتنیەتی.

ڕزگار بوونی چینی کرێکار لە چەوسانەوەی سەرمایەداری و بنیاتنانی کۆمەڵگایەک کە تێیدا چەوسانەوەی ئینسان بەدەستی ئینسان کۆتایی بێت و خەبەرێک لە ستەم، هەڵاواردن و هەژاری بوونی نەبێت لە درێژەی ئەم سەرکەوتنەدا دەستەبەر دەبێت.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# یەکێتی ئەوروپا و ئێران



پەیڕەو ئەنوەر

## یەکەم؛ بە ئاسایشکردنی پرسی کورد

یەکێک لەو هەوڵانەی لەلایەن وڵاتانی داگیرکەری کوردستانەوە دەدرێت، دۆسیەی بە ئاسایشکردنی پرسی کوردە. مەبەست لە بە ئاسایشکردن گۆڕینی ڕەگوریشەی کێشەکەیە بۆ گۆشەی مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی ناوخۆی وڵات و بۆ سەر سیستمی سیاسی و دەوڵەت.

بۆ یەکەمجار پرسی بە ئاسایشکردن لەلایەن بیرمەندی ئەدەبیات و بواری ئاسایش (باری بۆزان)ـەوە بەکار هێنرا و تیۆریزە کرا. باری بۆزان لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا کتێبێک بڵاو دەکاتەوە لەژێر ناوی (خەڵک، دەوڵەت، ترس: کێشەی ئاسایشی نیشتمانی لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا). ئەم کتێبە دەبێتە سەرەتا و سەرچاوەیەک بۆ تێگەیشتن لە چەمک و پرۆسەی بە ئاسایشکردن و دواتریش دروستبوونی قوتابخانەی کۆپنهاگن بۆ ئاسایشی لێ دەکەوێتەوە.

ئارگیۆمێنتی سەرەکی ئەم قوتابخانەیە بۆ ئاسایش ئەوەیە، مەرج نییە سەرچاوەکانی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش تەنیا لە دەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەت و کیانە سیاسییەکە بن، بەڵکو لە زۆر حاڵەتدا دەکرێت سەرچاوەکە لەناو چوارچێوەی ناوخۆی دەوڵەتەکەدا بێت و لە بواری جیاوازەوە بێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەشێک لە وڵاتە نادیموکراتەکانی دنیا بەتایبەت ئەوانەی سروشتی کۆمەڵگەکەیان فرەنەتەوە و ئاین و کولتوور و مەزەون، لە زۆرینەی حاڵەتەکاندا ناوەڕۆکی پرسەکە دەگۆڕن بۆ پرسی بە ئاسایشکردن و پاساوی تایبەتی بۆ دەهێننەوە، بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر پرسەکە و بێدەنگکردنی گرووپە جیاوازەکان و چەوسەناندنەوە و پەراوێزخستنیان و بێبەشکردنیان لە مافە سەرەتایی و ڕۆشنبیری و کولتوورییەکان.

دیارە هەر ڕژێمێکی سیاسی و دەوڵەتێک لەسەر بنەمای یەک نەتەوە و یەک زمان و یەک ئایدۆلۆجیای باڵادەست دامەزرابێت، بە ئاسانی دەست بۆ پرۆسەی بە ئاسایشکردن دەبات و پاساو بۆ چەوساندنەوەی گرووپە نەتەوەیی و جیاوازییەکان دەهێنێتەوە.

وڵاتانی تورکیا و کۆماری ئیسلامی ئێران و سووریا، نموونەی ئەو وڵاتانەن کە لە زۆرینەی گوتارەکانیاندا ئەم ئارگیۆمێنتە بەکار دێنن و پرسی کورد بە ئاسایش دەکەن.

### دووەم: پەرلەمانی ئەوروپا و ئێران

پەرلەمانی ئەوروپا وەک دامەزراوەیەکی یاسادانان کە گوزارشت لە کۆمەڵگەی فرەچەشن و هەمەلایەنی ئەوروپایی دەکات، سەرکۆنەی هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکات بۆ سەر کوردانی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان و بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی دادەنێت.
دیارە هێرشەکان بەشێوەیەکی گشتی پێوەندی بە تێگەیشتنی ئێرانەوە هەیە بۆ خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییە و دۆسیەی بە ئاسایشکردنی پرسی کورد و خۆپێشاندانەکانیش. کاتێک هەڕەشە لەسەر ڕژێمە سیاسییەکە دروست دەبێت، ئاسانترین و خێراترین کەرەستە بۆ کپکردن و سەرکوتکردنی خۆپێشاندەران، بەلای ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، گۆڕینی ناوکی نارەزاییەکەیە بۆ هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی وڵات و بە ئاسایشکردنی دۆخەکە.
کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەن جیۆگرافیا و حەشیمەتێکی زۆر و بنیاتی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیین، بەڵام هیچ جۆرە مافێکی سیاسی و مەدەنی و تەنانەت ئابووریشیان لە چوارچێوەی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا نییە و وەک هاووڵاتی پلە دوو و سێ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و هەژمار دەکرێن.
لەلایەکی ترەوە، زیندانەکانی ئێران پڕن لەوانەی کە لەسەر مافی کوردبوون و زمانی کوردی و بیرکردنەوە بە کوردیی و هەڵسوکەوتکردن بە کوردی، گیراون و سزای قورسییان بەسەردا سەپێنراوە و تەنانەت لەسەر پرسی کورد ڕێژەیەکی زۆریان



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە سێدارە دراون کە دژ بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و هاووڵاتیبوون و کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراتی و پێکەوەژیان و فرەییە.

پەرلەمانی ئەورووپا لە ڕوانگەی ئەم پێشێلکارییانەوە ڕژێمی سیاسی و سوپای پاسدارانی ئێران سەرکۆنە دەکات و ڕەفتارەکانی بە ڕەفتاری دژ بە مافەکانی مرۆڤ و دەوڵەتی دیموکرات دادەنێت و تەواوی پرسەکە لای کۆماری ئیسلامی ئێران پرسی هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایش و ناوخۆی وڵات و بەتەواوی ڕەگوریشەی کێشەکەیان گۆڕیوە بۆ کێشەی بە ئاسایشکردن.

## سێیەم؛ ترس لە فرەیی و هەمەچەشنی

فۆبیا و ترس لە فرەیی و هەمەچەشنی کۆمەڵایەتی، یەکێکە لە کێشە گەورەکانی سیستمی دکتاتۆری و ڕژێمی سەرکوتکەر و داپلۆسێنەر. ڕژێمە دکتاتۆرەکان لە فرەڕەنگی و دیزاینی ڕەنگاوڕەنگی کۆمەڵگە دەترسن و لێی ڕا دەکەن. لە ڕێی ئامرازی سەربازی و سەرکوتکردنەوە ئەم فرەڕەنگییە بچووک و لاواز دەکەن و دەیشارنەوە. پێچەوانەی ڕژێمە دیموکراسییەکان کە فرەڕەنگی و فرەیی بە خاڵی بەهێز و دەرفەتی بەهێزبوونی کۆمەڵگە دادەنێن و دەیکەن بە ڕەگەزێکی سەرەکی لە پرۆسەی سیاسەت و حکومڕانی و یاسادانان و بنیاتنانی ئاشتی و پێکەوەژیان و یەکتر قبوڵکردن.

ڕژێمە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گوێ پێکهاتە و دامەزراوە و کۆدەزگاکانیانەوە، لە هیچ دۆخێکدا ئەم ئامادەبوون و کرانەوەیان تێدا نییە بۆ قبوڵکردنی پرۆسەی لە خۆگرتن و ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان و هەمیشە فرەیی بە مەترسی سەرەکی دادەنێن بۆ سەر ئاسایشی دەوڵەت و کۆمەڵگە و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و لە زۆرینەی حاڵەتەکاندا ئەم فرەییە بە بابەتی بە ئاسایشکردنەوە دەبەستنەوە و پرسەکە بە ئاسایش دەکەن.

وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ناویشیدا ئەوانەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە، ترسێکی بێ ئەندازەیان لەم فرەڕەنگی و فرەییە کۆمەڵایەتییە هەیە و بە دەیان ڕێگە و میکانیزمی جۆراوجۆرەوە هەوڵی سەرکوتکردن و بێ بەهاکردنی ناسنامەی نەتەوەیی ئەوانیتر دەدەن و سوپا و سەرباز و ڕژێمی تۆتالیتاری بۆ دادەمەزرێنن و دەزگای بۆ بنیات دەنێن، بە مەبەستی تواندنەوەی گرووپە جیاوازەکان و دابڕاندنیان لە ڕابردوو و ئێستە و داهاتوویان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە – ڕێکەوتی: ١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# شۆڕشی نوێی ئێران بوو بە سێ مانگ




**کەماڵ گرویسی**

مانگی بەفرانباری ساڵی ١٣٥٦ی هەتاویی کە خۆپێشاندان دژی ڕژێمی پەهلەوی دەستی پێکرد،سەرەتا بە خۆپێشاندانی چەند سەد کەسی و دواتر هەزاران کەسی و لە کۆتاییدا چەندملیۆنی لە ماوەی سێزدە مانگدا گەیشتە ئاکام و سڕ و سیپاڵی پەهلەوی تێکەوە پێچا و کۆتایی بە زنجیرەی پاشایەتی لە ئێران هێنا و بێچمێکی دیکەی حکوومەت هاتە کایەوە کە بە ناو کۆمارییە. ئاخوندەکانی شێعە کە لە سەردەمی سەفەوییەوە تا تەنانەت سەردەمی پەهلەویش هەمیشە پشت و پەنای دەسەڵات بوون و فتوایان بۆ داوە، ئەمجارە لە بۆخۆیان ڕاستەوخۆ بوونە دەسەڵاتدار و جڵەوی حوکمیان بەدەستەوە گرت.

ئەوان بۆ ماوەی چل و سێ ساڵ وەها ئەسپی خۆیان لینگدا و لەخۆبایی بوون کە لەبیریان چۆوە کە تەنیا چوار دەیە لەوە پێش زۆربەیان بە خێر و سەدەقەی خەڵک دەژیان و دەرۆزەیان دەکرد. ئەسپی تۆڕی دەسەڵات هەڵیگرتن و دوای چل و سێ ساڵ ئەوانیشی گەیاندە سەر لێواری هەمان کەندەڵان کە پەهلەوی لێ هەڵدێرا.

ئێستا هەموو گەلانی ئێران یەکدەنگ و یەکویست هاتوونە سەر شەقامەکان و بە ڕوونی داوای ڕووخان و نەمانی حکوومەتی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئیسلامی دەکەن. بەڵام هێشتا هێزە خۆ بە ئۆپۆزیسیۆنەکانی غەیرە کورد، ساغ نەبوونەوە کە جۆرێک لە هاوکاری و هاوئاهەنگی لە ناو خۆیاندا پێک بێنن. ئەگەر کورد و بلوچ و خوزستانی لێدەرهاوێژین، ئەوا تورک و فارس بە دردۆنگییەوە دەڕواننە ئەو ڕاپەڕینە. هۆکاری ئەمکارەشیان بۆ یەک شت دەگەڕێتەوە، ئەویش مەزەبی شیعەیە. بەو مانایە کە فارس و تورک لە مەزەب دا هاوبەشن و بە هاوبەشییە توانیویانە لە ئێران خۆیان بکەنە زۆرینە. دیارە فارسەکان لێرەشدا کڵاویان لەسەر تورکەکان ناوە و لانیکەم تا ئێستا توانیویانە هەستی نەتەوەیی لە لای تورک کەمڕەنگ کەنەوە، بەڵام دوای ئاڵوگۆڕەکانی جیهان و گەشەی تێکنۆلۆژی ڕاگەیاندن و بەخۆدا هاتنەوەی تورکەکانی ئێران، ئیدی ئەمجارە تورکیش خوازیاری مافی خۆیەتی و چیدی "ئاواتیان ئەوە نییە بە فارسییەکی بێ زاراوە" قسە بکەن. دەستەبژێری فارس کە ڕاهاتووە هەمیشە حاکم بێ و بە نانەوەی دووبەرەکی و کێشە لە ناو گەلانی پێکهێنەری ئێراندا جڵەوی دەسەڵات بگرێتە دەست، باش دەزانێ کە ئەو کەوڵە مەزەبییەی تا ئەمڕۆ ئەوان و تورکەکانی لەبندا کۆ دەبۆوە، ئیدی بۆگەنی کردووە و کەس حازر نییە لەبنی دا بژی، دوو ڕێگایان لەبەرە، یان دەبێ دەستبەرداری مەزەبی شیعە بن و بە ناسیونالیزمەوە بنووسێن یان دیسان کڵاوی مەزەب لەسەر خەڵکی ساویلکە بنێنەوە و بەم چەشنە سەردەستیی خۆیان لە ئێراندا مسۆگەر بکەنەوە. ئەوان واتە فارسی ناسیونالیست هەمیشە ویستەکانی خۆی لە ژێر کەوڵی مەزەب و ناوی دروستکراوی ئێراندا شاردووەتەوە و شتێکی نامۆی وەک "ملت ایران" یان ساز کردووە و لانیکەم ٩٩ ساڵە لە ژێر ناوی ئێران دا خەریکی تواندنەوەی گەلانی غەیرە فارسن. ئێستا دەبینن نە ئەو میللەتەیان بۆ ساز بووە و نە دەتوانن چیدیکە "پارس" بە ناوی ئێران بەسەر خەڵکدا بسەپێنن.

خۆپێشاندانەکانی ئەمڕۆژانەی ئێران دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە گەلانی ئێران وەخۆ هاتوونەوە و ئێران وەک یەکەیەکی جۆغرافیایی چاو لێدەکەن و گەلانی ناو ئەو جوغرافیایە هیچیان وەک یەک نین و بێگومان لە ئێرانی دوای ڕژێمی ئیسلامی ئیدی فارسیش وەک یەکێک لە "قەومەکانی" ئێران چاوی لێدەکرێ، مافی دەبێ و وەک جارانی بۆ ناچێتە سەر (اینجوری برات نمیره بالا). ئەوەش تەنانەت نەوەی تازەی فارسیش دانی پێدا هێناوە و وەک باب و باپیرانی بە بیستی ناوی کوردستان و بلوچستان و بە داوای مافی وەک یەکی گەلانی پێکهێنەری ئێران چاویان ناچێتە پشتە سەریان.

لەم هەلومەرجەدا زۆر باش دەبێ، حیزبە نەتەوەییە کوردییەکان لە ناو فارسەکاندا ئەو لایەنانە بدۆزنەوە کە ئێرانیان وەک هەیە قبوڵە نەک وەک ئەوەی ئەوان پێیان وایە، واتە ئێرانی فرە نەتەوە( نەک قەوم) فرەزمان، ناناوەندی و نامەزەبی. پێویستیش ناکا جارێ فۆرم و قەوارە بۆ سیستمی حوکمڕانی دیاری بکرێ، تەنیا ئەوەندە بەس بێ کە بڵێین هەموو گەلانی ئێران مافی وەک یەکیان دەبێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بێتوو بتوانین شتێکی لەو بابەتە پێک بێنین، بێشک وڵاتانی دنیا پێشوازی لێدەکەن و رووخانی رژێمی ئاخوندی خێراتر دەکا.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---

## ڕۆڵی جاشەکان لە سەرکوتی ڕاپەڕینی کورستاندا



رامبود لوتفی پوور

ئەوەی لەم بابەتەدا دەیخوێننەوە لێکدانەوەیەکی ساکاری ئەو تایتێڵە نیە بەڵکوو هێنانە بەر باس و شرۆڤەی کۆمەڵێک ڕاستییە کە پشت بە زانیاریی زۆر ورد دەبەستێت، ئەگەر ناتوانم وردەکاریی زانیارییەکان بخەمە روو تەنیا بۆ هۆکاری ئەمنی و پاراستنی ژیان و ئاسایشی سەرچاوەکان دەگەڕێتەوە.

پیم وا نیە کەس گومانی لەوەدا هەبێت کە شۆڕشی ژینا چ لە باری گوتاری و چ لە باری کرداری و چ بە هۆی هەوێن و سیمبۆلی سەرهەڵدانەکەوە، کاراکتەرێکی تەواو کوردستانی هەیە. هەرچەند کە ئەم ڕاپەڕینە پاش ماوەیەکی کورت تەشەنەی بۆ شارەکانی ئێرانیش کرد و بوو بە بزاوتێکی سەرتاسەری لە ئاستی ئێراندا، بەڵام بەراوردی چۆنیەتی،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

چەندایەتی و ئاستی جیاوازی بەشداریی خەڵک لەم ڕاپەڕینە لە نێوان کوردستان و ئێراندا دەیسەلمێنێ کە هەنووکەش شار و گوندەکانی کوردستان چەقی بەرخودانی خەڵک و دینامیزمی بەردەوامیی ڕاپەڕینەکەن. بە دیویکیتردا دەتوانین بێژین کە شۆڕشی ژینا بە هزر و هێزی کوردی دەجوڵێت. کەواتە زێدەگۆیی نابێت ئەگەر بێژین چۆڵ کردنی مەتەرێزی بەرگری لە لایەن کوردەکان و هەرەسهێنانی شۆڕش لە کوردستاندا دەبێتە هۆی دامرکانەوەی ڕاپەڕینەکە لە ئێرانیشدا. سەرباری هەبوونی هەندێک خواستی هاوبەش بەڵام هۆی سەرەکیی جیاوازییەکان لە نێوان هەڵوێستی کورد و ئێرانیدا جگە لەوەی کە وەک کوردستانی بوونی خەسڵەتی شۆڕشی ژینا باسمان کرد بەشێکی بەرچاویشی بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە ئاستی ویست و گەوهەری هاندەرەکانیان جیاوازن.

## خواستی ئێرانییەکان

شەقامی ئێرانی وێڕای ئەوەی کە دەزانێ چی ناوێ بەڵام هێشتا بە تەواوەتی ڕوون نیە لەوەیدا کە چی دەوێ. واتە هاندەری سەرەکی بۆ خەڵکی ئێران لادانی فاشیزمی ئایینی و ڕوخاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامییە. بە شێوەیەکی لۆژیکی ئەم هەڵوێستە دەبێ بەرهەمی خواستی ئازادی و گەیشتن بە دیمۆکراسی بێت و ئەمەش لە دروشم و وتارەکانیاندا تا ڕادەیەکی زۆر بەرچاو و دیارە بەڵام ئەوەی کە هێمایەکی گەورەی پرسیار دەخاتە سەر خواستەکانیان و بەرەورووی گومانی دەکاتەوە یەکەم ئەو سیستم و لایەنە سیاسییانەیە کە وەک ئاڵتەرناتیڤی کۆماری ئیسلامی پشتیان پێ دەبەستن و دووهەمیش شێوازی ڕوانینیان بۆ ئازادی و میتۆدی دیمۆکراتیزاسیۆنەکەیانە. واتە کۆمەڵێک هێزی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی وەک پاشایەتی خوازەکان، مەشروتەخوازەکان، مۆجاهێدینی خەلق، کۆماریخوازان و ... خۆیان وەک ئاڵتەرناتیڤی کۆماری ئیسلامی پێناسە دەکەن و لە گۆڕەپانەکەدان کە هەر لە جێدا هێڵی هزری و گوتاری سیاسییان و تەنانەت هەڵوێست و کرداریشیان لە گەڵ گیانی ئازادی و بنەماکانی دیمۆکراسی ناتەبابییەکی بەرچاویان هەیە. ناڕوونی و سەرلێشێواویی ئێرانییەکان لەوەدایە کە لە لایەک دەیانهەوێ کۆتایی بە دەسەڵاتی ئایدۆلۆژی و سەرەڕۆیی وەلایەتی فەقیە بێنن کەچی لە لایەکیترەوە پشتگیری لە هەندێک سیستمی وەک پاشایەتی یان ئایدۆلۆژیکیی مۆجاهیدینی خەلق دەکەن.

ناڕوونییەکەیان کاتێک پتر ئاشکرا دەبێ کە لە وڵاتی فرە نەتەوەی ئێراندا بە بێ لەبەرچاوگرتنی ماف و خواستی نەتەوەکان لە هەوڵی هاوچەشنسازیی شوناسی وپراکتیزە کردنی دیکتاتۆریی زۆرینە لە ژێر ناوی دیمۆکراسیی زۆرینە و مافی هاووڵاتیبووندان. کۆی ئەم پرۆژەیە ئەنجامەکەی دەبێتە ڕەوایی دان بە سیستمی داگیرکاری و بەرهەمهێنانەوەی دیکتاتۆرییەت. چونکە هەر سیستمێکی بە ناو دیمۆکراتیک لە داهاتووی پاش کۆماریی ئیسلامیدا بێتە سەر کار ئەگەر دیمۆکراسییەکەی کەمینەیی نەبێت و لە یاسای بنەڕەتیدا دان بە جیاوازیی نەتەوایەتی و مافی نەتەوەکان (بە تایبەت



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مافی دیاری کردنی چارەنووس کە بە هەبوونی یاسای گشتپرسی دەستەبەر دەکریَ)دا نەنیٚت، بیٚگومان ریٚژەی بەشداریی سیاسی تا نزمترین ئاست دادەبەزیٚنیٚت کە ئەنجامەکەی دەبیٚتە هۆی لە دەستدانی رەوایی سیاسی و گەڕانەوە بۆ سیاسەتی سەرکوت و مانەوە لە جوغزی سیستمی دیکتاتۆریدا.

رەنگە نەبوونی ئەم گیانە دیموٚکراتیکە لە نیٚو بژاردەی سیاسیی ئیٚرانیدا سەبارەت بە بەفەرمی ناسینی جیاوازییە شوناسییەکان و ترسیان لەدابەشکردنی دەسەلاٚت و لەدەستدانی سەردەستیی سیاسی، یەکیٚک لە هۆکارەکانی شیٚلگیرنەبوونی ئەوتۆیان بیٚت بۆ بەشداری لەم راپەڕینەدا کە باندۆری لە سەر رای گشتیش دانابیَ.

## خواستی کورد

بە پیٚچەوانەی شەقامی ئیٚرانی، شەقامی کوردستانی لە دیاریکردنی خواست و ئامانجەکانیدا زۆر روون و پیٚداگرە. رەنگە لادانی کۆماری ئیسلامی خالیٚ هاوبەشی خواستی کورد و ئیٚرانییەکان لەم قۆناغەدا بیٚت بەلاٚم لە پاش ئەم قۆناغەوە ریٚگاکان جیا دەبنەوە. چونکە یەکەم ، کورد وەک ئامانج چاو لە بابەتی روخاندنی کۆماری ئیسلامی ناکات بەلٚکوو وەک پیٚشمەرج و ریٚگاخۆشکەری گەیشتن بە ئامانجە سەرەکییەکەی لیٚی دەڕوانیَ کە بریتیە لە گەیشتن بە سەروەریی سیاسی و سەربەخۆیی کوردستان. کەواتە کورد لەم پرۆسەیەدا تەنیا خۆی لە بەرامبەر دیکتاتۆریٚکدا نابینیٚت بەلٚکوو هاوکات رووبەڕووی داگیرکەر و سیستمی داگیرکاری بۆتەوە. بیٚگومان بۆ کوردیش بابەتی ئازادی و گەیشتن بە دیموٚکراسی بەشیٚک لە ئامانجەکانی و پرسگەلیٚکی گرینگن بەلاٚم پر دیارە کە هاندەر و هۆکاری سەرەکیی ئەم شلگیرییە ئاست بەرزەی کورد لەم شۆڕشەدا خواستی رزگاریی نەتەوەییە( ئەم راستییە لە ماوەی راپەڕینی ئەم جارەدا بە تەواوەتی لە وتار و دروشمی خەلٚکی راپەڕیوی کوردستاندا خۆی نواند). ئەم خواستە لە نیٚو کورددا میٚژوویەکی دریٚژی هەیە و بە دریٚژایی ئەم میٚژوە کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان خەباتی بۆ کردوە، سیمبۆلسازیی کردوە و گوتاری بۆ بەرهەم هیٚناوە. ئەم خواستە لە هونەر، ئەدەبیات، پەروەدە، ئابووری، سیاسەت و بە گشتی هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤی کورد و بنیادە کۆمەلاٚیەتییەکانی کۆمەلٚگای کوردستاندا رەنگی داوەتەوە. کۆی ئەم تایبەتمەندییانە وای کردوە کە کورد ئیٚستا و لەم هەلومەرجەدا وەک پیٚکهاتەیەکی بە ئەزموون و هوشیار خواستی گەلاٚلەکراوی خۆی هەبیٚت و شیٚلگیرانە وە دوای پرۆژەی خۆی بکەویٚت.

ئەمە بابەتیٚکە کە دوژمنانی کورد و بە تایبەت کۆماری ئیسلامیش لیٚی ئاگادارن و بۆ لیٚدان و ناکارا کردنی لە پیلانگیٚریدان. وەک باسم کرد ئیٚستا شۆڕش و خواستەکانی لە کوردستاندا تەواو بنیادی بۆتەوە و بە قۆناغی گشتگیریی کۆمەلاٚیەتی گەیشتوە. بە چەشنیٚک کە سەرباری بچوک بوونی شارەکانی کوردستان و کەم حەشیمەت بوونیان، رژیم نەک هەر



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نەیتوانیوە بە سەرکوت کردنی خەڵک ئاگری شۆڕشەکە دابمرکێنێ و دۆخەکە کۆنترۆڵ بکات بەڵکوو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی زۆرتردایە. کەچی لە ئێران و بە تایبەت لە شارە گەورەکانی وەک تاران، مەشهەد، ئیسفەهان و ... هێشتا شۆڕشەکە بنیادی نەبۆتەوە و بە شێوەیەکی ئەوتۆ پەرەی نەسەندوە و لە بازنەی هەندێک گەڕەک یان توێژی کۆمەڵگادا قەتیس ماوەتەوە، بۆیە پێناچێ کۆنترۆڵ کردنی بۆ حکومەت زۆر ئەستەم بێت. بەڵام ئەگەر بڵێسەی ئەم ئاگرە وا لە کوردستاندا هەیە هەروا بەتین و بەتینتر بێ پوتانسییڵی ئەوەی هەیە کە زیاتر لە ئێستا شارەکانی ئێرانیش بگرێتەوە و ئەگەر لەو شارانەشدا ڕاپەڕین بگاتە ئاستی گشتگیری و هاتنە سەر شەقامی ملیۆنیی خەڵک، ڕژیم چیتر توانای ڕوبەڕوو بوونەوە و سەرکوتی نامێنێت و ئەگەری ڕوخانی دەگاتە بەرزترین ئاستی خۆی. کەواتە ڕژیم تەنیا یەک ڕێگای هەیە کە لەو کابۆسە ڕزگاری بێت ئەویش سەرکوتی بێبەزەییانە و کۆتایی هێنان بە شۆڕشی کوردستانە کە هەر ئێستا خەریکی جێبەجێ کردنیەتی.

بە گوێرەی زانیارییەکان کۆماری ئیسلامی بۆ ئەم مەبەستە واتە سەرکوتی ڕاپەڕینی سەرتاسەریی کوردستان هێزی پێویستی لە بەر دەستدا نیە، چونکە لە لایەک زۆربەی هەرەزۆری هێزە سەرکوتکەرە پرۆفشناڵەکانی خۆی بە مەبەستی پاراستن لە ناوەندە هەستیارە ئەمنی، نیزامی و سیاسییەکان مۆڵ داوە و ناتوانێ لە سەر شەقامدا بەکاریان بێنێت، لە لایەکیتریش ناوێرێ لە شارەکانی ئێرانیشەوە هێزی سەرکوتی زۆر هەناردەی کوردستان بکات لە بەر ئەوەی کە هەم مەترسیی پەرەسەندنی ڕاپەڕین لەو شارانەشی لە سەرە هەمیش ئەو هێزانە بە هۆی ناشارەزایی لە تایبەتمەندییەکانی کوردستان ڕەنگە کارایی پێویستیان نەبێ. بۆیە ڕژیم بۆ جێبەجێ کردنی پیلانەکەی و بە مەبەستی پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە پەنای بۆ ئەو جاشانە بردوە کە ساڵانێکە لە ژێر ناوی هێزی بەسیجدا ڕێکیخستوون. ئەو بەسیجییانەی کە ساڵانی ڕابردوو تەنیا خەریک ژیانی خۆیان بوون و زۆر کەس پێی وابوو ئەوانە تەنیا بۆ وەرگرتنی هەندێک ئیمتیازی کاری یان ئابووری و لە پێناو بژێویی ژیانیاندا کارتێکی پێناسی بەسیجیان وەرگرتوە و هیچ ئازارێکیان بۆ خەڵک نیە ئێستا هەموو چالاک کراونەتەوە و بونەتە هێزی سەرکوتی ڕژیم. زۆربەی هەرەزۆریشیان لە بەر ناچاری نیە کە چەکی سەرکوتکارییان هەڵگرتوە بەڵکوو حکومەت تەماعێکی ئێجگار زۆری وە بەر ناون و بە پێی شێلگیر بونیان لە چالاکی بە دژی شۆڕشگێڕان و ئاستی بەشدارییان لە سەرکوتی خۆپیشاندەراندا ڕۆژانە لە نێوان یەک ملیۆن تا یەک و نیو ملیۆن تمەنیان موچە دەداتێ و لە تەنیشت موچەکەشیاندا بەڵێنیی ئیمتیازاتی ماڵی و پیشەییتریشیان دراوەتێ. کەواتە ئەم جاشە خۆفرۆشانە کە پارەی زۆر چاوی سور کردون، لە پێناو بەدەست هێنانی پارە و ئیمتیازاتی زۆرتردا دەست لە هیچ جینایەتێک ناپارێزن و تەنانەت بەزەییان بە منداڵان و خەڵکی بەساڵاچووی پەککەوتەشدا نایێت. بە پێی زانیارییەکان ژمارەی شەهیدەکانی کوردستان لە ماوەی ئەم ڕاپەڕینەدا زۆر زیاتر لەو ئامارەیە کە بڵاو دەبێتەوە، واتە زیاتر لە سێ هێندەی ئەو ژمارەیە کەوا باس دەکرێ.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەندێک لە بنەماڵەکان ئێستاش پێیان وایە رۆڵەکانیان لە زینداندان و ئاگایان لە شەهید بوونیان نیە و هەندێک لە بنەماڵەکانیش لە ژێر هەڕەشەدا ناوێرن شەهید بوونی رۆڵەکانیان ئاشکرا بکەن. هەموو ئەم جینایەتانەش بە هۆی جاشەکانەوە دەکرێن.

بە کورتی ئێستا ئەوانەی کە لە ریزی پێشەوەی سەرکوتی خەڵک و شەهید کردنی رۆڵەکانی کوردستاندان ئەم خۆفرۆشانەن کە داگیرکەر بۆ پاراستنی خۆی و لەباربردنی شۆڕشی کوردستان و تەنانەت ئێرانیش بە کاریان دێنێت.

بێگومان ئەم جاشانە لە پێناو پارەدا بە ئاستێک لە بێویژدانی گەیشتون و تا رادەیەک لە بایەخە مرۆییەکان دور کەوتونەتەوە کە ئەگەری پاشگەز بوونەوە و گەڕانەوەیان بۆ ریزی گەل ئەستەمە و ئەگەر تۆسقاڵێک هیواش مابێ کاتەکە زۆر ناسکتر لەوەیە کە بۆ چاوەڕوانیی پاشگەز بوونەوەی ئەوان تەرخان بکرێت. کەوابوو تەنیا رێگا بۆ رزگاربوون لەم پیلانە نگریسە و دەرباز کردنی شۆڕش لەم قۆناغە ئەوەیە کە شۆڕشگێڕانی سەر شەقام بە بێ هیچ بەزەیی و لێبوردەییەک روبەڕووی ئەم خۆفرۆشانە ببنەوە و بە توندترین شێوە بە سزایان بگەیەنن. ئەم جاشانە لە پێناو پارەدا و بۆ سەرکوتی خەڵک هەموو خەسڵەتە مرۆییەکان و بەها ئەخلاقییەکان لە خۆیاندا کوشتوە و وەک سەگی هار بەر بوونەتە گیانی خەڵک، کەواتە بۆ سزادانیان دەبێ هەموو سنوورێک وەلا بنرێت و نابێ خەڵک لەو بارەوە تووشی هیچ دودڵییەک ببن.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – رێکەوتی: ١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شۆڕشی ژنانی ڕۆژهەڵات پێشڕەوی دەکات



خانزاد سەعدی

دوو مانگ بەسەر شۆڕشی ژنان لە ئێران تێدەپەڕێ کە لە ئەنجامی شەهیدکردنی # ژینا - ئەمینی لەلایەن پۆلیسی "ڕەوشتی" دەسەڵاتی سێدارەی ئێرانەوە هەڵگیرسا، وەک کاردانەوەیەکی توندی کوردانی ڕۆژهەڵات و بەتایبەتیش ژنان، دواتریش زۆربەی مرۆڤە ئازادیخوازەکانی ئێرانی گرتەوە.

ڕژێمی ئێران "سەرەڕای شەهیدکردنی سەتان لاوی کورد" لە خۆپێشاندانەکان، لە داخی لەدەستدانی کۆنترۆڵ و کپکردنی شۆڕشگێڕان و خۆپێشاندەران، وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی، داخی دڵی بە پەلاماردانی دەوروبەری دەڕێژێ و بە درۆن و مووشەک هێرش دەکاتە سەر هەرێمی کوردستان و خەڵکی سڤیل شەهید دەکات، چونکە دەزانێ ڕژێمەکەی زۆری نەماوە و پەلەقاژەی مەرگیەتی.

ئەوەی بەلامەوە گرنگە، شۆڕشی ڕۆژهەڵات لە ڕێڕەوی خۆی لا نەدا و هۆکار و ئامانجە سەرەکییەکەی نەشێوێنرێ، وەک ئەوەی ئێستە خەریکە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە "شۆڕشی ژنانی ئازادیخوازی ئێران" دەناسرێ، چونکە هەمیشە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بەرانبەر پرسی ئازادی و سەربەخۆیی کورد، خۆی کەڕولاڵ کردووە و وەک نەزان و نەفام خۆی نمایش دەکات.

خۆپێشاندانەکانی ئێستەی ئێران، سەرهەڵدان و شۆڕشی کچان و کوڕانی ڕۆژهەڵاتە و # ژینا - ئەمینی سیمبولی شۆڕشە و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ژنانی کوردیش پێشڕەوی دەکەن.

# ژن - ژیان – ئازادی

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە – ڕێکەوتی: ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---

## هەڕەشەی سوپای پاسداران بۆ سەر هەرێمی کوردستان و هەڵگێڕانەوەی هاوکێشەکە




**عارف قوربانی**

ڕاپۆرتێکی (ئاژانسی هەواڵی ئەسۆشیەیتد پرێس) پەیوەست بە هەرێمی کوردستان بڵاوکرایەوە، بەپێی لێدوان و زانیاریی ئەوانەی لە ناوەندەکانی حوکمڕانیی بەغداوە قسەیان بۆ ئاژانسە ئەمریکییەکە کردووە، ئیسماعیل قائانی، فەرماندەی فەیلەقی قودسی سوپای پاسدارانی ئێران، بە سەردانێکی ڕانەگەیێندراو هاتووەتە بەغدا و پەیام و هەڕەشەی ئێرانی گەیاندووەتە بەرپرسانی عێراق بۆ ئەنجامدانی هێرشی وشکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

وەکو ڕاپۆرتە میدیاییەکە ئاماژەی پێداوە، قائانی دوو مەرجی بۆ بەرپرسانی بەغدا دیاریکردووە، کە دەکرێت بەهۆی جێبەجێکردنی ئەو دوو مەرجەوە هێرشەکەیان ئەنجام نەدەن، مەرجەکانیش ئەوەیە: یەکەم دەبێت پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کوردستان لە هەرێمی کوردستان چەک بکرێن و دووەمیش پێویستە سوپای عێراق لە سنوورەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران جێگیر بکرێن.

هەرچەندە چەند ساڵێکە لە ئاستی جیاجیای فەرماندەکانی سوپای پاسداران، گوێبیستی هەڕەشەی جۆراوجۆر دەبین بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بە کرداریش لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا لە رێگەی مووشەکی زیرەکی دوورهاوێژ و درۆنەوە چەند جارێک هێرشیان ئەنجامداوە. بەڵام ئەمە یەکەمجارە لەو ئاستە باڵایەدا و لە رێگەی ناردنی پەیامەوە بۆ بەغدا، هەڕەشەی هێرشی وشکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەکەن.

لە راستیدا ئەمە ئاماژەی دۆخێکی مەترسیدارە بۆ کوردستان، تەنها پەیوەست نییە بەوەی کە ئێران ئەو خەسڵەتەی هەیە هەرکات تووشی کێشە و قەیرانی ناوخۆیی هات، بە دروستکردنی کێشە و قەیران لە دەرەوەی سنوورەکانی، دەیەوێت کێشەکانی فرێبداتە دەرەوە. هەروەها ئەوەش راست نییە کە ئێران پارتە کوردییەکانی رۆژهەڵات (حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە) بە هاندانی خۆپیشاندەران و ناردنی چەک بۆ ناو رۆژهەڵات تۆمەتبار دەکات و ئێمە پێمان وابێت هەڕەشەکانی ئێران لەوەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەمەی ئێستا ئێران دەیکات و تورکیا چەند ساڵێکە دەستیپێکردووە، پلانێکی هاوبەشی هەرێمایەتییە دژ بە ئەزموونی باشووری کوردستان و نایانەوێت لە هیچ بەشێکی کوردستان کورد لەسەر پێی خۆی رابوەستێت.

ئەگەر بابەتەکە پەیوەست بە قەوارەی کوردییەوە نەبێت لە باشوور، بۆچی بەو جۆرە پەلاماری هەرێمی کوردستان دەدەن، لە کاتێکدا بە درێژایی ٣٠ ساڵی تەمەنی ئەم هەرێمە، نەک نەبووەتە سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیری لە وڵاتانی تورکیا و ئێران، بەڵکو هەرێمی کوردستان هۆکاری سەرەکی بووە بۆ راگرتنی خەباتی چەکداری لە هەریەک لەو پارچانەی کوردستان دژ بە حکومەتەکانی ئەو دوو وڵاتە.

لەدوای راپەرینی ساڵی ١٩٩١، بەهۆی ئەو هەلومەرجەی بۆ کورد دروستبوو لە دەستەبەری پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ پارێزگاری لە جوگرافیایەکی دیاریکراو بۆ کوردەکان، سەرکردەکانی بەرەی کوردستانی داوایان لە پارتە کوردییەکانی رۆژهەڵات و پەکەکە کرد بۆ موراعاتی ئەو هەلومەرجەی لە باشوور دروستبووە، دەستبەرداری خەباتی چەکداری بن دژ بە داگیرکەری ئەو دوو بەشەی کوردستان، بۆئەوەی تورکیا و ئێران، ئەو واقیعەی باشووری کوردستان قبووڵ بکەن.

پەکەکە راستەوخۆ ئەو داوایەی رەتکردەوە، بەڵام دوای زیاتر لە دوو دەیە بە هۆکارێکی دیکە و هەر بە ناوبژیوانی و رۆڵی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەرێمی کوردستان، شەڕی چەکداریی لەناو تورکیا راگرت و پاشەکشێی بە گەریلاکانی کرد لە باکووری کوردستانەوە بۆ باشوور و دواتر بۆ رۆژئاوای کوردستان. ئێستاش ئەوە یەکەکە نییە شەڕی بردبێتەوە ناو سنوورەکانی تورکیا، بەڵکو تورکیایە شەڕی هێناوەتە ناو قوڵایی باشوور و رۆژئاوای کوردستان و چاوی لە داگیرکردنی ئەم دوو بەشەی کوردستانە.

حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە وەکو دوو هێزی سەرەکیی چەکداریی رۆژهەڵاتی کوردستان بەدەنگ سەرکردەکانی باشوورەوە هاتن و لەوکاتەوە چالاکیی پێشمەرگانەیان راگرتووە، کە ئەگەر ئەوانیش هاوشێوەی یەکەکە داوای بەرەی کوردستانیيان رەتبکردایەتەوە و ماوەی زیاتر لەم ٣٠ ساڵە خەباتی چەکداریی لە رۆژهەڵات دژ بە ئێران بەردەوام بوایا، دوور نەبوو بەهۆی کێشەی ئێران لەگەڵ دونیا و دەوروبەر، دەرفەتی زۆر بۆ پارتە کوردییەکان دروستبووایە بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی، بە دڵنیاییەوە زیانی گەورەیان بە ئێران دەگەیاند. خۆ ئەگەر چاویان لە پشتیوانیی دەرەکییش نەبوایا و وەکو پێشتر لە چالاکیی پارتیزانی بەردەوام بوویان و بە هەموو پێشمەرگەکانی دیموکرات و کۆمەڵە و لە سەرتاسەری ئەو وڵاتە ئەگەر رۆژی یەک پاسدار یان بەسیجیان بکوشتبایە، لەم ٣١ ساڵەدا زیاتر لە ١٠ هەزار پاسداریان کوشتبوو؛ بەڵام ئێران هیچ رێزێکی لەمە نەگرت، لەم ٣١ ساڵەدا بە سەتان کادیر و دۆست و ئەندامی ئەو دوو حیزبەی رۆژهەڵاتی لەناو باشووری کوردستان تیرۆر کردووە. ئێستاش ئەوانی کردووە بە پاساو بۆ پاداشتدانەوەی ئەوەی هەرێمی کوردستان بۆی کرد، دەیەوێت هەرێمی کوردستانیش لەناوببات.

ئەم پیلانگێڕی و رووداوانە پێویستە کورد بەئاگا بهێنێتەوە، باوەڕ بەو راستییە بهێنێت، کە هیچکام لە دووژمن و داگیرکەرانی کوردستان جیاوازییان نییە و لە ستراتیژ و بیرکردنەوەیاندا یەک تێڕوانینیان هەیە بەرانبەر بە کورد وەکو نەتەوە، لە هەر بستە خاکێکیشدا کورد هەنگاوێک بۆ پێشەوە بنێت، دەیان پیلانی لێدەگێڕن چۆن رایبگرن و بیگێڕنە دواوە. بۆیە دەبێت کوردیش بە هەمان ئەو تێڕوانینەوە لەوان بڕوانێت و لە کوێدا دەرفەتی بۆ دروستبوو، بیقۆزێتەوە.

سەرەتای رووداوەکانی ناوخۆی ئێران بۆ پارتە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان وا پێویست بوو کە هەندێک خۆیان دوور بگرن، ئەویش لەبەر ئەوەی سەرەتای کاردانەوەکانی کوشتنی کچە کورد (ژینا ئەمینی) هاوسۆزییەکی زۆر لەناو گەل و نەتەوە جیاوازەکانی ئێران بۆ پشتیوانی لە کورد دروستبوو، لەو دۆخە سەرەتاییەدا گرنگ بوو کێشەکە نەبێتە کێشەی کورد و حکومەتی ئێران، تاوەکو ئەو یەکریزییەی گەلە چەوساوەکان بەردەوام بێت و نارەزایەتی و خۆپێشاندانەکان زیاتر پەرە بسێنن و سەرتاسەری وڵات بگرێتەوە.

ئێستا رووداوەکانی ناوخۆی ئێران گەیشتووەتە قۆناخێکی دیکە، لە هەندێک لە شار و ناوچەکان شەڕی چەکداری



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سەریهەڵداوە و سوپای پاسداران و بەسیج ڕەشەکوژی دەکەن. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژمارەی کوشتنی ژن و منداڵ لەسەر شەقامەکان زیاتر دەبن، پێویستە لەم قۆناخەیاندا شێوازی پشتیوانیکردن لە خۆپێشاندانەکان بگۆڕدرێن. لێرەوە ئەرک و بەرپرسیارێتیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، بەتایبەتی دیموکرات و کۆمەڵە، دەبێت شێوازی خەباتیان بگۆڕن، چونکە سەرەڕای ئەوەی گرووپ و مەفرەزەی چەکداریی پژاک و کۆدار لەناو ڕۆژهەڵات هەن، بەڵام خەڵکی ڕاپەڕیووی شارەکانی ڕۆژهەڵات چاویان لە پشتیوانیی پێشمەرگەی دیموکرات و کۆمەڵەیە. ئەم دوو هێزە دەبێت هەڵوەستە لەوە بکەن، کە لە کاتێکدا لە کەمپەکانی دوور لە سەتان کیلۆمەتر دوور لە سنوورەکانی ئێران لەژێر هەڕەشەی درۆن و مووشەکی زیرەکدا دانیشتوون و ئێران لەویش لێیان ناگەڕێت و سوپای پاسداران دەیەوێت هێرش بکاتە سەریان، کاتی ئەوە هاتووە ئەو هەلومەرجەی ناوخۆی ئێران بقۆزرێتەوە بۆ هەڵگێڕانەوەی هاوکێشەکان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو – ڕێکەوتی: ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# کاریگەری گۆڕانکاریەکان لەسەر چارەنووسی ئێران




ئەحمەد هەورامی

لەدوای شۆڕشی/ ١٩٧٩ کوردستان سیاسەتی ئەمنی بەهێز و ملیتاریزمەکردنی بەخۆیەوە بینوە، بۆیە کاردانەوەی توند و تیژی بەرامبەر بە خۆپیشاندەرانی کورد بەڕێکەوت نییە. کوردستان و بلوجستان گۆڕەپانی خوێناویترین پێکدادان بوون لەکاتی نارەزاییەتیەکانی ئەم دوای یە.

خۆپیشاندانەکان دژی دەسەڵاتی ئێران بە دووروردرێژترین ماوەی نارەزایەتی دژی ئەو دەسەڵاتە ئەژماردەکرێت. لە (٤٣) ساڵی رابردودا. بۆیە دەوترێت ئەو نارەزایەتیانە زیاتر لە هەمیشە دەسەڵاتی تارانی لەرزۆک کردوە.

بەبڕوای کۆمەڵناسانی ئێران نارەزایەتیەکانی مەرگی ژینا ئەمینی لەسەرەتادا بۆ ئازادییە کۆمەڵایەتیەکان بوون، بەڵام بەهۆی مامەڵەی خراپی دەسەڵات و بەکارهێنانی توتندوتیژی شێواز و داواکاری خۆپیشاندەرانی گۆڕی بۆ داواکاری سیاسی و نەمانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران.

کۆماری ئیسلامی ئێران لەناوخۆدا بەزەبر وزەنگ و کوشتاری خۆپیشاندەران و لەدەرەوە بە ئاراستەکردنی درۆن بۆ سەر بنکەو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بارەگاکانی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان و دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتان پەلەقاژەی مان و درێژەدان بە دەسەڵاتە توتالیتاریەکەی دەدات؟، بەڵام ئەمڕۆ ئیرادەی گەلی ئێران سەلماندنی کە هەرگیز ناتوانێ ئیرادەی ڕزگاریخوازانی میللەتی ئێران بەچۆکدا بدات.

بەدڵنیایەوە خەڵکی کوردستان و ناوچەکانی تری ئێران وەڵامی دڕندەیی و کوشتن بە خۆپیشاندانەکان لەسەر شەقامەکان دەدەنەوەو دەیسەلمێنن کە ئیرادەی ئەوان لە زەبر و زەنگی دیکتاتۆری بەهێزترە..

سەرەرای هەرەشە بەردەوامەکانی بەرپرسانی ئێران لە خەڵک و سەرکوتکردنی بەردەوامی هێزە ئەمینەکان، دەبینین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بازنەی نارەزایەتیەکانی ئێران فراوانتیر دەبێت و توێژو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا زیاتر بەشداری لەنارەزایەتیەکان دەکەن. لەدوای مەرگی ژینا ئەمینی کچە کوردی خەڵکی سەقز لە ماوەیەکی کەمدا شەپۆلی خۆپیشاندان و نارەزاییەکان پەرەی سەندو زۆربەی شارەکانی گرتەوە، مەرگی ژینا بووە بومەلەرزەیەک دەسەڵاتی ئێرانی هەژاند.

## ژیان و مەرگی لاوە خۆپیشاندەرەکان

زۆر چیرۆکی سەرنج ڕاکێش لە ژیان و مەرگی ئەو لاوانەی کە ژیانیان لە پێناو نارەزایەتیەکانی دژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە دەستداو لەوانە:

کۆمار دەئوفتادە کە لە (٣٠ - ١٠ - ٢٠٢٢) لە نارەزایەتیەکانی شاری پیرانشار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تەقەی هێزە ئەمنیەکانی ئێران کوژرا.

کۆمار لاوێکی تەمەن (١٦) ساڵ بوو بەهۆی ئەوەی هێزە ئەمنیەکان لە نزیک سێ مەترەوە تەقەیان لێکردو دوای سێ ڕۆژ لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا. کۆمار تەنها (١٢) کاتژمێر پێش بریندارbوونی لە پۆستێکدا لە ئینستاگرام بە زمانی کوردی دەنووسێت، ئێمە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەندێکمان لە جەنگ دا دەکوژرێین و هەندێکمان لە بەندیخانە و هەندێکمان لە شەقام دەمرین و هەندێکی ترمان لە دەریا نوقم دەبین، تەنانەت کەژ و چیا سەربەرزەکانیش تۆڵەی تەنیایان لە ئێمە دەکەنەوە چونکە ئێمە کارمان مردنە. لەهەرشتێک زیاتر ئازادیتان خۆش بووێت. پۆست وپەیامەکانی کۆمار ئاماژەیەکی روونن بۆ تێڕوانینی ئازادیخوازانەی ئەو لاوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. تەنانەت باوکی لەکاتی بەخاکسپاردنیدا ووتی: ئەگەر چی جەرگ سوتان ئاسان نییە، بەڵام مایەی شانازییە کە کۆمار لە پێناو ئازادی و نیشتمان شەهید بوو.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

یەکێکی تر لەوانەی لە نارەزایەتیەکاندا گیانی لەدەستدا کچێکی پارێزان و پاڵەوانی تایکواندۆ بەناوی مەهسا مەوگوێی بوو کە تەمەنی (١٩) ساڵ بوو، ئەو کچە وەرزشکارە خاوەنی زیاتر لە (١٠٠) میدالیا و خەڵاتی وەرزشی بوو، بەڵام ڕۆژی (٢٢ - ٩ - ٢٠٢٢) تەنها شەش ڕۆژ دوای مەرگی ژینا ئەمینی لە نارەزایەتیەکانی (فولاد شەهر) لە پارێزگای ئەسفەهان بەچەکی تاپر لەلایەن هێزە ئەمینەکانەوە کوژرا، باوکی مەهسا ڕاگەیاند کچەکەی کە خاوەنی پشتێنی ڕەشی تایکواندۆ پاڵەوانێکی وەرزش بوو بەم شێوەیە کوژرا، بۆیە نابێت لە ئاستی گەنجان و کچاندا بێدەنگ بین. ڕێورەسمی چلەی مەهسا و گوێی جەمارەترین چلەی کوژراوانی ئێران بوو، دانیشتوانی شاری ئەسفەهان بەشداریان تیاکرد لەسەر گۆرەکەشی بەئێندرا بەتۆڵەسەندنەوەی خوێنی ئەوکچە پاڵەوانە. دایکی ژینا ئەمینی لەکاتی بەخاک سپاردنی ژینا ووتی: ژینا گیان تۆ نەمردویت (ناوت دەبێتە ڕەمز) یەکێکی تر لەو کەسانە کە بە پاڵەوانی خۆپیشاندەرەکان ناودەهێنرێت غەزالە چلابی تەمەن (٣٣) ساڵ، کە بە کامیرای مۆبایلەکەی دوایین چرکەساتی ژیانی خۆی تا پێ تەقەلێکردن و کوشتنی تۆماری کردوە، بەپێی ئەو تۆمارە ڤیدیۆیەی غەزالە تەنها چەند چرکەساتێک پێش مەرگی تۆماری کردوە داوا لە خۆپیشاندەران دەکات نەترسن، چونکە ئەوان پێکەوەن، ئەو لە باڵای کچێکی ئازا هانی خۆپیشاندەرانی دەدات قوربانی بدەن لە پێناو ئازادیدا، دواجار تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنیەکانی شاری (ئامۆل) لە پارێزگای مازندەران لەباکوری ئێران گیانی لەدەستدا، لەسەر وەسیەت و ڕاسپاردەیەک کە پێشتر بە کوسوکاری ڕاگەیاندبوو، ئەندامی جەستەی ئەو کچە شاخەوان وەرزشکارە ببەخشرێتە هەشت نەخۆش. بەخشینی ئەندامانی جەستەی غەزالە ژیانی زۆر کەسی گەڕاندەوە، ڕەنگە ئەوەش ناوی وەک پاڵەوانێکی ئازادی و بەخشندەی بۆ ساڵانێکی زۆر بە زیندوی بهێڵێتەوە.

محمد حسێن زادە کەلە ڕۆژی ١٦ - ١١- ٢٠٢٢ دا لە خۆپیشاندانەکانی بۆکان کوژرا پێش گیان لەدەست دانی لە ئینستاگرامی خۆی نوسیوەیەتی (ڕەنگە ئەمڕۆ دواین ڕۆژی ژیانم بێت)،

باوکی سالار مجاور کە کوڕەکە لە هەمان ڕۆژدا لە خۆپیشاندانەکانی بۆکاندا کوژرا وتی (ئەو کوڕەم تەسلیم بە کوردستان کردووە و پێشکەشە بە خاکی کوردستان)

## زانکۆکان پێشەنگی نارەزایەتیەکانن

زانکۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران لەیەکەم ڕۆژی نارەزایەتیەکانەوە بەردەوام بوون لە بەشداری لەخۆپیشاندانەکاندا ئەوەش وای کرد هێزە ئەمنیەکان هێرش بکەنە سەر ژمارەیەک زانکۆ بەتایبەتی لە تاران و سنەو کەرەج و تەبریزو چەند زانکۆیەکی تر، بەگشتی (١٤٠) زانکۆی گەورەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان نارەزایەتی بەرێوەدەچێت و پرۆسەی خوێندن لە زۆربەی زانکۆکاندا هەڵپەسێنراوە. زیاتر لە (٥٢٠) خوێندکار دەستگیرکراون، زیاتر لە (٣٠٠) مامۆستای زانکۆ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پەیامێکی نارەزایەتیان گەیاندووەتە بەرپرسان و داوای ئازادی خوێندکارانیان کردووە داوای سەربەخۆی زانکۆکانیان کردووە لە دەستێوەردانی هێزە ئەمنیەکان لە حەرەمی زانکۆدا.

هەروەها جگە لەرووی ناخۆییەوە لە ئاستی دەرەوە لە وڵاتانی جیهاندا تا دێت پشتگیری بۆ خۆپیشاندەران زیاتر دەبێت، زیاتر لە (١٥٠) شاری وڵاتان بۆ پشتگیری نارەزایەتیەکانی خەڵکی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان، چەندەها خۆپیشاندان کراوە بە دروشمی (ژن، ژیان، ئازادی) داوای ئازادکردنی خۆپیشاندەرانی ئێران دەکەن و هەزارەها کەس بۆ پیشتیوانی خەڵکی راپەریوی شارەکانی ئێران هاتنە سەر شەقامەکان داوای روخاندنی رژێمی کۆماری ئیسلامی دەکەن و سزادانی ئەو بەرپرسانە کە دەستیان سوورە بەخوێنی خۆپیشاندەران.

هەریەکە لە (جاوید رەحمان) نیردەی ئەنجومەنی نێودەوڵەتی تایبەت بە ئێران و (شیرین عبادی) براوەی خەڵاتی نۆبلاً بۆ ئاشتی چالاکوان پشتگیری نارەزایەتیەکانی گەلانی ئێران دەکەن.

تـوام چـومکی فەیلەسـوفی نـاوداری ئەمـەریکی دەڵێـت/ کـوژرانی مەهسـا ئـەمینی لەدەسـت بەسـەری پۆلیسـدا ((بـە کوشـتن)) نـاوزەدی کـرد، ((وەک یـەکێک لـە تاوانـە بـێ ئـەژمارەکانی)) کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران ئامـاژەی پێکـرد، خـەڵکی ئێـران لـە دەییـەکانی رابـردوودا بـەهۆی سـەرکوتی درندانـەی نـاوخۆیی و تونـدو تیـژی دەرەکیـەوە ئازارییـان چەشـتوە، لەسەرانسـەری ئێراندا ئەم دۆخە کاریگەری لەسەر ناوچە کوردستانیەکانی بەتایبـەتی هـەبووە. ئـەم پیرمەنـدە بـە ئاماژەدان بە کوژرانی خۆپیشـاندەران و بریـندار کردنـی ژمارەیـەکی زۆر لەلایـەن هێـزە ئەمنیەکانـەوە لەزۆربـەی شـارەکانی ئێرانـدا نارەزایـەتی بەرفراوانیان بەخۆوە بینی کە تێیدا ژنان رۆڵێکی بـەرچاویان هەیـە لـە بەدەربرینی نارەزایـەتیان لـە دژی یاسـای حیجـابی ئیجباری. "خەڵکی ئێران شاسانی ئەوەن لە سایەی ئازادی و دادپەروەریدا بژین".

لە راگەیندراوێکیشدا وەزیرانی دەرەوەی (١٢) وڵات کە هەموویان ژنن بـریتین لـە وەزیرانـی دەرەوەی (فەرەنسـا، ئـەڵمانیا، کەنـەدا، نیوزلەنـد، نـەرویج، ئایسـلەند، کوسوفۆ، لیبیـا، لیختشـتاین، نەمسـا، ئەنـدۆرا، و ئـەلبانیا) سـەرکۆنەی مامەڵـەی ئەمنیـەکانی ئێـران لەگـەڵ خۆپیشـاندەران دەکـەن، سـەرۆک بایـدن لـە خۆپیشـاندانێکی واشـنتۆن دژی رژێمـی ئێـران لەخۆپیشاندانێکی واشنتۆن دژی رژێمی ئێران ووتی ئێمە گەلی ئێران رزگار دەکەین.

سەپاندنی سزا بەسەر بەرپرسانی سیاسی و سەربازی لەلایەن سەرۆکی ئەمەریکا و فەرەنساو کەنەدا و ئەڵمانیا و بەریتانیا و یەکێتی ئەوروپا دەربارەی سەرکوتکردنی و کوشتنی خۆپیشاندەرانی گەلانی ئێران. یوئێن داوای ئازادکردنی خۆپیشاندەران



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەکات.

بەپێی ئاماری ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافی مرۆڤ تا ئێستا (٤٠٤) کەس کوژراون لەوانە (٥٨) مێرمنداڵ ومنداڵ و (٤٣) ژن و نزیکەی (١٧٠٠٠) هەزار کەس دەستگیرکراون تەنیا لە تاران (١٠٠٠) کەس دەستگیر کراون. لیژنەی پارێزەرانی ڕۆژنامەنووسان ڕایگەیاند کە ڕژێمی ئێران (٦٢) ڕۆژ نامەنووس دەستەبەسەرکردووە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا (٩٥) کەس لە خۆپیشاندانەکاندا کوژراون (٤٤٧٠ ) کەسیش دەستگیر کراون.

## ڕۆڵی کەمینە نەتەوەییەکان لەسەر دۆخی ئێران

ڕەنگە گرنگترین لایەنی ڕاپەڕینی ئێستای ئێران ئەو ڕۆڵە سەرەکییە بێت کە کەمینە نەتەوەکان دەیگێڕن، هێزە ئەمنیەکانیش ژمارەیەکی زۆر لە خۆپیشاندەرانی کەمینەکانیان کردووەتە ئامانج، کوژراوەکان زۆرینەیان لە بلوجستان و ناوچەی خەزەر لە باکوری ڕۆژئاوای کوردستانن.

هێزە ئەمنیەکان کۆمەڵە کوژیەکی ئاشکرایان لە شاری زاهیدان لە نزیک سنوری پاکستان ئەنجامدا کە زۆرینەی بلوجی تیا نیشتەجێن ڕژێم لە (٣٠/ ئەیلول)دا لەکاتی تەواوبوونی نوێژی هێنیدا زیاتر لە (٨٠) دانیشتوانی زاهیدانیان کوشتوە، کە جلی نەرێتی بلوجیان لەبەردابووە بۆئەوەی نەناسرێنەوە.

سەرکوتکردنی دڕندانەی ڕژێم لە زاهیدان و شوێنەکانی تر ئاماژەیە بۆئەوەی ڕژێم دژی نەتەوە غەیرە فارسەکانە. کەمینە نەتەوەکانی تر وەکو ئازەر، کورد، عەرەب، تورک، بەلوج و دەیان پێکهاتەی زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی ئێران پێکدەهێنن. زۆربەی ئەو کەمینانە لە پارێزگا سنووریەکان دەژین لە وڵاتانی دراوسێ وەک عێراق و ئازەربایجان و پاکستان و ئەفغانستان پەیوەندی نەتەوەیی هاوبەشیان هەیە لەگەڵ بەردەوامبوونی چالاکیەکانی دژە ڕژێم کەمینە نەتەوەیەکان ڕۆڵێکی گرنگتر دەگێڕن. شەپۆلی ئێستای نائارامی دژە ڕژێم تەنیا بلوجستان ناگرێتەوە بەڵکو پارێزگاکانی گیلاید و مازندەران و گولستان لە خەزەر دەگرێتەوە.

کۆماری ئیسلامی دەیەوێ بەهەر شێوەیەک بێت هێزە کوردستانیەکان پەلکێش بکات بۆ شەڕێکی مەیدانی و واقعی و بەوجۆرە جیایان بکاتەوە لە خەباتی شوێنەکانی تری ئێران بەو شێوەیە سەرنجی خەڵکی بەرەو کوردستان ڕابکێشێت لەژێر ئەو سیاسەتەدا بزوتنەوەی سەرتاسەری سەرکوت بکات، لە هەمان کاتدا ڕژێم ئێستا لە هەوڵی بانگەوازانی هەستی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ناسیونالستی فارسدایە بۆئەوەی ئۆپۆزسیۆن دابەش بکات.

کەمینە نەتەوەیەکان لە ئێران دەتوانن کاریگەرییەکی بەرچاویان هەبێت لەسەر سەرکەوتنی چالاکیەکانی دژە دەسەڵات چونکە زۆرێک لە گرنگترین شوێنە ستراتیژیەکانی ئێران لەو ناوچانە هەڵکەوتوون کە کەمینە نەتەوەییەکانی تیا نیشتەجێن.

ئەم نارەزایەتیانە هاودەنگیەکی ئیلهام بەخش و نوێی لەنێوان هەموو ئێرانیەکاندا بە پاشخانە فەرهەنگی، زمانی، ئاینی و ئایدۆلۆجیە جیاکاتەوە دروست کردوە. رەنگە نارەزایەتیەکان لەدوای مەرگی ژینا ئەمینی یەوە دەستی پێکرد بتوانێت بۆ هەمیشە دۆخی ئێران بگۆڕێت.

لە ئەنجامی پەرەسەندنی نارەزایەتیەکان و خۆپیشاندانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران کەبەرەو شوڕشێکی گەورە دەچێت، ئەو شۆڕشەی کە جەغماغەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە لێدراو هەموو پانتایی ئێرانی گرتەوە دەتوانێت دەستکەوتی گەورە بەدەست بهێنێت.

ئێران لەسەرتاسەری ناوەوە و دەرەوە توشی کێشەی گەورە بووە ناتوانێت تیایان دەربازبێت لەرووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە بەتایبەتی خۆپیشاندانەکانی کۆماری ئێران لە داروخان نزیک دەکاتەوە.

کۆماری ئیسلامی ئێران ناتوانێت ریئورم بکات چونکە توانای بەجێ هێنانی داخوازیەکانی خەڵکی نییە، دەتوانێ پاشەکشە بکات، بەڵام ناتوانێ سازش بکات، ئەگەری ئەوەی هەیە لەژێر فشاری خۆپیشاندەران لەسەنگەری بەرگریەوە بکێشێتەوە بۆ سەنگەرێکی تر، بەڵام ناتوانێت لە بنەماکانی و ئایدیۆلۆژی خۆی بەرەسمی دابە سکستی دەسەڵاتەکەی بێنێ، بۆیە سەرکوتکەری و گرتن و کوشتنی خۆپیشاندەرانی کردوەتە بەرنامەی دارێژراوی خۆی. ئەوەیە دەبینین ئەمرۆ بە بیانوی پشتگیری حیزبە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خۆپیشاندەران و تۆمەتبارکردنیان بە هەوڵی دابەش کردنی ئێران بە هاوکاری وڵاتانی دەرەکی. دەستی کرد بە بوردومان کردنی بنکەو بارەگاکانیان و بەدرۆن و فرۆکەی بێفرۆکەوان کەبووەهۆی شەهید و بریندار بوونی ژمارەیەک پێشمەرگەو خەڵکی سڤیل.

لەهەمان کاتدا ئێران سێ بژاردەی خستووەتە بەردەم بەرپرسانی هەرێم و عێراق لەبارەی حیزبە کوردیەکانی ڕۆژهەڵاتی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کوردستان کە لە هەرێم نیشتەجێن دەبێ دەربکرێن یان لە چەک داماڵرێن یان ببرێنە کەمپەکان. هێرشی سوپای پاسداران لە چوارچێوەی ئۆپراسیۆنی (ربیع/٢) هەڕەشەی هێرشی زەمینی بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەکات بۆ لێدانی حیزبە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

### ئەگەری گۆرانکاریەکی گەورە لە ئێراندا

هەست بە گۆرانکاریەکی گەورە دەکرێت کە سەرەتایی کۆتایی ئەو کۆمارە ئیسلامیە بێت کە سێبەری بەسەر بەغدا و بێروت و دیمەشق و سەنعا زاڵە. پێشهاتە دەرەکیەکان ئاماژە بۆئەوە دەکەن کە ئێران کۆتایی هاتووە.

((تاران واشنتۆن بەگوێرەی ئەو ڕاستیە دەستیان بە رەفتارکردن لە ئاستی نێودەوڵەتی کردوە.))

**یەکەم**، راپۆرتی هەوڵگری ئەمەریکاو سعودیە لەبارەی ئامادەکاری ئێران بۆ هێرش دژی سعودیەو هەولێر (هەرێمی کوردستان) کە هێرشی بۆ سەر هەرێمی کوردستان ئەنجامدا بەبیانوی بوونی بنکەو بارەگای حیزبە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەرێمدا و هەڕەشەی سوپای پاسداران بۆ هێرشی زەمینی بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەردەوامە.

**دووەم**، لای ئەمەریکاو ناتۆ گومان لەوەدا نەما کە ئێران بەتەواوی لەبەرەی موسکۆیەو قەبارەی پابەندی ئێران بە پشتگیری سەربازی روسیا گەورەتر و کاریگەرترە لەوەی پێشبینی دەکرا، بەناردنی فرۆکەی بێفرۆکەوان (درۆن) و موشەک بۆ بەشداری لەشەڕی ئۆکرانیادا.

**سێیەم**، بۆیەکەمجار ئیرادەی بایدن بە ئاشکرا دەڵێت ناگەڕێنەوە بۆ دانوستانی ئۆتۆمی ئەمشە پشتگیری کۆماریەکان و ئیسرائیل و سەرانی ناتۆی لەگەڵدایە،هەتا دوو ئەندامی کۆماری لە کۆنگرێسی ئەمریکا داوا لەوەزارەتی بەرگری و ئیدارەی بایدن دەکەن کە وەڵامی هێرشە موشەکییەکانی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان بدەنەوە.

### بۆچوونی شارەزایان لەسەر گۆڕانکاریەکی گەورە لە ئێران:

١- ئەگەر نەرووخێ ناچار ریفۆرم بکات و لاواز دەربکەوێت و سەرقاڵی دۆخی ناوخۆ بێت و نەیپەرژێتە سەر دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی ناوچە ((هەرچەندە ریفۆرم لای ڕژێمی سەرکوتکەر جێگەی باوەڕ نییە)).



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٢- ئەگەر ریفۆرم نەکات، ناچار هەولأ بدات شەڕێکی دەرەکی هەڵبگیرسێنێت و قەیرانەکان بگوێزێتەوە بۆ دەرەوە.
٣- ئەگەر ئەوەش نەکات، ئەوە ناچارە دەیان هەزار ئێرانی بکوژێت کە دەرئەنجامەکەی بەسەرهەڵدانی شۆڕشی سەرانسەری ئێران دەبێت.

بەڵام ئەوانەی شارەزای دۆخی ناوخۆی ئێرانن مەحاڵە دۆخی ئێران بگەڕێتەوە پێش دۆخی مەرگی ژینا ئەمینی و گەڕاندنەوەی ترس بۆ دڵی چینی ناوەند لە ئێران، گرتن و سەرکوتکردن کۆتایی بە نارەزایەتیەکانی خەڵکی نەهێنا، تەواو ترس شکاوە داواکاریەکان تەنها ئابووری و سیاسی نین، بەڵکو لەبارەی خودی بەهاکانی کۆماری ئیسلامین، کۆماری ئیسلامی لە لێواری مەرگدایە و ناگەڕێتەوە.

پێویستە سەرکردایەتی کوردیش زوو درەک بەم هاوکێشە نوێیە بکات کە خەریکە دروست دەبێت و گۆڕانکاری بەرپۆیە لە کوردستان و رۆژهەڵات ناوەڕاستدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی زەمەن – ڕێکەوتی: ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## قەرار نە بوو ببین بە کەوا سووری پێش لەشکر بۆ هەموو ئێران.



**عەبدوڵڵا فەتاحی**

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر دەمێکە سەلماندوویانە سەر بۆ زۆر دار، دیکتاتۆر و زوڵم و زۆر دانانوێنن. ئەوەیان بە کردەوە، نەک بەقسە و دروشم، دەیان و بگرە سەدانجاری دووپات کردۆتەوە. بۆیە پێموایە هیچ پێویست ناکا ئێستا بمانهەوێ ئەو ڕاستیە بسەلمێنین. بۆ هەموو لایەکیش ڕوون و ئاشکرایە کە دەستپێکی ڕاپەڕینی ئەو جارەش هەرلە کوردستان چەخماخەکەی لێدرا و تا ئێستاش بارە قورسەکەی ئەو سەرهەڵدانەش هەر لەسەر شان و پیلی گەلی کورد و خەڵکی بەش مەینەتی کوردستان بووە. لەو ڕاپەڕینە نوێەشدا، کە بە ڕاپەڕینی ژینا ناسراوە، بەداخەوە تا ئێستا بە دەیان لاوی نیشتمانە بریندارەکەمان بوونەتە قوربانی، بەسەدان کەسیش بریندار بوونە و بەهەزارانیش دەست بەسەر کراون و کەوتوونەتە بەر توند ترین شکەنجە و چەندین کەسیشیان لە ژێر شنکەنجەی زۆر و لە ڕادە بەدەری بەکرێگیراوانی ڕێژیمی جورم و جنایەت گیانیان لەدەست داوە. ئەمن خۆم زۆر لەوە بەکەمتر و چوکتر دەزانم کە بمهەوێ ئامۆژگاری کەس بکەم، بەڵام ڕژانی هەر دڵۆپە خوێنێک لە جەستە لاوەکانی نیشتمان بۆ هەر مرۆڤێکی خاوەن ویژدان بەقدرایی گیان کێشانێک بەژان و پرئازارە. دەبێ لاوەکانی کوردستان ئەوەشیان لە بیربێ، ڕێژیمە یەک لەدوای یەکەکانی ئێران و بەتایبەتی، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، داخ و ڕق و قینێکی زۆریان لە خەڵکی کوردستانە و لە کوشتن و خوێن ڕشتنی گەلی کوردستان، هەرگیز نە ماندوودەبن و نە تێردەبن و نە وەڕزیش دەبن. هەرووک هەموو لایەکیش ئەو ڕاستیە دەزانن سەری، هەژدیهاکە لە تارانە. بەبێ پان کردنەوەی سەری هەژدیهاش پرسی ئێران یەکلا ناکرێتەوە، هەتا تەکلیفی تارانیش یەکلانەبێتەوە ئەو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

وەزعە هەروا بەردەوام دەبێ. وەک برا چووکەیەک تکا و داواتان لێدەکەم وەپێش شارەکانی دیکە ئیران مەکەون، چونکە ئەگەر لە شارە گەورەکانی ئێران خۆ پێشانداان هەروا بەسارد و سڕی بەڕێوە بچێ، هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم دەستیان پتر ئاوەڵادەبێ بۆ سەرکوت و زەبر لێدان لە گەلەکەمان. ئەوانەی وەک من تەمەنێکیان هەیە لە بیریانە، ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ٥٩ لاوی شاری مهابادی بێسەر و شوێن کرد، شاری سنەیان لە خوێندا سوورکرد. دەیان کۆمەڵکوژی لە گوند و شارەکانی کوردستان ئەنجام دا. بۆیە ئەوانە وەبیر دێنمەوە بۆ ئەوەی لەبیرمان بێ، ڕێژیم بۆ مانەوەی خۆی لەوانەیە لە کوردستان کۆمەڵکوژی زۆر گەورەتر و سامناکتریش وەڕێبخا. ئەوە بۆترساندن و سەر داخستن و دەست بەردانەوە نییە، بەڵکو مەبەستمان وریایی و وشیارییە، بۆ ئەوەیە نە هێڵین هێز و تواناکان بەهەدەر بدرین، کەس ناتوانێ زەمانێکی دیاری کراوبۆ کۆتایی ئەو ڕێژیمە دڕندەیە دیاری بکات. بۆیە دەبێ بیر لەوە بکەینەوە و خۆمان بۆ خەباتێکی درێژ مەوداتر ڕێکبخەین و ئامادەگیمان بۆ هەلو مەرجێکی ئاواش هەبێ. بەو شێوەیەی ئیستا دەچێتە پێش و ئەگەر هەرواش بەردەوام بین ناتوانین بۆ ماوەیەکی دوور و درێژتر درێژە بە ڕاپەڕینەکە بدێن. چونکە ماندوو و شەکەت دەبین و هێز و تواناکانمان لە کەمی دەدا و تەلەفاتیشمان زۆرتر دەبێ. گیانی ڕۆڵەکانمان بۆ ئێمە لە هەموو شتێک ئازیزتر و بەنرخترە. نا بێ کارێک بکەین ئەو سەرمایە گەورەی نیشتمان "گیانی ڕۆڵەکانمان" تەنیا لە ڕووی ئیحساساتەوە لەدەست بدەین. هەموومان لەو بارەوە بەرپرسین، نابێ هانی کوڕ و کیژەکانی کوردستان بدەین خۆیان بە ئاو و ئاگردادەن. ئەوان"لاوەکانی کوردستان" دەستیان خاڵییە و دوژمن بە چەک دەستریژیان لێدەکات.

فکری وردیشی دەوێ نابێ هەر بەدووعا و نوێژی بکەین.

بەهیوای سەلامەتی و پارێزراو بوونی گیانی لاوەکانی کوردستان.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# بۆچی هێرشی مووشەکی سەر بارەگاکانی حیزبی دێموکرات؟



**سۆران شەمسی**

هەر لە سەرەتای دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامی لە ئێراندا، ناوەند هەموو سامان و هەروەها ئامرازەکانی سەرکوتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داخوازیی دێموکراسی و ئازادیخوازانەی گەلانی چەوساوەی وڵات بەکار هێنا. ستراتیژیی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانە نێوخۆییەکان و سەرکوتکردنی داخوازییە ڕەواکانی گەلانی ئێران و بەتایبەت نەتەوەی کورد لە پێناو گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسی، گواستنەوە و هەناردەکردنی قەیران بۆ دەرەوەی سنوورەکان بوو. بۆیە هەموو ڕێکخراوەکان و لە سەرووی هەموویانەوە سپای تێرۆریستیی پاسداران وەک قۆڵی سەرەکیی سەربازی و تێرۆریستیی ڕێژیمی ئاخوندی، لەسەر بنەمای ئەم پێویستییە بۆ ڕێژیم پێکهات.

ڕێژیمی ئێستەی ئاخوندیی ئێران تێکەڵەیەک لە هەموو جۆرەکانی تێرۆریزم، تێرۆریزمی ئایینی، تێرۆریزمی دەوڵەتی و تێرۆریزمی سیاسی و هتد. هێرشی هاژەکیی (مووشەکی) ڕێژیم بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بابەتێکی نوێ نییە، بەڵکوو ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ ئایدیا و سیاسەتی ئەم ڕێژیمە لە هەمبەر پرسی کورد، بابەتێک کە لە بێدەنگی و پاسیڤبوونی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بێباک و ڕووهەڵماڵراو لەسەری



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەردەوام بووە.

خەڵکی کوردستان قوربانیی بێدەنگیی ژینۆسایدێکن لە ئێراندا کە ژیانی هەژاری، نایەکسانی، هەڵاواردن و ئاژاوەی سیاسی کەوتووەتە ژێر کاریگەرییەوە. ڕێژیمی دیکتاتۆری ئێران بە شێوەیەکی دڕندانە کۆمەڵکوژی و کۆچی زۆرەملێ و پاکتاوی نەتەوەیی لەدژی خەڵکی کوردستان جێبەجێ کردووە و بەبێ گوێدانە گۆڕانکاری و گۆڕینی ڕێژێمەکانی ئێران لە دەسەڵاتی پاشایەتییەوە بۆ ڕێژێمی دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیە، خەڵکی کوردستان بەردەوام بەرەوڕووی هەڵاواردن و کۆمەڵکوژی و ژینۆساید بۆتەوە.

ساڵانێکە ڕێژیم بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی بە شێوەیەکی کارەساتبار و بەکۆمەڵ خەڵکی کوردستان دەکاتە سووتەمەنیی سیاسەت و پرۆژەکانی. کۆمەڵکوژیی ڕێکخراو و گەورەی خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان لەژێر ناوی "جیهاد" و "فەتوا" لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا یەکێکە لە جەرگبڕترین ئەو کۆمەڵکوژییانەی کە هەزاران کەس لە لاو و پیر و ژن و پیاو ژیانی خۆیان تێدا لەدەست دا و بە شێوازێکی قێزەون و نامرۆڤانە بوونەتە قوربانی.

دوا ڕووداوی شۆککەر کە دڵی هەر مرۆڤێکی بەویژدان ئازار دەدات، هێرشی هاژەکیی ڕێژیمی تیرۆریستی ئێران بۆ سەر بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قووڵاییی باشووری کوردستان بوو کە بووە بەهۆی شەهیدبوون و برینداربوونی کۆمەڵێک پێشمەرگەی کوردستان. هۆکاری ئەم هێرشانەش ڕوونن. لەبەر ئەوەی لە لێواری کەوتندان، خەڵکی کوردستان بە ئاسانترین ئامانج دەزانن و یەک لە دوای یەک دەیانخەنە ژێر هێرشە نامرۆڤانەکانیانەوە. هەرچەندە مەبەستی ئەم دەسەڵاتە نگریسە بۆ هەمووان ڕوونە و لە پێناو مانەوەی خۆیان گواستنەوەی کێشەکانی نێوخۆی وڵاتی ئێرانە بۆ وڵاتانی دراوسێ و لە نێوخۆی وڵاتیش بە قسەی خۆیان نەیارەکانیان سەرکوت دەکەن و لاوانی بێتاوان ڕۆژانە لەسێدارە دەدەن.

ڕێژیمی مرۆڤکوژی ئاخوندی لەژێر ناوی ئیسلامدا چەند دەیەیە شەڕی نەتەوەیی و ئایینیی لە ناوچەکەدا وروژاندووە، بەتایبەتی لەسەر خەڵکی کوردستان. ئەوان بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی "دابەشکردن و حوکمڕانی"، هەوڵ دەدەن کەشی نائەمن بەسەر ناوچەدا زاڵ بکەن و بەتایبەتی کوردستان بکەنە گەرماوێک بۆ جێبەجێکردنی پیلانە سیاسی و پیلانە تاڵانچییەکانیان. بۆ ئەوان کۆمەڵکوژیی خەڵکی کوردستان و نەتەوەکانی تری ئێران لە ڕادەبەدەر دڵتەزێنە. خەڵکی ستەملێکراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ساڵانێکە بارگرانی دوو ستەمکارییان هەڵگرتووە، لە ڕەنجدەرترین نەتەوەکانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئێرانن.

لە ئێستەدا کە خەڵکی کوردستان ماتەمینی لەدەستدانی ئازیزانیان دەگێڕن، پێویستە وریا بن، چونکە کەسانێک هەن کە بەشەخۆراکی ڕێژیمی پیسی ئێرانن، دزەیان کردووەتە ناویانەوە و هەوڵی لادانی خوێنی ڕژاو و... تووڕەیی خەڵک لە ڕێگە سەرەکییەکەیەوە. پاڵنەری سەرەکیی تێرۆر و لەسێدارەدان و کۆمەڵکوژیی خەڵک هەمیشە دروستکردنی ترسە.

لە کۆمەڵگەیەکی وەک ئێراندا ناڕازی و پێداگری لەسەر بەها دێموکراتیکەکان هەمیشە بە واتای ڕیسک گرتنە، ناڕازی و کەسانێک کە باوەڕیان بە بەها دێموکراتیکەکان هەیە دەتوانن لە هەر ساتێکدا ببنە قوربانیی تێرۆر و ڕێک ویستی بەکرێگیراوانی ڕێژیم لەناوبردنی بەها دێموکراسییەکان بە تێرۆر و تێرۆرەوەیە بۆ هەڵوەشاندنەوەی درکێک.

لە کاتێکدا خەڵکی کوردستان بە شێوەی جیاجیا لەلایەن ڕێژێمی دیکتاتۆری ئاخوندییەوە دەکرێنە قوربانی، ماوەیەک پێش ئێستە بینیمان کە چۆن هەندێک کەس کە زیاتر لە هەندێکی تر بەردیان لێ دا بۆ بەرگریکردن لە خەڵکی کوردستان، ئێنکاری هەموو شتێکیان کرد. ئەم جۆرە گرووپە بازرگانییانە بە کردەوە خەریکی چەقۆکێشیین لە خەباتی نەتەوەی کورد بۆ دادپەروەری. ئەم نموونانە ئەوە دەردەخەن کە خەڵکی ماندوویینەناس لە هەموو نەتەوەکان تەنیا بە پشتبەستن بە هێزی خۆیان و دەوروەدان بە حیزبە جەماوەری و دێموکراسیدۆست و ڕاستگۆکان دەتوانن بە ئارەزووی مرۆڤایەتیی خۆیان بگەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی هاوسۆزی و هاوئاهەنگی لەگەڵ هەموو ڕزگاربووان، پێی وایە تەنیا بە یەکڕیزی و خەباتی هاوبەشی خەڵکی ئازارچێشتوو لە هەموو نەتەوەکانی وڵاتەکەمان دەتوانین ئەم هەموو ستەمکارییە بێسنووره ڕابگرین. تەنیا یەکگرتوویی و هاوسۆزیی هۆشیارانەی هەموو نەتەوەکان بەرانبەر بە دەستدرێژکاران و بکوژەکان دەتوانێت پەیامی کۆمەڵگایەکی ئینسانی، ئازاد و دێموکراتیک بە هەموو خەڵکی ئێران بهێنێت و کۆتایی بەو هەموو تێرۆر و تاریکییە بهێنێت.

بزووتنەوەی سیاسیی دەروەستی کورد وەک نیشانەی یەکڕیزی و هاوسۆزی بەرانبەر بە داگیرکەران و ستەمکارانیان، دەستی هاوکاریی خۆی بۆ کەسایەتییە نەتەوەییەکان، حیزبە جەماوەرییەکان و دامەزراوە پێشکەوتنخواز و ئازادیخوازەکان درێژ دەکات و ڕایدەگەیەنێت کە نابێت بهێڵین دوژمنی ئاشتنەکراوی گەل بێت دووبەرەکی، دڕندەیی، پیلانگێڕی و فێڵی تر دروست



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بکەن و گەلەکەمان لە هەموو بەشەکانی وڵاتدا لەناو دەچێت. کلیلی خۆشبژێویمان لە یەکڕیزیدا بەرانبەر بە خیانەتکاران سەر بە هەموو نەتەوەکانە.

شەهید بوونی کۆمەڵێک هاوڕێ و هاوخەبات و هاوسەنگەر نیشان دەدات کە لە هەر شوێنێکی ئەم دنیایە بین، بیر لە کوردستان دەکەینەوە و ئەمەش نیشانەی یەکڕیزی و تەبایی و پێکەوەبوونە. مێژوو دەری خستووە کە یەکگرتوویی خەڵک بەهۆی داواکارییەکانیانەوە دەتوانێت حکوومەتەکان بخاتە خوارەوە. وەک خۆیان دەڵێن، بردنی گیانی مەلاکان ئاسانترە لە بردنی پارەکانیان. ڕێبەرانی ڕێژیم زۆر باش دەزانن کە ویلایەتی فەقیهـ لەنێو نەتەوەکانی ئێراندا هیچ ڕەوایییەکی نییە و ئەگەر لە ڕابردوودا کەسانێک هەبوون کە لەژێر کاریگەریی پڕوپاگەندەی ناڕاستی ماشێنەکانی پڕوپاگەندەی خۆیان بوون، ئەوا ئەم تابۆیانە شکێنراون و لە چاوی خەڵکدا جێگەیان نییە. هەر لەبەر ئەمەشە لەگەڵ داخوازییەکانی خەڵکی وڵاتدا نەجووڵێن، ڕێگە بە نادادپەروەری و چەوساندنەوەی زیاتر دەدەن بەرانبەر بەو خەڵکەی لە جوگرافیای ئێراندا دەژین و مافە ڕەواکانی خۆیان پشتگوێ دەخەن. هەر بۆیە لاوە بێزارەکان لەو گرتەڤیدیۆیانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو دەکرێنەوە، بەبێ هیچ ترسێک ڕایدەگەیەنن کە هیچ شتێکیان نییە بۆ لەدەستدان و لەگەڵ ئەو ڕێژیمە ئامادەی هەموو بەرەنگاربوونەوەیەکن. ئەوان ئامادەکاریی پێویستیان هەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پیلانی ڕەنگاوڕەنگی مەلاکان و بێگومان ماوەیەکی زۆر ناخایەنێت کە خەڵک وەڵامێکی توند دەدەنەوە بەو ڕێژیمە و ئەوەندە ئاشکرایە کە نزیکبوونەوە لە ڕۆژانی کۆتایی ئەو ڕێژیمەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٩ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ = ٢٠ی نەڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ڕەنج سەنگاوی لە نوێترین شیعری بۆ ڕۆژهەڵات دەڵێت:




### هاوبەشکردن

سڵاو ڕۆژهەڵاتی خوێنم
سڵاو ڕۆژهەڵاتی ئاڵا
سڵاو ڕۆژهەڵاتی باڵا
سڵاو گوڵاوی شەهیدان،
هاوارەکانی بەرخۆدان
لە ناو دڵی باشورەوە
سڵاو بە گوڵی سورەوە
سڵاو سنەی ڕەچەشکێن
سڵاو کرماشانی هەوێن
سپێدە باش مەریوانم
لە ڕۆژئاوای ڕەنگینەوە
بە سرودێکی کورمانجی شیرینەوە
بە شیعری جگەرخوێنەوە
بە جەمەدانی شەڕڤان و پشتێنەوە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سڵاو بۆکانی شیرینم

سڵاو بە فرمێسکی سوێری پڕ لە سوێی گۆلی وانەوە

بەکەفاوی، دڵی گەلی زیلانەوە

سڵاو سەقز من ئامەدم، گوڵم بۆ ژینا هێناوە

وەک ئازادی لەلام پیرۆزە ئەو ناوە.

ژینای ئێوەش وەک گەریلایەکی شەهید

لە دڵم هەڵکۆڵراوە

پێشمەرگەیەو مەهاباد ناوی لێ ناوە.

سلاڤ بانە سلاڤ شنۆ سلاڤ ئیلام

من عەفرینی دەستبەسەرم

لێم ببورن کە ناتوانم پڕ بە گەروم هاوار بکەم هەمو دنیا بێدار بکەم

لێم ببورن کە ناتوانم یەک بەیەک ناوتان بهێنم

یەک بەیەک بتاناڵاوێنم

سلاوم بۆ کەسوکاری شەهید ژینا و شەهید رامین

شەهید کۆمار، شەهید خاک و شەهید باران

شەهید گەرمیان شەهید کوێستان

شەهید زاری ئەردەڵانی و شەهید کەلهوری لورستان

سەدان زەردەشتی هەورامان

شەهید گۆرانی و ئاوازو شەهید هۆنراوە و داستان

سلاو بۆ شەهید ڕۆژ ژمێر

شەهید پێنوس شەهید مۆمدان

شەهید گوڵ و شەهید دارو شەهید باخچەو شەهید بەرد و شەهید گوڵدان

جاکوێ گولەی پێوە نیە!

شەهید زەوی و شەهید ئاسمان. پێیان بڵێن عەفرین سڵاوی ناردبو بۆ هەموتان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# عەلی عەونی؛ ئێران بیانوومان پێ دەگرێ و دەیەوێ کێشە نێوخۆییەکانی بە ئەستۆی ئێمە دابێنێ



**ڕۆژنامەی کوردستان**

ڕۆژی دووشەممە، ٢٣ی خەزەڵوەر سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی جارێکی دیکە بە مووشەک و درۆن هێرشی کردەوە سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان. ئەو هێرش و پەلامارە مووشەکییە شەهیدبوونی دوو پێشمەرگە و برینداربوونی کۆمەڵە پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لێ کەوتەوە. کاردانەوەکان بە بەردەوامیی هێرشە مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر هەرێمی کوردستان زۆر و جۆراوجۆرن. نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند هیچ بیانوویەک بۆ مووشەکبارانکردنی هەرێمی کوردستان نابینین. مەسروور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش هێرشەکانی سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێرانی بە پێشێلکردنی سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستان و عێراق ناو برد.

هەر لە درێژەی ئەو هەڵوێستانەدا "عەلی عەونی"، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دێموکراتی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی "کوردستان "ڕایگەیاند کە ئێران لەبری هێرش بۆ سەر خاکی دراوسێیەکانی باشتر وایە کێشە نێوخۆییەکانی خۆی چارەسەر بکات.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

عەلی عەونی لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە بۆچی کۆماری ئیسالمی ئاوا بەئاسانی دەتوانێ سنوورەکانی عیراق و هەرێمی کوردستان ببەزێنێ و لە هێرش و هەرڕەشەکانی بەردەوام بێت، گوتی: بەداخەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران ماوەیەکە بیانوو بە هەرێمی کوردستان دەگرێ و ئەو کێشانەی کە لەنێو خودی ئێراندا هەیە، دەیانەوێ بیخەنە ئەستۆی دەورووبەر.

ئێمە هەمیشە لە هەرێمی کوردستان بڕوامان وابووە کە دەبێ ڕێزی دراوسێیەتی بگرین و هەرگیز لە هەرێمی کوردستانڕا هیچ مەترسییەک ئاراستەی والاتانی دەورووبەر نەکراوە. وڵاتانی دەورووبەریش کارێکی هەڵە دەکەن و ئەوە کارێکی خراپ و قێزەونە کە دەیانەوێ کێشە نێوخۆییەکانی خۆیان هەناردەی دەرەوە بکەن و بە خولقاندنی کێشە لە دەرەوەی وڵات، کێشە نێوخۆییەکانی خۆیان پووشبەسەر بکەن.

لە ماوەی ئەو سی ساڵەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەرگیز ئێمە دەستپێشخەر نەبووین یا ئەسڵەن نییەتی ئەوەمان نەبووە کێشەیەک بۆ وڵاتانی دەورووبەر دروست بکەین. بەداخەوە لە بۆردوومانی خانووی شێخباز خۆشیان پێکەنینیان بە بروبیانوویان دەهات کە گوایە لە بنکەیەکی ئیسرائیلمان داوە. ئێوە لە جۆولان جیرانی ئیسرائیلن، هەر لەوێ لێی بدەن بۆ ڕێگای نزدیک دوور دەکەن. ئەمە ڕاست نییە و ئەوەی کە لەو ماوەیەدا دوو جاریان لە قەڵای دێموکرات و بارەگاکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانیان دا، لە حەقیقەتدا ئەو بارەگانەیانە بارەگای مەدەنی و شوێنی ژیانی ژن و منداڵن و هەموومان دیمەنە ناخۆشەکانی ئەو منداڵانەمان بینیی کە هەڵاتبوون لە پەنا و پەساران، لەژێر شاخ و گاشەبەردان پەنایان گرتبوو لە ترسی بۆردوومانی کۆماری ئیسلامی.

ئێمە پێمان وایە ئەوە بە چارەسەرکردنی بنەڕەتیی کێشەکان، واتە بە دانیشتن لەگەڵ خاوەنی پرسەکان کە میللەتە، پرس و کێشەکانیان چارەسەر دەبن نە بە بۆردومانی ئەماڵ و ئەواڵ. هەروەها دەبوایە حکوومەتی عێراق ڕۆڵی خۆی ببینێت کە بەداخەوە حکوومەتی عێراق هەڵوێستی زۆر زۆر لاوازترە کە بەر سینگی بۆردوومانەکانی ئێران یا تورکیە بگرن و سنووریان بۆ دابنێن کە دەکرا حکوومەتی عێراق پەنا بباتە بەر ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و شورای ئەمنییەت و لەوێدا شکایەت بکات بۆوەی سنوورێک بۆ ئەم سنووربەزاندنانەی هەردوو دراوسێی زلحوڕتی زلهێز دابنرێت".

ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دێموکراتی کوردستان لە وەڵامی کاریگەرییەکانی ئەو هێرش و سنووربەزاندنانەی کۆماری ئیسلامی لەسەر هاوپێوەندیی نەتەوەیی کورد لە باشوو و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها کارتێکەریی هەڕەشەکانی کۆماری ڕێژیمی ئێران لەسەر هەڵوێستی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان گوتی: "ئێمە و خەڵکی باشووری و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەمووان دەزانین کە هەرێمی کوردستان هەمیشە هەڵوێستێکی نەرم و میانەڕەوانەی هەبووە لەگەڵ دەروردراوسێ. ئێمە ئاستی هێز و توانای و پێگەی خۆمان دەزانین، بۆیەش بۆ ئێمە باش نییە کە ببینە سەرچاوەی مەترسی و هەڕەشە؛ بەڵام ئەوەیکە هەیە بیانوو پێگرتنەکانە و لەوەتای هەیە ئەوان هەر بیانوو بە ئێمە دەگرن. بە دڵنیاییەوە لە هەرێمی کوردستانەوە هیچ هەڕەشەیەک نەکراوەتە سەر ئەم وڵاتانە و بە پێچەوانەوە هەموو جۆرە هەڕەشە و مەترسییەک هەر لە ناردنی درۆن و مووشەک هەتا ناردنی ماددەی هۆشبەر و تەقەمەنی، هەتا دەگاتە ناردنی تیرۆریستان لەو وڵاتانەوە بەرەو کوردستان، هەتا بەزاندنی خاک و هەتا بۆردومانکردن ئەوە ئەوانن کە مەترسیی بۆ سەر هەرێمی کوردستانن. بۆیەش ئێمە ئەوەی لە باشووری کوردستان بە سەر ئێمە دێت و لە میللەتی ئێمە دەدا، حەقیقەتت دەوێ بەش بە حاڵی خۆم یادی بۆردوومانەکانی سەدام حوسێن و بەعسمان دێنێتەوە بیر کە لە ئۆردووگاکانی زێوە و لە کەمپەکانی مارددین، مووش و دیاربەکر ژەهریان دەرخواردی پەنابەران و ئاوارەکانی کورد دەدا لەوێ، بەهەمان شێوەیە. ئەم وڵاتانە ئێمە تەنانەت ئەگەر دانیشین و هیچیش نەکەین، هیچ ئیددیعایەکیش نەکەین هەر مەحکوومین بە لەنێوچوون. ئەوان نایشارنەوە کە ناتوانن تەحەمولی هیچ جۆرە پێشکەوتن، گەشەسەندن و پێشوەچوونێک بۆ ئاستی ژیان و فەرهەنگ و کولتوور و سیاسەتی کورد لە کوردستان بکەن.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ۸۳۵ – ڕێکەوتی: ۲۱ی نۆڤەمبەری ۲۰۲۲



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# نووسەرێک لە ڕۆژهەڵاتەوە. بۆ سەرکردایەتیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات



**ڕەسووڵ سوڵتانی**

**جۆری چالاکی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان لەمەو بە دواوە.**

لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوو و ئەو خۆپێشاندانە بەرفراوانانەی لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووی دا، نیشانی داوە کە خەڵکی کوردستان دەتوانن بە شێوەیەکی هاوسەنگ لە شاربەشاری کوردستان ڕێک بخرێن.

ئامادەیی خەڵکی بۆ هاتنە سەر شەقام و دەنگی یەکگرتوویی ئەوان سەلماندیان کە چالاکی و شۆڕش لە کوردستان تەنیا شتێکە تایبەت بە ئەو ناوچەیە و جۆری تێڕوانین و ژیانی کورد.

هەڵبەت ڕێکخستنی جەماوەری کارێکی سادە و ساکار نەبووە و نییە، لێرەدایە ڕۆڵی حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات بە باشی خۆی وەدەر دەخات.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

حیزبەکان لەو ڕێکخستنانە دا گرەوی قوڵایی دەسەڵات و توانایییان لە جمهووری ئیسلامی بردەوە. بۆیە سپا هەڵیکوتایە سەر بنکە و بارەگاکانیان لە نێو خاکی هەرێم. ئەو دۆڕاندنەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی شتێکی کەم ڕەنگ و بێمایە نییە، بەڵکە سەرچاوەی لە خۆڕێکخستنی کوردان دایە کە دەتوانن هاوکاری حیزبەکان بکەن و حیزبەکانیش دەبێ نیشانی بدەن بە حەق دەتوانن دەنگ و ڕەنگی کوردان بە هەموو جهان نیشان بدەن کە کورد لە ئێران چی دەوێت. بۆیە پێویستە دەستگای دیپلۆماسی حیزب بە تەواوەتی وەگەڕ کەوێت و کارێک بکەن سەرنجەکان بۆ کوردستان ڕا بکێشن، ئەوان دەبێ ئەندامانی دەرەوەی وڵاتیان هان بدەن وێڕای ئەوان لابییەکی گەورە درووست بکەن بۆ داهاتوو.

ئێستا کە لە نێوخۆ جۆری چالاکی کورد بە دڵنیایی لە هی فارس و دیتری نەتەوەکان جیا بۆتەوە ئەوە نابێ بە هیچ شێوەیەک وەک مەترسی و تەهدید لێی بڕواندرێت بەڵکە دەبێ وەک دەرفەت سەیر بکرێت تا ئامانجی لە مێژینەی کوردانی لێ بەرهەم بێت.

ئەوڕۆ کوردانی ڕۆژهەڵات سەنەدی متمانەی خۆیان و حزوور و ئامادەییان داوەتەوە دەستی حیزبەکان تا بتوانن وەشوێن داخوازییەکانیان بکەون. چوون کورد لە ڕۆژهەڵات بە پێی داوای حیزبەکان ئەوەی پێویست بوو کردیان و ئەوەی پێویستیش بێت دەیکەن.

ئەوەی دەمهەوێ دڵنیایی بدەم کە جوڵانەوەی ئێمە کەمترین نیسبەتی لە گەڵ جۆری جوڵانەوەی ئێران نەماوە. ئەوە لە جۆری شوعار و داخوازی گەلی کورد خۆی نیشان داوە.

من وەک نووسەری ئەو دەقە ساڵانێکی دوور و درێژ دژی جۆری چالاکی حیزبە کوردییەکان بووم، بەڵام ئەو ماوەیە دەبینم چۆن حەولیان داوە نارەزایەتییەکان ڕێک بخەن و تا ئەوپەڕی تواناشیان پشتگیریان کردووە و بۆ خۆشیان پشکی سەرەکیان لەو ڕێکخستنانە دا وەبەر کەتووە.

ئێستا ئەوەی دەمێنێتەوە بەرفراوان کردن و بە گوێی جهان گەیاندنی داواکاری خەڵکی ڕۆژهەڵاتە. بۆیە ئەوان سەنەدی بەرخۆدانی ڕۆژهەڵاتییان بە دەیان شەهید و هەزاران بریندار و چەند هەزار گیراو بە دەستەوەیە و دەتوانن دەنگی خەڵکی کورد بن و ئەو ڕەواییەشیان پێدراوتەوە. نابێ بە هیچ شێوەیەک ئەو پێوەندییە سەربەپووش بکرێت و بە منەمن بارستاییەکەی لێی کەم بکرێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

چاوەڕوانی خەڵکی کوردستان ئەوەیە ئەو سەنەد و بەڵگەیەی ئێستا کوردستان داوێتە دەستی حیزبەکان بە باشترین شێوە لە تەعامولی نێونەتەوەیی و دیتری لایەنە پێوەندیدارەکانی ئێران بخرێتە سەر مێز و بە جەسارەتەوە شوێنی داخوازییەکانی گەلی کورد بکەون. دەبێ ئەوان جەسارەتی ئەوەیان بێت لەوە بە دوا لە وڵامی پرسیاری ئەوەی کورد چیان دەوێت، دەنگیان ڕەسا بکەن و بێ شەرت و شرووت باسی ئازادی بکەن. واتا کورد جگە لە ئازادی و سەربەستی چیتری ناوێت و ئەوەش ئەگەر لە ئێران دا بەرقەرار بوو فەبیها و ئەگەریش نەبوو ئەوە نیشتمانی خۆمان بە دەستەوەمانە و تا کۆتا دڵۆپەش خوێنی بۆ دەدەین.

بابەتێکی دیکە بەرفراوانتر کردنی ناوچەی نفوزە بە شێوەیەک لە ماکۆوە تا دوورترین شوێنی پارێزگای ئیلام لە خۆ بگرێت. ئەگەر کرا دوو پارێزگای لوڕستان و بەخیاریش دەتوانن بە ڕیزی کوردستان زیاد بکەن و دڵنیام ئەگەر ئەوان ڕێکخستنی باش بۆ ئەو پارێزگایانە بکەن، بەشێکن لە کوردستانی دێرین.

ئەوەی چاوەڕوان دەکرێت لێیان ئەو بەڵگەیانە وەک موزایەدە دانەنێن و گۆڕینەوەی پێ نەکەن بەڵکە وەک خاڵی جەوهەری و سەروەری کورد لێی بڕوانن لە پاشهاتەکان لە دەرەوە وڵات و تەعامول لە گەڵ جهان و خودی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی.

هیوامە بتوانن دەنگی کورد بن، ڕۆژگارێکی لایەنێک بەو حیزبانەی دەگووت ئەحزابی کلاسیک، وە ئەوڕۆ دەبینین کلاسیک نین و دەتوانن کوردستان ڕێک بخەن و دەبێ هەر ئاواش ئاوازەدەری دەنگی کورد بن لە هەموو جهان.

نووسەرێک لە ڕۆژهەڵاتەوە

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی ڕەسووڵ سوڵتانی – ڕێکەوتی: ٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ڕۆحی ژینا و خوێنی هەولێر




**بەرهەم عەلی**

دەمێ سروودی ئازادی
بە بڵندگۆی
مزگەوتەکانی ڕۆژهەڵات لێ دەدرێ...
کاتێ ماڵی خۆفرۆشان
لە لایەن کچ و کوڕانی کوردەوە
پارچە پارچە ئاگریان تێ بەرئەدرێ...
وەختێ کە ئاڵای کوردستان
ئاڵای کۆماری پێشەوا
بە ستوون و درەختە سەوزەکانی
شەقامەکانی ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدەواسرێ...
ساتێ منداڵی شەهیدێک
لەسەر گۆڕی باوکە ڕاپەڕیوەکەی
هاوار دەکات: شەهید نامرێ...
هەر لەو دەمە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سوپای پاسدارانی ئێران
بە دەیان مووشەک و درۆن
لە جەژنیکان و کۆیەی باشوور دەگرێ...!

کاتێ مەلا و پیاوە ئایینییەکانی رۆژهەڵات
داوا لە گشت دونیا دەکەن:
لەئاست ئەو هەموو ستەمە
هەڵوێست هەبێ...
هاوار دەکەن:
با راپەڕین بەردەوام بێ...
بەڵێن دەدەن،
هەتا رۆژی سەرفرازی
لەجێی وتاری ئایینی،
ئەی رەقیب و
ژن، ژیان و ئازادی بێ...
ساتێ کە باوکی شەهیدێک
بە دڵی پڕ پێمان دەڵێ:
شانازییە مرۆڤ ژن بێ...
لەو ساتانەش
ئاراستەی مووشەکی ئێران
رووی لە زرگوێزی باشوور دەبێ...

ئەو رۆژانەی کاسبکارانی رۆژهەڵات
دوکانەکانیان دادەخەن و
بڕیار دەدەن،
ئازاد بن و نانیان نەبێ...



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کاتێ کچێکی رۆژهەڵات

روو لە هێزە ئەمنیەکانی ئێران

پڕ بە گەروو هاوار دەکات:

من ناترسم،

با هەرچی فیشەکتان هەیە

دانە دانە بۆ سنگی من بێ...

ئەو دەمانەی

ژن و پیاوە جەرگسووتاوەکانی رۆژهەڵات

نزا دەکەن، راپەڕین ئەنجامی هەبێ...

هێند بێ کەسن

دوعا دەکان خودا بە گەورەیی خۆی

ئاگای لە رۆڵەکانیان بێ...

ئەو شەوانەی سوپای پاسدارانی کۆمار

لە جادەکانی رۆژهەڵات

خوێنی گەنجی کورد دەڕێژێ...

هەر لەو کاتە

پیلانی بۆردومانێکی تر

دژی هەولێر دادەڕێژێ....

وا بزانم ئیدی تەواو،

ئەم راپەڕینەی رۆژهەڵات

گەیشتە ئاستێ...

نە بە بۆردومانی هەولێر و

نە بە سووتاندنی کۆیە

بڕوا ناکەم رابوەستێ...

هەتا زوڵم بەردەوام بێ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کاروانەکەی بەردەوامە
بە زیندانیکردنی لاوان و
بە کۆمەڵکوژیی گەنجەکان
سەرکوتیش بکرێ، ناوەستێ...
ئەمە شۆڕشی ژینایە
ئەو کچە کوردەی نەیزانی
بە دڵی (پۆلیسی ئەخلاق!)
لەچکەکەی سەری ببەستێ...

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز – ڕێکەوتی: ٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# چەند هاوکێشەیەکی ئاڵۆز لە دۆزی کورد




**ڕەنج نەوزاد**

١- پرسی سەربەخۆیی و شوناسی کورد: لەم شۆڕشەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکانێکی زۆر هەن داوا دەکەن کە ڕۆژهەڵات لەم کاتەدا نابێت درووشمێک بەکاربێنن یا ڕەفتارێک بکەن کە پێشانی بدات سەربەخۆییان دەوێت. ئەمەش لەبەر ئەوەی فارس و ئازەرەکان نەکشێنەوە لە شۆڕشەکە. ئەم داواکارییە، لە ڕوویەکەوە لۆژیکیە، بەڵام ڕووکەشانەیە.

دەرکەوتن و ناسینی شووناسی مرۆڤێک یا گروپێک، بە گشتی، دوو ڕەهەندی هەیە. ڕەهەندێک کەسەکە یا گروپەکە چۆن دەڕوانێتە خۆی، هەر وەها ئەوانی تر چۆن دەڕوانن ئەو مرۆڤە یا ئەو گروپە. گریمان ئەگەر هەموو کوردی جیهان ریفراندۆمێک بکەن و سەد لەسەدیان دەنگ دژی سەربەخۆیی کوردستان بدەن، ئەوا تورک و فارس و عەرەبی عیراق و سووریا هەر وەک جوداخواز سەیری هەموو ڕەفتار و جوڵەیەکی کورد دەکەن. ئەم تێڕوانینەی ئەوان بۆ کورد، بەشێکی گرنگی شووناسی کوردە لەپەیوەندیدا بە پرسی سەربەخۆیی. تێڕوانینی ئەوان لەبەر ئەوەی تێڕوانینی دەوڵەتە، سیاسەت و دەسەڵات و ئابووری و یاسای لە پشتە، دەکرێت زاڵتر بێت لەو تێڕوانینەی کە کورد بۆ خودی خۆی هەیەتی، دەکرێت ڕۆڵی زیاتری هەبێت لە درووستکردنی شووناسی کورد. بۆ نموونە دەسەڵاتی سیاسی لە ڕۆژئاڤای کوردستان، هەمیشە هەوڵدەدات وەک پارچەیەک لە سووریا خۆی پیشانبدات و کار بکات، هەرگیز ئاماژەیان نەداوە بە سەربەخۆیی کوردستان، بەڵام تورکیا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و سووریا بە ڕەهای پێیانوایە ڕۆژئاڤا دەیەوێت سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت. ئەم تێڕوانینە دۆخێکی درووست کردوە کە کورد بیەوێت یا نا، ناچارە سەربەخۆیخواز بێت. سەربەخۆیخوازی بووە بە بەشێک لە بوون و شووناس مرۆڤی کورد. ئەم تێڕوانینەی داگیرکەران بۆ کورد هۆکاری زۆرە، گرنگترینیان:

١- ئەو چوار دەوڵەتە، بە حکومەت و خەڵکەکەیەوە، سوور دەزانن کوردستانیان داگیر کردوە و کورد نەتەوەیەکی داگیرکراوە، داگیرکەریش هەمیشە دڵنیایە لەوەی کە داگیرکراو هەوڵدەدات سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت.

٢- ئەو تێڕوانینە بۆ کورد هەمیشە شەرعیەت دەداتە دەسەڵاتی ئەو چوار دەوڵەتە کە هەموو جوڵە و خەونێکی کورد لەناوبەرن بە پاساوی جوداخوازی و پارچە پارچەکردنی دەوڵەتەکەیان. چونکە ئەو پاساوە پشتگیری، یا بێ دەنگی کۆمەڵگەی فارس و تورک و عەرەبی عیراق و سووریا بەدەست دەهێنیت. بۆ نموونە بۆ پرسی دەوڵەتی کوردستان، حەدیس نەجەفی و خامنەیی یەک ئەخلاق و تێڕوانین و هەڵوێستیان هەیە. بە کورتی کورد ناچار کراوە کە دەوڵەتی نەبێت و ناچاریش کراوە هەمیشە خوازیاری دامەزراندنی دەوڵەت بێت. بۆیە ترس لەوەی لە شۆڕشەکەی ڕۆژهەڵاتی درووشمی سەربەخۆیی هەبێت یا نا، ترسێکی بێ مانایە. ئەگەر دە کۆڵبەری ڕۆژهەڵات کۆببنەوە و داوای باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خۆیان بکەن، ئێران هەر وەک جوداخواز دەیانناسێنیت.

٢- قەدەغەکردنی مافی بەرگری لەخۆکردن: بە پێی یاسای نێودەوڵەتی و یاسای ناو دەوڵەتەکان و یاسای ئاینەکان... مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە بەرگری لەخۆی بکات. کورد لەو مافە بێ بەش کراوە. سەبارەت بە یاسای نێودەوڵەتی، لە سیستەمی جیهانیدا دەوڵەت مافی ئەوەی هەیە بەرگری لە خۆی بکات، چونکە بکەرەکان دەوڵەتن. کورد لێرەدا دەوڵەت نییە، ئەو مافەی لێ سەندراوەتەوە. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پاراستنی مرۆڤی کوردی داوەتە دەست چوار جەلادی کورد، واتە پرسی بەرگری لەخۆکردنی قوربانی، دراوە بە جەلادەکە. کورد بۆی نییە چەک درووست بکات وەک دەوڵەت، مافی ئەوەشی نییە وەک دەوڵەت چەک بکڕێت. بەڵام هەر چوار داگیرەکەی کوردستان مافی درووستکردن و کڕینی چەکیان هەیە. دەبینین درۆنی تورکیا چۆن هاوکێشەی شەڕکردنی گۆڕیوە دژ بە کورد. سیستەمی جیهانی مافی بەو چوار دەوڵەتە داوە باشترین چەکیان هەبێت دژ بە کورد، بەڵام مافی بە کورد نەداوە چەکی هەبێت تەنها بۆ بەرگری کردن لە خۆی. سەبارەت بە یاسای ناو دەوڵەتەکان، ئەوا مرۆڤی کورد بە پێی ئەو یاسایە یاخی و جوداخوازە و دەبێت سزا بدرێن و لەناوببرێن. بە پێی یاسای ئاینەکان، ئاین لە لایەن ئەو دەوڵەتانەوە کۆنترۆڵکراوە و ئاین چەن دەقێکە و دەوڵەت دەیانکاتە کردار و مانایان پێدەدات، لەوەشدا کورد ئەو مافەی لێ سەندراوەتەوە هەر بۆیە بە ناوی سوورەتی ئەنفال و فەتح کورد دەکوژن، جیهانی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئیسلامیش بێ دەنگە یا پشتگیری لە داگیرکەرانی کوردستان دەکات.

٣- پرسی خەباتی چەکداری یا مەدەنی: لەبەر ئەوەی کورد ناوەندێکی بڕیاری نییە، هەر حیزب و سیاسی و نووسەر و کەسێک لەگەڵ خەباتی چەکداری بێت یا نا، تەنیا بۆچوونێکە. لایەنێک نییە بتوانێت بڕیار بدات کورد خەباتی مەدەنی بکات یا چەکداری. بۆ نموونە ئەگەر پەکەکە بڕیار بدات خەباتی چەکداری کۆتای پێ بێت، ئەوا پەکەکە وەک گرووپێک دەتوانێت کۆتای بەو شێوە خەباتە بهێنێت، لەوانەیە دوای ماوەیەک گرووپێکی کوردی تر لە باکوور درووست بن و دەست بکەنەوە بە خەباتی چەکداری. دۆخی کورد، بە هۆی مێژوو و جوگرافیا و هاوکێشە سیاسیەکانەوە، هیچ لایەنێک نییە بتوانێت هەموو کورد وا لێ بکات تەنیا خەریکی خەباتی مەدەنی بن یا تەنیا هی چەکداری. کەواتە لە واقعدا هەردوو جۆرەکە هەیە و بەردەوامیش دەبێت. ئەوەی پێویستە ئەوەیە گۆڕانکاری لە هەردوو ئەو جۆرە خەباتە بکرێت. کاریگەرتر و بەهێزتر بکرێن. بە بۆچوونی من، لە هەموو بارودخێکدا کورد دەبێت هەردوو جۆرەکەی خەبات پەیرەو بکات، بەڵام خەباتی چەکداری، ئەگەر لە ڕووی کوالێتیەوە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، گرنگترە. دواجار بەشێکی گەورەی سیاسەت بریتییە لەوەی پەیامی ئەوە بدەیتە بەرامبەرەکەت کە دەتوانی بیکووژیت، یا قەیرانی بۆ درووست بکەیت و سزای بدەیت.

ماوەی ٢ - ٣ ساڵە چەندین جار لەو بارەیەوە نووسیومە کە سیستەمی جیهانی بەرەو قۆناغێک دەچێت، سیاسەت تیایدا زیاتر بە سەربازی دەکرێت. ئەگەر زۆرە جەنگ و قەیرانی سیاسی و سەربازی ڕوودەن. بە تایبەت لە پەیوەندیدا بە ململانێی ئەمریکا و چین، یا ئەمریکا و ڕووسیا. هاوکات ئەگەر هەیە چەندین دەوڵەت، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا، بەرەو دابەشبوون بچن و دەوڵەتی نوێ درووست ببێت. لەم بارودۆخەی جیهاندا، زۆر پێویستە کورد، تا بکرێت چەکی زیاتر و بەهێزتری هەبێت. زۆر پێویستە کورد پڕۆژەیەکی هەبێت بۆ درووستکردنی هەندێک چەکی سادە و سەرەتای، کورد پێویستی بە درووستکردنی چەکی سەرەتای و سادەیە، چونکە تەنیا لە ناو ماڵی خۆی بەرگری دەکات، نەک هێرش بکات. کاتێک لە ناو شار و گوندەکانی خۆت بەرگری دەکەیت، دەتوانی بەچەکی سادە، ئەو دووژمنە ببەزێنیت کە چەکی پێشکەوتوو و بەهێزتری پێیە و هێرشی هێناوەتە سەرت. بۆ نموونە لەم هێرشەی ئێرانی داگیرکەر بۆ سەر مەهاباد، ئەگەر بتوانرایە چەن هەزار پاسدار و چەکدارێکی تیرۆریستی ئێرانی بتۆپێنرێن، ئیتر ئەو هێرشانە ئاوا بە ئاسانی نەدەکرا و دەزانرا باجەکەی زۆر قوورس دەبێت.

٤- پرسی گۆڕانکاری لە پێگەی کورد و لێکەوتەکانی: یەکێک لە قەیران و مەترسیەکانی سەر کورد بریتییە لەوەی کە بە هۆی گۆڕانکاری لە هاوکێشە سیاسییەکان و چەندین هۆکاری ترەوە، کورد پێگەی باشتر بووە، بەڵام ئەو گەشەکردنە لە پێگەی کورد، هاوکات نییە لەگەڵ هێز و توانای کورد بۆ پاراستنی ئەو پێگەیە. ئەو پێگەیەیی کورد لە باشوور و ڕۆژئاڤا،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کە ئەگەر هەیە لە ڕۆژهەڵاتیش ڕوویدات، لای ئەو چوار داگیرکەرە واتە هەڕەشەی جدی لە ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتەکانیان. ئاسایشی نەتەوەیی هەستیارترین پرسە لای دەوڵەتان، بە تایبەت ئەگەر بزانن ئەو هەڕەشەیە لە ئاسایشی نەتەوەی، لە لایەن گروپێکەوەیە کە لە خۆیان لاوازترن. بۆ نموونە لە ئێستادا بە ڕوونی دیارە پلانێکی تورکیا و ئێران هەیە بۆ لێدان لە پێگەی کورد. بێ گومان عیراق و سووریاش لەوەدا هاوڕا و هاوفکریانن، بەڵام لەبەر ئەوەی عیراق و سووریا سووک و ڕسوا بوونە، پرسی پەلامارادنی کوردیان سپاردووە بە تورکیا و ئێران. ئێستا ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیشتووەتە پێگەیەکی زۆر جیاوازتر بە براورد بە دوو مانگ پێش ئێستا، بەڵام توانا و هێزی لەگەڵ دوو مانگ پێش ئێستا جیاوازییەکی گەورەی نییە. مەبەست لە هێز و توانا، واتە لایەنی سەربازی و ئابووری و پشتگیری دەرەکی و هاوپەیمان... تا ڕادەیەک، هەمان دۆخ لە ڕۆژئاوای کوردستان و کەمتر لە باشوور هەیە، بۆ نموونە ڕۆژئاوای کوردستان گەیشتووەتە پێگە و دەستکەوتێکی مێژووی، بەڵام بە کشانەوەی ئەمریکا لەوێ، دەکرێت ئەو پێگەیە بکەوێتە بەردەم مەترسی لەناوچوون. زۆر پێویستە کورد بیر لەوە بکاتەوە، گۆڕانکاری لە پێگە و بەدەستهێنانی دەستکەوت، چەند گرنگە، توانای پاراستنی ئەو پێگەیەش ئەوەندە گرنگە.

٥- جیاوازی لە نێوان ڕووکەش و ناوەڕۆکی دۆزی کورد: بە پێی واقع و ئەوەی کە هەیە باکور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان داگیرکراوە، پێش سووک و ڕسوابوونی سووریا و عیراق، باشوور و ڕۆژئاواش لە هەمان دۆخ بوون. دۆخی کورد و کوردستان نەک تەنیا دۆخی داگیرکارییە، بەڵکو لە خراپترین و توندترین جۆرەکانی داگیرکارییە. بۆ نموونە کاتێک ئەمریکا، عیراق و ئەفغانستانی داگیرکرد، زمان و کولتوری ئەو دوو وڵاتەی نەگۆڕی، نەیوت عیراقی و ئەفغانیەکان، ئەمریکین و خاکیان بەشێکە لە خاکی ئەمریکا. بەڵام کورد کراوە بە تورکی و سووری و عیراقی و ئێرانی، زمانی تری بەسەردا سەپێنراوە، خاکەکەی کراوە بە خاکی ئەو چوار وڵاتە... واتە دۆخی کوردستان لە خراپترین و توندترین جۆرەکانی داگیرکارییە.

ئەمە ناوەڕۆکی دۆزی کوردە، بەڵام کۆمەڵگەی و یاسای نێودەوڵەتی، ڕووکەشێکی تەواو جیاوازی بۆ ئەو ناوەڕۆکە دروستکردوە. بۆ نموونە لە باشترین دۆخدا پرسی کورد دەکەنە پرسی نێوان حکومەتێکی ستەمکار و هاووڵاتیانی ئەو دەوڵەتە. ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوودەدات، بە هیچ شێوەیەک درووست نییە بەوە وەسفبکرێت کە حکومەتێکی ستەمکار هەیە و بە توندی ڕووبەڕووی خۆپێشاندەران دەبێتەوە. ئەمە گوتاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیە لەسەر ئەو دۆخەی لە ڕۆژهەڵات هەیە. لە کاتێکدا ناوەڕۆکی ڕووداوەکە بریتییە لە ململانێی نێوان دەوڵەتێکی داگیرکەر و بەرخودانی نەتەوەیەکی داگیرکراو. بە هیچ شێوەیەک دۆخی کوردستان و تەنانەت بەلوچستان براورد ناکرێت بەو شۆڕش و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نارەزایەتیەیی لە تاران و مەشهەد هەیە، لە کوردستان  وبەلوچستان ململانێی نێوان هاووڵاتیان و حکومەت نییە، بەڵکو ململانێی نێوان داگیرکەر و داگیرکراوە. هەر بەکارهێنانی دەستەواژەی گەلانی ئێران، رووکەشێکی فەیکە بۆ ناوەڕۆکێک کە بریتییە لە گەلانی داگیرکراو لە لایەن فارسەوە، نەک گەلانی ئێران. هەمان دۆخ لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان هەیە، دۆزی کورد، ناوەڕۆکێکی هەیە کە رووکەشێکی تەواو جیاوازی بۆ درووستکراوە، ئەو رووکەشە فەیکەش کراوە بە هەقیقەت و یاسا و باوەڕ، تەنانەت بە خودی کوردیشەوە، ئەو رووکەشەیان لابووە بە هەقیقەت نەک ناوەڕۆکەکە. لێرەوەیە دۆزی کورد، تا ناوەڕۆکەکەی ئاشکرا نەکرێت و دانی پیانەنرێت، نە کورد خۆی، نە ئەو چوار دەوڵەتەش سەقامگیری بەخۆیانەوە نابینن. دۆزی کورد ئەگەر وەڵامێکی لۆژیکی بۆ نەدرێتەوە بە پێی ناوەڕۆکی دۆزەکە، نەک رووکەشە فەیکەکە، هەمیشە وەک بۆمبێک دەمێنێتەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە هەموو کات ئەگەری تەقینەوەی هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی روانگە و رەخنە – رێکەوتی: ٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---

## ئایا کێشەی ئێران لە کۆیە و زرگوێز و جەژنیکانە؟




**جەمال عەبدوڵا**

شەوی رابردوو جارێکی تر سوپای پاسدارانی ئێران، چەند شوێنێکی هەرێمی کوردستانیان بۆردومان کردەوە، ئەمجارە کۆیە و زرگوێز و کەمپی جەژنیکانیان بۆردومان کرد. ئەگەر هەر بەڕاستی دەسترۆیشتووانی ئەمرۆی ئێران وەها لە بارودۆخی زۆر



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خراپی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسیی ناوخۆی ئێران تێگەیشتبن کە کۆیە و زرگوێز و کەمپی جەژنیکان هۆکاری ئەو بارودۆخە زۆر خراپە هەمەلایەنەی ناوخۆی ئێرانە، ئەوە هەر ئەم جۆرە تێگەیشتنە خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆکارێکی تر کە ئەم جۆرە حوکمە لە ئێران کێشەی هەیە.

ئەگەر دەسترۆییشتوانی ئەمڕۆی ئێران تەنیا هەر سێ وشەی (ژن، ژیان، ئازادی) شی بکەنەوە دەبێ زۆر بە کورتی لەوە تێبگەن کە خەڵکی ئێران لەم خۆپیشاندانانەدا چییان دەوێ؟

بەرزکردنەوەی دروشمی (ژن) بە مانای ئەوەیە کە لە ئێراندا ژنان یان هاووڵاتی نین، یان هاووڵاتیی پلە دوون و ژنانیش ئەمەیان ناوێت. بەرزکردنەوەی دروشمی (ژیان) بە مانای ئەوەیە کە هاووڵاتیانی ئێران دەڵێن لە ئێراندا ژیانێک نیە کە شایستەی ژیانی مرۆڤی ئەم سەردەمە بێت، بەرزکردنەوەی وشەی (ئازادی)یش بە مانای ئەوەیە کە لە ئێراندا ئازادی نیە، ئەم سێ کێشە و چەندین کێشەی تر، خەڵکی ئێرانی رژاندووەتە سەر شەقام، نەک زرگوێز و کۆیە و جەژنیکان.

- زرگوێز و کۆیە و جەژنیکان، چی بڵێن و تاوانیانیان چیە کە بە ٤ ملیۆن تمەن ئنجا ١٠٠ دۆلار دەکرێت؟
- زرگوێز و کۆیە و کەمپی جەژنیکان، چی بڵێن و تاوانیان چیە کە زیاتر لە لە سەدا ٣٠ گەنجانی ئێران بێکارن و رێژەی ژنانی بێکاران دوو هێندەی پیاوانی بێکارن، تەبعەن ئەو لە سەدا ٣٠یە ئەوانەن کە بەشوێن کاردا دەگەڕێن و کاریان دەست ناکەوێت و ئەمە ئەو رێژەیە ناگرێتەوە کە بەتەواوی بێئومێد بوون لەوەی کە کاریان دەست بکەوێت!
- زرگوێز و کۆیە و جەژنیکان چی بڵێن و تاوانیان چیە کە لە سەدا ٢٥ی هاووڵاتیانی ئێران، واتە ٢٠ ملیۆن هاووڵاتییی ئێران هەژارن، بەو مانایەی کە ئەمرۆ ٢٠ ملیۆن هاووڵاتیی ئێران ناتوانن پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی رۆژانەیان دابین بکەن.

- زرگوێز و کۆیە و جەژنیکان چی بڵێن و تاوانیان چیە کە خەڵکی ئێران گەیشتوونەتە رادەیەک کە لە ئەدەبییاتی سیاسیی ناو دنیای شۆڕش و جووڵانەوە شۆڕشگێڕییەکاندا پێی دەگوترێت (ئەو بارودۆخەی کە قبووڵکردنی لە وزەدا نەماوە) عەرەب پێی دەڵێن: (الوضع الذي لا يطاق) فارسەکانیش پێی دەڵێن (وضعیتی کە برای مردم ناپذیر شده است!)

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز – رێکەوتی: ٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئیرادەی کورد زۆر لە درۆن و مووشەک بەهێزترە



**ڕێبوار حەمەلاو شوانی**

بە درێژایی مێژوو دوژمنان و داگیرکەران بۆ ڕێگری لە خەبات و قوربانیدانی کورد و کوردستان، بۆ گەڕاندنەوەی خاک و شکۆی زەوتکراوی لە رابردوو و ئێستەیشدا، هەموو جۆرە چەک و ئامرازێکیان بەکار هێناوە. دەیان سیناریۆ و چەواشەکارییان گرتە بەر بۆ ئەوەی کورد نەگاتە ئامانج و مافی رەوای خۆی، لە کاتێکدا هەموو ڕۆژێک لە چاوەڕوانیدایە و قوربانیی لە پێناو دەبەخشێت،.

پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە سەدەیەک بەسەر گۆڕینی نەخشەی جیۆگرافیای رۆژهەلاتی ناوەڕاست، بەتایبەتیش ئەو وڵاتانەی دراوسێی کوردستان بوون، لەگەڵ تێکدانی نەخشەی جیۆگرافیای کوردستان کە پێشتر کرابووە دوو بەشەوە لە نێوان عوسمانی و فارسەکاندا، ئەمجارەیان کرایە چوار بەشەوە، واتە پرۆسەی دابەشکردن بەسەر کوردستاندا هێنرا و لەو کارەشدا نەک گوێ لە کورد نەگیرا، بەڵکو بە کوشتوبڕ، نارەزاییەکانی کورد لەو رووەوە دامرکێنرایەوە. بەو جۆرەش هێشتا ئارەزووی کورد بۆ گەڕانەوە بۆ ئەسڵی خۆی کە جیابوونەوەیە لەوانیتر، وەک خۆی ماوە و رۆژ بە رۆژ بەهێزتر دەبێت.

گەلی کوردستان خاوەنی ئیرادەیە و بەو هێرشانە ناشکێت، بەڵکو پەیامە بۆ خەڵکی کوردستان کە دەبێت یەک بگرن، گەلێک بە درێژایی مێژوو خوێن و گیانی بۆ دروستکردنی قەوارەی خۆی ڕشتووە، لەم دۆخەی ئێستەیدا دەبێت چاو لە گەلی ئۆکراینا بکات، ئەوان بە ئیرادەی گەلەوە بەرانبەر بە ئیمپراتۆریایەک وەستاونەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە دوای کوژرانی قاسم سلێمانی لە ماوەی دوو ساڵی رابردوو، چەندان جار بە پاساوی جۆراوجۆر و چەواشەکاری و بە مووشەک و درۆن هێرش کراوەتە سەر هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان و چەند ناوچەیەکی تر، زیانی گەورەی مادی و گیانی هەبووە، منداڵی ترساندووە و ژیانی سڤیلی شێواندووە. ئەوانەی هێرش دەکەنە سەر کوردستان، دەیانەوێ ئەو ئارامی و سەقامگیرییەی تێک بدەن، هەروەها هەوڵێکی تریشە بۆ شاردنەوەی ئەو شکست و نارەزایی و نائارامییانەی سەرانسەری وڵاتەکەیانی گرتووەتەوە و خەریکە ئیفلیجی دەبات .

ئێستە رووداوەکانی ناوخۆی ئێران گەیشتوونەتە قۆناغێکی تر، لە هەندێک شار و ناوچە شەڕی چەکداری بەرانبەر بەردی خۆپێشاندەران سەری هەڵداوە و سوپای پاسداران کۆمەڵکوژی دەکەن. رۆژ دوای رۆژ ژمارەی کوشتنی ژن و منداڵ لەسەر شەقامەکان زیاتر دەبن، پێویستە لەم قۆناغەیاندا شێوازی پشتیوانی لە خۆپێشاندانەکان بگۆڕێن.

ئێستە کەمپەکانی دوور لە سەتان کیلۆمەتر لە سنوورەکانی ئێران، کە شوێنی ژن و منداڵ و ژیانێکی هەژارانەی ئاساییە، لەژێر هەڕەشەی درۆن و مووشەکی زیرەکدا دەیگوزەرێنن، ئێران هێندە شێتی گرتوویەتی لەوێش لێیان ناگەڕێت و دەیەوێ منداڵەکانیشیان بکوژێ، تەنیا لەبەرئەوەی ترس کەوتووەتە سەر تاران و کچێکی کورد مەشخەڵی شۆڕشەکەیە. بەڵام ئەمجارە کورد تەنیا نییە تا نیازی کۆماری ئیسلامیی بۆ دروستکردنی دوژمنی زۆرەملێ سەر بگرێ، بەڵکو فارس و تورک و عەرەبی ناوخۆی وڵاتەکەیشی رژاونەتە سەر شەقام و سیمبولەکانی دەسووتێنن، بۆیە رێگەی راست دابینکردنی خواستەکانی خۆپێشاندەرانە نەک هێرشی سەر دراوسێ و کەمپەکانی پەنابەران.

لەلایەکی ترەوە، هەموو ئەو بەرەوپێشچوونەی هەرێمی کوردستان لە ماوەی رابردوو بەدەستی هێناوە، هەروەها ئەو ئاسایش و سەقامگیرییەی هەیەتی، بەهێزیی پێگەکەی لە دیپلۆماسییەتدا، هەروەها لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە نموونەیەکی جوانی ئازادی و پێکەوەژیانی لە حوکمڕانیدا پیشان داوە و وڵاتانی زلهێز بایەخی پێ دەدەن. بۆیە چاوی ناحەزان و تێکدەرانی هێندەی تر کوێر کردووە. ئاخر بۆ ئەوان هەزم ناکرێت لە هەرێمی بچووکی تەمەن کەمدا کە ئەگەر حسابی بکەیت هەتا کاتی شەڕی داعشیش، هیچ کات ١٠ ساڵی ئارامی نەبووە، بەڵام نموونە سیاسییەکەی لە هیچ وڵاتێکی دراوسێشدا وێنەی نییە و هەموو پێکهاتە و ئاینە جیاوازەکان بە ئازادی و مافەکانی خۆیانە مومارەسەی ژیانی تێدا دەکەن، ئەوە بۆ دنیای سەلماندووە کە کورد توانای گەورەی هەیە، بۆیە ئەم وڵاتە داگیرکەرانە هەر کە لە شوێنێک تووشی کێشەیەک دەبن، یەکسەر یەخەی کورد دەگرنەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەبێت دوژمن و داگیرکەرانی کوردستان باش لەو راستییە تێبگەن، هەرێمی کوردستان زۆر لەوە گەورەترە بە پەلاماردانی درۆن و مووشەکی ئەوان لە گەیشتن بە ئامانجەکانی پاشگەز بێتەوە، گرنگە وانەیەک لە مێژوویش فێربن کە هەرگیز سڵیان نەکردووەتەوە لە کوشتوبڕی کورد، بەڵام ئەم گەلە سارد نەبووەتەوە چونکە ئامانجەکەی پیرۆزە و دەبێت پێی بگات، خۆ درۆن کاریگەرتر نییە لە کیمیاباران و قڕکردن، بەڵام دوژمن کەوتە ژێر خاک و کورد سەرکەوت، ئەم وانەیە بۆ هەموو داگیرکەرانی تریش زۆر روونە بۆ ئەوەی فێربن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە – ڕێکەوتی: ٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---

## جمهوری ئیسلامیو ٤٠ ڕۆژی دیکە



**عیماد عەلی**

شتێکی زانستیو سروشتیە، لەکاتی توشبون بەهەر نەخۆشیەک، ئەو نیشانە ڕونو دەرکەوتانەی لەگۆڕانی ڕوکەشو ناخو جەستەی توشبودا دەردەکەوێت، وادەکات تەنانەت ڕەفتاری توشبوو گۆڕانکاریی بەسەردابێتو وەک زیندەوەرێکی ئاسایی نەمێنێتەوە. بێگومان هەر گیانەوەرێک نەخۆش بێت یان لەدواساتەکانی ژیانو گیانەڵادابێت، هەمولایەک هەست



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەنزیکبونەوەی مەرگی دەکەن لەو نەخۆشیانەی کە بەزەقیو ڕونی زیاتر نیشانەکانی دەردەکەون، ئەو نەخۆشەیە کە لەپاش گەستنی سەگی هار، توشبوو ئۆقرەی نامێنێتو بەچواردەوریدا پەلامار دەداتو شەلم کوێرم لەقە دەوەشێنێتو کەس ناپارێزێت، لەکۆتا چرکە ساتەکانیدا سەرکەلە دەپچڕێنێتو جڵەوی نامێنێتو پەلاماری خۆشی دەداتو دەست لەهیچ شتێک ناپارێزێتو درێژترین ماوە بۆ مانەوەی بەزیندویی لەژیاندا تەنها ٤٠ ڕۆژە.

ئەمڕۆ بەجوانی ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە جمهوری ئیسلامی ئێران لەسەرەتای ٤٠ ڕۆژەکەیدایەو لە کۆنترۆڵ دەرچووەو هیچ پلانێکی بۆ پاراستنی ڕژێمەکەی نەماوەو شەلم کوێرم ناپارێزم هێرشدەکات، وا دیارە تەنها جڵەو پچڕاندنو پەلامارداني خودی خۆی مابوو، هەر ئەمڕۆش ئەوەیکردو چەندین ناوەندی خۆی توشی ئەو پەلامارانە بونو زیانی گەورەی بەدارودەستەکەی خۆیشی گەیاندووەو پەلەقاژەکەی هۆشی لێبڕیوەو تەنانەت جاشەکانیشی نەپاراستوە.

ئەوەی دەمێنێتەوە خۆڕاگریو پشودرێژییو هاوکارییو یەکگرتویی خەڵکی خەباتگێڕو چاونەترسی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئێرانە کە بۆ ماوەیەکی زۆرە لەشۆڕشێکدان دەگمەنە لەمێژودا.

ئەوەی زۆر گرنگە لەئێستادا، حزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات کەوتونەتە خۆیانو هەرچەند درەنگیشە، بەڵام هەرباشە کە یەکدەگرنەوەو دەستدەخەنە نێو دەستی یەکتر، بەڵکو بەهەموان بەهەر شێوەیەک بێت لەکاتی زۆر گونجاوی خۆیدا لەم شۆڕشە بەشداربنو هیچ ڕەفتارێک نەکەنو خاڵ نەدەنە دەست ڕژێمی جمهوری ئیسلامیەوە، بۆ ئەوەی نەتوانێت پاش ئەو ئیدانەکردنی لەڕێی هاتنەسەرخەتی هێزە مرۆڤدۆستەکانی جیهان، بەهیچ شێوەیەکی هەل بقۆزێتەوەو زیاتر پەنجەی تۆمەت بۆ حزبەکان درێژبکاتو پاساو بۆ ئەم پەلامارانەی بدۆزێتەوە.

جێگەی خۆیەتی لێرەدا بڵێین، دەبێت پاش ئەم ماوە دوورودرێژەی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی، کاتی ئەوە هاتوە بەشێوەیەک لەشێوەکان حزبەکانی کوردستانیش لەمکاتەدا بەتاکو جیاجیاو دور لەشەڕی مەیدانیو وەکو خەڵکی سڤیل تێکەڵی جەماوەری ڕاپەڕیوو شۆڕشگێڕبنو هەر هیچ نەبێت پێویستە جەماوەر ورەی بەرزتربێتەوەو هەست بەوەبکات کە ئەوانیش ئامرازی بەرگریان بۆ ئەمکاتە بەدەستگەیشتووە دەتوانن بەردەوامی بەڕووبەڕووبونەوەو شۆڕشەکەیان بدەن.

ئەم وتارە دەربڕی بۆچونی نووسەر خۆیەتی

سەرچاوە: ماڵپەڕی شارپرێس – ڕێکەوتی: ٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شەڕی نابەرانبەر یان شەڕی مان و نەمان؟؟!!



**جەماڵ فەتحی (کۆچەر)**

ئەم شەڕەی کە کوردی ڕۆژهەڵات و داگیرکەری ئێرانی تێدایە شەڕێکی نابەرانبەرە کە ستراتیژییەکەی لەسەر مان و نەمان داڕێژراوە، واتە دوژمنی نزیکەو ڕووخان و کوردی وەزاڵەهاتوو بڕیاریان داوە هەموو هێزی خۆیان بۆ مانەوەی خۆیان وەگەڕ بخەن. هەر چەندە لایەنی بەرانبەر سەرەڕای نزیکتربوونی زیاتری لە نەمان تەنیا بیر لە مانەوە دەکات، لە حاڵێکدا لایەنی ڕۆژهەڵات لەگەڵ ئەوەی کە مانەوەی لە عەقڵەوە نزیکترە هەتا نەمانی، بیر لە هەردوو سەری ئەم شەڕە واتە "مان و نەمان" دەکاتەوە. خەڵکێک کە بە دەستی بەتاڵ و بە وره و ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە هاتووەتە مەیدانی دوژمنێکی پڕچەک و دەستنەپارێزی وەک ڕێژیمی تیرۆریستیی ئاخوندی، دیارە بڕیاری داوە خۆی لەو دۆخە دەرباز بکات، چونکە بەبێ حەسێب و کتێبی سوودگەرایانە ملی ڕێگای گرتووە و بەرەو پێش دەڕوات و لە بەر خۆیەوە دەڵێت یان سەر دەکەوم یان دەمرم!! لە حاڵێکدا دوژمن بە هەموو لێکدانەوەیەکی سوودگەرایانە دەستی بۆ هەموو جۆرە شەڕێک بردووە و لە شەقامەکانی کوردستان بە گوللە لە بەرانبەر بەرد و لە دەرەوەی شەقام بە هاژەک و درۆن شەڕی کلاشینکۆف و بیکەیسی و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش شەڕی دەروونی و سایبری دەکات.

ئەم حاڵەتە کە دوژمن لە هەموو جۆرەکانی شەڕ کەڵک وەر دەگرێت (شەڕی تێکەڵاو)، و کورد بە هەموو هێز و وریەوە و بە دەستی بەتاڵ بەرپەرچی ئەم شەڕە دەداتەوە، شەڕێکی نابەرانبەرە کە وەک گوترا ستراتیژییەکەی لەسەر مان و نەمان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دانراوە.

جیاوازیی شەڕی مان و نەمان لەگەڵ شەڕەکانی دیکە جیا لە نابەرانبەربوونی لە هێندێ حاڵەتدا زۆر جاریش نەبوونی پلان و بەرنامەیەکی تۆکمەیە، هەرچەندە لایەنی بەهێز بۆ مانەوەی خۆی پەنا بۆ هەر جۆرە پلان و بەرنامەیەک دەبات، بەڵام بە هۆی ئاڵۆزی و بەرفراوانیی شەڕەکە وەک ئەوە وایە کە هیچ پلانێکی بە دەستەوە نەبووبێت؛ حاڵەتی وەها زۆر لەم دۆخە دەچێت کە ڕێژیمی ئێرانی تێ کەوتووە، چونکە لە دەسپێکی ڕاپەڕینی ژینا هەموو فێڵ و تاکتیکێکی بەکار هێنا کە بتوانێت ئەم ڕاپەڕینە سەرکوت بکات، کە دەکرێت ئاماژە بە هێرشی مووشەکی و درۆنی بۆ سەر بنکەکانی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان، ئاگرتێبەردانی زیندانی ئێڤین، تەقەکردن لە مەزاری شاچراخی شیراز و دەیان پلانی ڕۆژانەی دیکە بکرێت.

لایەنێک لەم شەڕە کە کوردە، بەبێ هەبوونی پێداویستییەکانی شەڕ و بەرتەسکبوونی گۆڕەپانەکە و هەروەها نەبوونی دەرفەت بۆ داڕشتنی پلانێکی تۆکمە، سەرەڕای لەسەرەوەبوونی ڕێژەی شەهید و قوربانییەکانی دیسان براوەی ئەم شەڕەیە، چونکە براوەبوون دەکرێت لە سەرەتا، نێوەڕاست و لە کۆتایی هەر شەڕێک بەدی بکرێت. لە شەڕی نێوان ڕێژیمی داگیرکەری ئێران و کوردی ڕۆژهەڵات (چ شەقام، چ حیزبەکان، چ دیاسپۆرا) ئەوەی ڕوون و بەرچاوە دۆشداماویی ڕێژیمێکە کە ئێستەش لافی بەهێزبوون لێ دەدات و لاوازبوونی خۆی بە هەڕەشە، شەڕی دەروونی و هاژەکباران قەرەبوو دەکاتەوە.

لایەنی بەهێزی ڕێژیم لەم شەڕە، تەنیا هێزێکی سەرکوتکەرە کە بە هۆی خۆڕاگریی خەڵک لە شەقام و هەروەها هێزی پێشمەرگە، بەرەو لێواری ماندوویەتی و هەڵوەرین هەنگاو هەڵدەگرێت، لە حاڵێکدا دەیان خاڵی لاوازی وەکوو: داڕمانی ئابووری، هەرەسهێنانی یاسایی، سیاسی و دیپلۆماسی و لە گشت گرنگتر نەمانی پێگەی کۆمەڵایەتی و بەهای نێوخۆییە. لایەنی بەهێزی کورد، خۆڕاگری و بڕیاری کۆتایی بۆ گەیشتن بە خۆسەروەری و ڕزگارییە، لەحاڵێکدا نەبوونی لایەنی بەهێزی دیپلۆماسی و پێکنەهێنانی پشتیوانی دەرەکی دەکرێت خاڵی بێهێزی کورد لەم دۆخەدا بێت.

سەرەڕای ئەو شتانەی کە ئاماژەیان پێ کرا، کۆتایی ئەم شەڕە سەرکەوتنی کورد و دۆڕانی دوژمنە چ بڕووخێت و چ نەڕووخێت، و ئەگەر و شیمانەکانی ڕووخانی زۆر بەهێزترە لە ئەگەرەکانی نەڕووخانی، کە دەکرێت لە بابەت و لێکدانەوەیەکی دیکە ئەم ئەگەرانە تاوتوێ بکرێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٣٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ = ٢١ی نەڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بوردوومان و مووشەکباران چۆکمان پێدا نادا




**حەمەڕەسوول کەریمی**

زۆر بەداخەوە کاتژمێر ١٢ و هەژدە خولەکی ئەمشەو بە کاتی هەولێر، بنکە و بارەگا و کەمپەکانی کۆیە و جێژنەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بنکە و بارەگای کۆمەڵە لە زرگوێز بە مووشەکی بالستیک و درۆنی بۆمبرێژکراو بۆمباران کراون.

لە ماوەی ئەو شۆڕشە مەزنەی کوردستان دا، شەقامەکانی شارەکانی کوردستان یەکدەنگ و یەکڕەنگ درووشمی قاسملوو قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە و بژی حیزبی دێموکراتیان وەک درووشمێکی دیکەی شۆڕشی ژینا دەڵێنەوە،

کۆماری ئیسلامی کە لە بەرامبەر ئیرادەی خەڵکی شۆڕشگێری کوردستاندا زەبوون و دەستەوەستانە، بە هێرشی مووشەکی دەیهەوێ تۆڵەی ئەم شۆڕشە مەزنەی ژینا لە دێموکرات و کۆمەڵە بکاتەوە ، هەر بۆیە لە ماوەی ئەم شۆڕشەدا دێموکرات و کۆمەڵە بۆ سێهەم جار لە لایەن ڕژێمی مرۆڤ کوژی ئیسلامی مووشەک باران کراون، ئەوەی جێگای داخە ئەوەیە کە دونیای دەرەوش چاوی لە ئاست ئەو پێشێلکارییانەی ئێران نووقاندوون و ئەووەش دەستی کۆماری ئیسلامی ئێرانی ئاواڵەتر کردووە بۆ سنوور بەزاندنەکان.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەمرۆدا پێویستە هەموو لایەک و بە تایبەت کوردانی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات گوشار بخەنە سەر کار بەدەستانی ئەو وڵاتانە و ناچاریان بکەین کە چیدی نەهێڵن مافی مرۆڤ و مافی سەروەری وڵاتەکان لە لایەن ئێرانەوە پێشێل بکرێ.

بە داخەوە لە هێرشی مووشەکی ئەمجارەدا، هاورێیەکمان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە ناوی بێهزاد ئیسکات تەمەن ٢٢ ساڵ ناسراو بە چیاکۆ شەهید بووە و هیواداریـن کە هاورێیانمان بە گشتی لە هەموو شوێنەکان ساخ و سەلامەت بن.

دڵمان لەگەڵ رۆژهەڵات و پێشمەرگەکانمانە.

یەکریزی گەلی کورد زراوی دوژمنی بردووە.

یەکبوونەوەی کۆمەڵەکان گورِ و تینی زیاتر دەبەخشێ بە شۆڕشی ئەمجارەی کوردستان و پیرۆزە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ – ڕێکەوتی: ٢١ی نەڤەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# خاتوو ڕۆیا حەکاکیان لە کۆربەندی مافی مرۆڤ لە سەنای وڵاتە یەکگرتووەکان.




**کەماڵ حەسەن پوور**

ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو، خاتوو ڕۆیا حەکاکیان وەک شاهید بانگ کرابوو بۆ کۆربەندی مافی مرۆڤ لە سەنای وڵاتە یەکگرتووەکان. ئەوە پوختەی ڕاپۆرتی ناوبراو لەبارەی قسەکانی لەو کۆبوونەوە دایە:

١- یەکەم هەنگاو کە بەڕێوەبەرایەتی وڵاتە یەکگرتووەکان دەتوانێ بۆ یارمەتی جووڵانەوەی ناوخۆی ئێران هەڵیبێنێ، دەست هەڵگرتن لە بچووک کردنەوەی ئەوەی ئێستا لە ئێران ڕوودەدا و ناو هێنانی ڕاستەقینەی ئەوە: شۆڕشێک

٢- ئەوە مەزنترین جووڵانەوەی دێموکراتیکی ئێران نە تەنیا لە ١٩٧٩ بەوولاوە، بەڵکو لە ١٩٠٦، شۆڕشی یاسای بنەڕەتی بەوولاوەیە. ئەو شۆڕشگێڕانە هاندەرەکانیان ئایدیۆلۆژیای چەپ یان ڕاست نین، بەڵکو خولیای بنەڕەتین کە بنەمای سەرجەم جووڵانەوە دێموکراتیکەکان بوون.

٣- هەڵگرتن یان هەڵنەگرتنی گەمارۆکان پرسێکە کە تەنیا سەرهێشەی پسپۆڕ و سیاسەتوانانی واشینگتۆنە. لە ئێران، سەرەڕای ژانی بەرچاوی ئابووری، داواکارییەکانی خەڵک لە دەوری ئازادییە بنەڕەتییەکان و کەرامەتی تاکەکەسی خول دەخۆن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٤- بۆ پێشگرتن بە ئەگەری داوای لێبوردنی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئێرانییەکان بە ناچاریی، وەک چۆن ئۆباما لە قاهیرە لە ٢٠٠٩ بە هۆی کۆدەتای ١٩٥٣ کردی، لە پێشدا ئەو هەڵەیە دووپات نەکاتەوە. درێژەدان بە وتوویژە ناوکییەکە، هەڵەیەکی گەلێک خراپتر لەوەیە ئەمریکا لە ١٩٥٣ کردی.

٥- بەستنەوەی ریشەی جووڵانەوە بە چوونە دەری ترامپ لە بەرجام یان تەنانەت گەمارۆکان، بە مانای داماڵینی ئیختیار لە ئێرانییەکان و ملکەچ بوون بۆ خۆپەرستیی ئەمریکایی، هاوکات پاشگوێ خستنی درەندەیی و گەندەڵیی رێژیمە.

٦- بەڵێ، رەنگبێ چین لە پشتیوانیی وڵاتە یەکگرتووەکان و یەکیەتی ئورووپا لە ئێران نیگەران بێ. بەڵام عێراق، سووریە، لوبنان، یەمەن، ڤێنێزوێلا، تاد. ستایشی هەنگاوێکی ئەوتۆ دەکەن. ئێمە دەبێ تێچووی سوود لە مەرجە جیهانییە بەربڵاوترەکان هاوسەنگ بکەین.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – رێکەوتی: ٢١ی نەڤەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# ویژدانی گشتی لە "ڕاپەڕینی ژینا"دا



سۆران عەلیپوور

ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و بەشەکانی دیکەی ئێران پێی نایە سێ مانگەوە. سەرەڕای سەرکوتی بێڕەحمانە و توندوتیژی هێزەکانی ڕێژیم، هیچ نیشانەیەک لە کۆتاییهاتنی خۆپێشاندانەکان و کۆڵدانی خەڵک بەدی ناکرێ. لەگەڵ چوونەسەری ژمارەی قوربانییەکان خۆپێشاندانەکانیش بەرفراوانتر و دروشمەکان ڕادیکاڵتر بوونەوە. کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەوەدا شارەکانی پڕکردووە لە هێز و بەتەواوی کەشوهەوای پۆلیسی و ئەمنیەتی زاڵ کردووە، بەڵام هیچ ستراتیژیەکی سەرکەوتووی بۆ کۆتاییهێنان بەو ڕەوشە بۆ جێبەجێ نەکراوە. نە هەڕەشەوگوڕەشەی سەرانی ڕێژیم، نە وادە و بەڵێنەکانیان، نە هەوڵدان بۆ زەفکردنەوەی دەستی دەرەکی و نە بۆمبارانی هێزە کوردییەکان لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران توانیویەتی چەرخی ئەو ڕاپەڕینە ڕابگرێ.

لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا یەکگرتوویەک و یەکدەنگییەک لەنێو خەڵکی کوردستاندا هەیە کە لە پشتیوانیکردنی شارەکان لەیەکتر، دروشمەکان، هەوڵدان بۆ پەرتەوازەکردنی هێزەکانی ڕێژیم و دەیان کردەوەی دیکەشدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەو یەکگرتووییە هەستی یەکبوون و هاوئامانجبوون و هاوچارەنووسبوونی خەڵکی کوردستانی هێندەی دیکە بەهێز کردووە. بەجێیە کە هەم لە ڕووی تیۆرییەوە و هەم لە ڕووی کردەوەشەوە ئاوڕێک لەو یەکگرتوویی و هاودەنگییە بدەینەوە. یەکگرتووییەک کە مانگرتنی ڕۆژانە، خۆپێشاندانی ئێواران و شەوانە، ناشتنی شەهیدەکان، یادکردنەوەکانیان و هەر



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەرفەتێک دەکاتە چرکەساتێکی مێژوویی لەیادنەکراو.

دۆرکهەیم کە بە دامەزرێنەری زانستی کۆمەڵناسییش ناو دەبرێت، لە نووسینەکانیدا گرینگییەکی تایبەت بە پەیوەندیی نێوان گشت لەگەڵ تاکدا دەدات. ئەو دەنووسێ کە لە هێندێک قۆناخدا گەڕانی تاک بە دوای کۆنتێکستێکی گشتیدا کە لەسەر هەست دامەزراوە کۆمەڵگە دەگەیەنێتە دۆخی هەڵچوون. (Collective effervescence) هەڵچوونی کۆمەڵایەتی چەمکێکی کۆمەڵناسییە کە لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا ئەندامانی کۆمەڵگەیەک لە ئامانجێکی هاوبەش و کردەوەی هاوبەشدا یەک دەگرنەوە و وا دەکا کە تاکەکانی کۆمەڵگەیەک لە یەکەیەکی گەورەتردا ڕێک بخا. هەڵچوونی کۆمەڵایەتیی هەستێکی گشتیی بەهێزە و وا دەکا کە تاکەکەس بەتەواوی خۆی لەبیر بکا و تەنانەت پرسە گرینگەکانی وەک بنەماڵەش وەلاوە بنێ بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو کۆنتێکستەدا خۆی تێکەڵ بکا. ئەو هەستە بەهێزە کاتێک دروست دەبێ کە تاکەکانی کۆمەڵگەیەک وشیارییەکی گشتی یان ویژدانێکی گشتیی لێکیان نزیک دەکاتەوە، ئەو وشیارییە لای دۆرکهەیم بریتییە لە هەستی سروشتی مرۆڤ تایبەت بە بوونی خۆی و هەروەها باوەڕ و هەستی هاوبەشی زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵێک. دۆرکهایم پێی وایە کە هەر کام لە ئێمە دوو ویژدانی هەیە، ویژدانێکی گشتیی و ویژدانێکی تایبەتی. بەهۆی ئەو وشیارییە گشتییەوە دیاردەیەکی دیکە دروست دەبێ کە پێی دەگوترێ نوێنەرایەتیی گشتیی کە نوێنەرایەتیی ئەو نۆرم و بایەخانە دەکا کە کۆمەڵ لەسەریان ڕێک کەوتووە و ویژدانی تایبەتی لە ویژدانی گشتیدا دەتوێنێتەوە. بە بڕوای دۆرکهایم ویژدانی گشتیی لەو کۆمەڵگایانەدا بەشێکی گەورەی ویژدانی تاکەکەسەکان پێک دێنێ کە یەکگرتوویی میکانیکی تێیدا زاڵە. لە وەها کۆمەڵگەیەکدا کە ئەندامانی کۆمەڵگە جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ یەکتر نییە و بەها و نۆرمی هاوبەشیان هەیە، ئەوە بە پێچەوانەی یەکگرتوویی ئۆرگانی کە لەوێدا تاکگەرایی زاڵە و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی زیاتر لەسەر بنەمای جیاوازییەکانە تا بنەما هاوبەشەکان.(١)

لە وتارێکی ئاوادا ناپرژێینە سەر ئەوەی کە بە وردی باس لەو تیۆرییە بکەین و مەبەستیش زیاتر ئەوەیە کە زیاتر لەو ڕووداوانە تێ بگەین کە لە کوردستان و ئێراندا ڕوو دەدەن، لە ماوەی حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامیدا زۆرجار ئەو یەکگرتوویی و یەکدەنگییە لەلایەن کەسانێکەوە بە مەبەست و بێمەبەست خراوەتە ژێر پرسیار، کۆماری ئیسلامییش هیچ کات لە نانەوەی دووبەرەکی و لێکترازاندنی ڕیزەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دەستی نەپاراستووە، بەڵام دوای چلوسێ ساڵ لە سیاسەتی میلیتاریزەکردن و ئاژاوەنانەوە و بڵاوەپێکردن ئێستا بە ڕوونی شاهیدی ئەو ڕاستییەین کە کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵگەیەکی ئامانجداری خاوەن چارەنووسێکی هاوبەشە و لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە ئەو کۆمەڵگەیە وشیارییەکی گشتیی و ویژدانێکی گشتیی زیندووی لە ئاست ئەو بەها و باوەڕە هاوبەشانەدا هەیە.

ئێمە ڕۆژانە دەبینین کە چۆن ئەو ویژدانە گشتییە لە وتاری کەسوکاری شەهیداندا،لە لاپەرەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و له خۆپێشاندانی خەڵکدا و له بۆنه جیاوازەکاندا شەپۆلان دەدا. ئەگەر له ڕوانگەی تیۆرییەکەی دۆرکهایمیشەوە تەماشای ئەو ڕووداوان بکەین دەتوانین بڵێین ئەو کۆمەڵگەیە لە دۆخێکدایە کە تاکەکەسەکان تەنانەت ویستە تایبەتی و پەیوەندیە خێزانییەکان و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆیان، تەنانەت گیانی خۆشیان خستۆتە خزمەت ئەو ئامانج و بەها باڵایەنە کە لە دروشمی ژن، ژیان، ئازادیدا کورتیان کردۆتەوە.

لەوانەیە پرسیار بێ کە بۆ لە کوردستاندا ویژدانی گشتی تا ئەو ئاستە زیندوویە و ئەو یەکگرتووییە کۆمەڵایەتییە لە دەوری کۆمەڵێک ئامانجی ڕادیکاڵی سیاسی لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ کوردستان لەمێژە سەنگەری بزووتنەوەیەکی سیاسیی مافخوازە، ئەو بزووتنەوەیە لە شێوە مۆدێرنەکەی خۆیدا لە سەردەمی دیکتاتۆری پاشایەتییەوە دەستی پێ کردووە و لە کۆماری کوردستاندا گەیەندراوەتە لوتکە، لەوانەیە ڕەنگ وئیدۆلۆژیی دیکە لە هەلومەرجی جیاوازدا بە سەر ئەو بزووتنەوەیەدا زاڵ بووبی یان کاریگەریی هەبووبێ، بەڵام هەمیشە لە ژێر هێژموونی هێما و سیمایەکی دێموکراتیکی نەتەوەییدا بووە و ئێستاش لەگەڵ ئەوەدا کوردستان و هێزە سیاسییەکانی هەموو هەوڵی خۆیان داوە کە هاوهەنگاو و هاودەنگ لەگەڵ خەڵکی دیکەی ئێران بچنە پێشێ و لە ئاستێکی بەرفراوانتر و لە ژوور پرسە کوردستانییەکانەوە سیاسەت بکەن، بەڵام داوا نەتەوەییەکان هیچ کات نەچوونە ڕیزی دووهەمەوە. هۆکارێکی دیکەی هەبوونی ویژدانی هاوبەش لە کوردستاندا وەرێخستنی بزووتنەوەیەکی مەدەنی بوو کە لە بووژاندنەوە و وشیارکردنەوەی خەڵکدا ڕۆلیان گێڕا، ئەوان بە دامەزراندنی ئەنجوومەنەکان و بڵاوکردنەوەی گۆڤار و بڵاڤۆکەکان و بنکەکانی فێربوونی زمانی زگماک و زۆر چالاکی و کردەوەی دیکە ئەو سەرمایە کولتوورییەیان لەنێو کوردی ڕۆژهەڵاتدا بەهێز کرد کە بنەمایەکی گرینگە بۆ وشیاربوون لە ئاست شوناس و ئامانجی هاوبەشدا.

نوێنەر و ڕێبەرانی ئەو ویژدانە گشتییە ئەو باوکانەن کە بەوپەڕی بوێرییەوە لە سەختترین چرکەساتی ژیانی تایبەتی خۆیاندا و لەسەر گڵکۆی ڕۆڵەکانیان نەک هەر چاوەڕێی دڵنەوایی و هاوخەمی ناکەن بەڵکوو دەبنە ئۆلگو و نوێنەری ئەو ویژدانە گشتییە، ئەو دایکانەن کە وردکەبەرد بۆ ڕۆڵەکانیان کۆ دەکەنەوە تا بەرگری لە خۆیان بکەن، ئەو کوڕوکچانەن کە شەووڕۆژ تەنگیان بە هێزە جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامی هەڵچنیوە، دەیان و سەدان نوێنەری دیکەی ئەو ڕاپەڕینە ئەو ویژدانە زیندووە هاوبەشە بە ڕاوەستاوی دەهێڵنەوە.

**Durkheim, Émile (2001). The elementary forms of religious life. New York: Oxford University Press**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ٢٢ی نۆڤەمبەی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# لە مافی خۆپیشاندانەوە هەتا ڕاپەڕین



زانیار حوسێنی

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بکردرێ کە مافی خۆپێشاندان، مافی نارەزایەتی‌دەربڕین بە دۆخی ئارایی، سیاسەتە گشتییەکانی حکوومەت لە هەموو ڕەهەندە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و هتد یان بە یاسایەکی پەسندکراو و بەگشتی بە هەر چەشنە حاڵەتێک کە دەسەڵات و ناوەندەکانی دەسەڵات بەرەدەنگ بن دەگوترێ. مافی خۆپێشاندان مافێکی دانپێدانراوە و لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتان بەیاسا کراوە و وەک نەریتێکی دانەبڕاو بۆ کۆمەڵگە و وڵاتێکی ئازاد و دێموکرات پێناسە دەکرێت.

لە سەردەمی ئێستادا کۆی گشتیی مافە مەدەنییەکانن کە نیشاندەری ڕادەی دێموکراتبوون و خەڵکیبوونی دەسەڵاتە و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی دەسەڵات لە یاسادا و لە کردەوەدا دەبێتە خشتەیەک بۆ هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتەکان. لە پێوەرە نێودەوڵەتییەکاندا لە دوو شوێن ئەو مافە بەفەرمی ناسێندراوە و دانی پێدانراوە؛ یەکەم لە جاڕنامە گەردونی مافی مرۆڤ لە ماددەی ٢٠دا کە دەڵێت: "هەر مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە و ئازادە لە کۆبوونەوە و ڕێکخستنی کۆڕە ئاشتیخوازەکان. نابێ هیچ کەس بەزۆر لە هیچ کۆڕێکدا بەشدار بکرێ." دووهەم لە ماددەی ٢١ی پەیماننامەی نێونەتەوەیی مەدەنی و سیاسیدا دەڵێت: "مافی پێکهێنانی کۆڕبەندی ئاشتیخوازانە بەفەرمی دەناسرێ. جێبەجێکردنی ئەو مافە، نابێ ژێرفەرمانی هیچ سنووردارێتییەک بێ، جگە لەوەی کە بەپێی یاسا دیاری کراوە و لە کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیکدا بەپێی بەرژەوەندیی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئاسایشی میللی یان سلامەتیی گشتی یان ئاسایشی گشتی یان بۆ پشتیوانی لە سلامەتی یان ئەخلاقی گشتی یان ماف و ئازادییەکانی خەڵکی زەروورەتی هەبێ".

لە کەس شاراوە نییە کە ولاتانی جیهان دەبێ پابەند بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دوو خاڵە نێودەوڵەتییە بن کە هەموو ئەوانەی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن، بە واژۆکردنی ئەو بنەمایانە، پاراستن و لەبەرچاوگرتنیان وەئەستۆ گرتووە.

لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی لە ئەسڵی ٢٧دا، ئاماژە بە مافی خۆپێشاندان کراوە. ئەو ئەسڵە دەڵێ: "پێکهێنانی کۆبوونەوەکان و خۆپێشاندانەکان بەبێ پێبوونی چەک، بەو مەرجەی نەبێتە بنەماکانی ئیسلام نەباتە ژێر پرسیار، ئازادە." ئەو ئەسڵە کە لە بەشی مافی میللەتدا هاتووە، بەڕوونی باس لە یاساییبوونی مافی کۆبوونەوە و خۆپێشاندان دەکات و جگە لەو مەرجە، هیچ سنوور و چوارچێوەیەکی دیکەی بۆ دیاری نەکردووە. بەڵام ئەوەی لێرەدا جێی پرسیارە و بۆتە هۆی ناڕوونی یاسای بنەڕەتیی ئەو دەسەڵاتە مەرجی دووهەمە کە دەڵێ بەو مەرجەی نەبێتە هۆی چوونە ژێر پرسیاری بنەماکانی ئیسلام!

یاسای بنەڕەتی هەر ولاتێک دەبێ گشتی، ڕوون و ڕاشکاوانە بێت بەجۆرێک کە جێی گومان و ناڕوونی و پرسیار نەهێڵێتەوە. لەو مەرجەدا کە بنەماکانی ئیسلام هاتووە لە هیچ بەشێکی ئەو یاسا بنەڕەتییەدا، ئەو بنەمایانە شی نەکراوەتەوە و تەنانەت لەو ئەسڵەدا کە باس لە ویلایەتی مووتلەقەی فەقیه دەکات، لەوێدا ئاماژە بەوە ناکات کە مەبەست لە ویلایەتی فەقیه هەمان بنەماکانی ئیسلامە کە لە ئەسڵەکانی دیکەی ئەو یاسا بنەڕەتییەدا باسی کردوە یان نا؟ ئەو کێشەیە لە هەموو ئەو ئەسڵانەی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیدا هەیە و هەمیشە لە کاتی کێشە لەنێوان دەسەڵات و خەڵک، زیان و خەسارەکانی بەلای خەڵکدا شکاوەتەوە و دەسەڵات بە قازانجی خۆی کەڵکی لێ وەرگرتووە. مەسەلەکە بەوەندە کۆتایی نایەت و لەدواییدا پارلەمانی کۆماری ئیسلامی، مافی خۆپێشاندانی لە یاسای ئاساییدا سنووردارتر کرد کە پێچەوانەی ئەسڵی دارشتنی یاساییە و بەپێی سەرچاوەبوون و بنەمای یاسایی، یاسای ئاسایی دەبێ لەژێر چوارچێوە و کاریگەریی یاسای بنەڕەتیدا بێ، نەک پێچەوانەکەی. مەگەر ئەوەی کە یاسای بنەڕەتی خۆی باس لە ئیمکانی دابینکردنی ڕێوشوێنی پێویست و زەروور لەلایەن شوێنی دیاریکراو بدات. بەوحاڵە کۆماری ئیسلامی بە لەبەرچاونەگرتنی ئەو ئەسڵە گرنگە و بەشێوەیەکی ناڕەوا و نایاسایی، مافی خۆپێشاندانی لە هێندێک مادده و خاڵدا سنووردار کردوە کە بریتین لە خاڵی ٦ی ماددەی ١١، یاسای شێوەی کار و چالاکیی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، کە دەڵێت: "پێداچوونەوە و تاوتوێکردن و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بڕیاردان سەبارەت بە داواکاری بۆ ئەنجامدانی کۆڕبەندەکان و خۆپیشاندانەکان لە ئەرک و دەسەڵاتی کۆمیسیۆنی مادده ١٠ی حیزبەکان دایە." هەروەها لە خاڵی خ ماددەی ١٣ی ئەو یاسایەدا دەڵێت: "بەڕێوەبردنی خۆپیشاندانەکان و پێکهێنانی کۆڕبەندی حیزبەکان دەبێ بە لەبەرچاوگرتنی خاڵی ٦ی ماددەی ١١ و هەروەتر ئەسڵی ٢٧ی یاسای بنەڕەتی و بەئاگاداری و وەرگرتنی مۆڵەتنامەی خۆپیشاندان لە وەزارتی نێوخۆی وڵات و پارێزگادا بێت." لە ئاییننامەی ئەو بابەتەدا هاتووە کە بۆ وەرگرتنی مۆڵەتنامە، حیزبەکان دەبێ بچنە کۆمیسیۆنی مادده ١٠ی حیزبەکان کە لە سێ نوێنەری دەسەڵاتی سەرەکی دەسەڵات پێکهاتووە و لانیکەم دەبێ کەمتر لە ٧٢ کاتژمێر نەبێت. هەروەها ناوی وتەبێژەکان، شوێنی کۆڕبەندەکە، کاتی کۆ بوونەوە و بابەتی کۆبوونەوەکەش ئاماژەی پێ بکرێت.

ئەوانە یاساوڕێساگەلێکن کە لەدوای پەسندی یاسای بنەڕەتی بۆ سنووردارکردنی مافی خۆپیشاندان پەسندکراون؛ کە بەو پێیەی لەسەرێ باس کرا، پێچەوانەی چوارچێوەی دارشتنی یاساییە و دەبوایە دیوانی عەداڵەتی وڵات یان خود شۆڕای نیگابان ئەو یاسا و ماددانەی کە دژی ئەسڵی ٢٧ی یاسای بنەڕەتین، هەڵوەشاندبایەوە کە تائێستا تەنانەت لە ئاستی قسەکردنیشدا باسی لێوە نەکراوە.

لەو مادده و یاسایانەدا چەند بابەتمان بۆ دەردەکەوێ کە چۆنیەتیی بەیاساییکردنی ئەو چوارچێوە و سنوورانەمان بۆ دەردەخا کە دژ و پێچەوانە یاسای بنەڕەتی و هەروەها دژی مافی ئازادی ڕادەربڕین و خۆپیشاندانە.

یەکەم لەو ماددانەدا باس لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان دەکات، کە وایە مەبەست ئەو ڕێکخراوە و نەجوومەنانەن کە کۆماری ئیسلامی لەدوای دامەزرانی پێکیهێناون یان پێشتر دایمەزراندوون یان دانی پێ داهێناون؛ بەو پێوەرە جگە لە بناژۆخوازەکان، ڕیفۆرمخوازەکان و لق و پۆپەکانی ئەو دوو ڕەوتە و ڕەوتەکانی تایبەت بە ڕژیم، مەجالێک بۆ جێبەجێکردنی ئەو مافە لەلایەن حیزبەکانی دیکەی خەڵکەوە نییە. نەتەنیا نییە بەڵکوو لەلایەن دەسەڵاتەوە وەک حیزب پێناسە نەکراون و بەڵکوو بە نەیارانی خۆی ناساندوون و هیچ یەک لەو لەتکەمافانەی کە لەیاسادا دیاریکردوون ئەوان ناگرێتەوە. دووهەم: کەسێتی حقووقی و کەسێتی حەقیقی جگە لە ئەو حیزب و ڕەوتانەی ناویان هاتووە، ناتوانن داوای مۆڵەتنامەی خۆپیشاندان کەن. سێهەم: هیچ مافێک و یاسایەک بۆ خەڵکی ناڕازی دیاری نەکراوە، چوونکی ئەو مۆڵەتنامەیە دیاریی کردووە کە بۆ چ لایەن و ڕەوتێک دەردەکرێ. چوارەم: بە چاولێکردن لە دەقی فارسی و حقووقی ئەو یاسایانە بەڕاشکاوی باس لە خۆپیشاندان (تظاهرات) نەکراوە، ئەوەی هاتووە بەشێوەی (تجمعات و راهپیمایی) هاتووە کە بە مانای کۆڕبەندی و ڕێپێوانە؛ ئەوەش خۆی باری پۆزەتیڤی بەسەردا سوارە و خوێنەر و جێبەجێکارە یاساییەکان زیاتر ئەو


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

مەبەستەی لێ هەڵدەیەنجن کە یاسادانەر مەبەستی لایەنگر و پشتیوانانی بنەڕەتی دەسەڵات یان لانیکەم ڕیفۆرمخوازەکانە، نەک ناڕازییەکان و دژبەرانی.

بۆیە بە وردبوونەوە و شیکاریی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی لەسەر ئەو بابەتە هەستیارە، هەروەها یاساوڕێساکانی دواتر کە لەسەر ئەو بابەتە پەسند کراون، ڕوون و ئاشکرایە کە بۆ ناڕازییەکان و تەنانەت دژبەرانی سیاسەتە گشتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەر ڕەهەند و چەشنێک، هیچ مافێکی یاسایی بۆ خۆپێشاندان یان دەربڕینی ناڕەزایەتی دیاری نەکراوە، کە واتە ناڕازییەکان بە هیچ شێوەیەک مافی خۆپێشاندان و ڕادەربڕینی سەرشەقام و جۆرەکانی دیکەیان بەشێوەی کۆبوونەوە و کۆڕبەند پێ نەدراوە. بۆیە لە دام و دەزگای حکوومیدا دەبینرێ کە لەو خۆپێشاندانانەی شۆڕشی ژینا، کۆی خۆپێشاندەران، ناڕازییان و مانگرتووەکان بە ئاژاوەگێڕ، ئاژاوەچی و تێکدەر و شێوێنەر ناوزەد دەکرێن و بەپێی قوورسایی ئەو وشەگەلە لە دادگاکانیان ڕووبەڕووی تاوانە دژەمرۆییەکان وەک شەڕکەر بەدژی خودای و پیسکەری سەر زەوی لەقەڵەم دەدرێن و محاکەمە دەکرێن. ئەوانە لە کاتێکدایە کە لەوبەری پەردەی یاسای کۆماری ئیسلامییەوە هەر وەک لە وتاریکی پێشووتردا باسم کردوە، کارئاسانی بۆ نەهادە ئەمنییەتییەکان کراوە و بە دەستتێوەردان لە یاسا و ئاییننامەی هێزەچەکدارەکانی وڵات، دەستئاوەڵەیی و مافێکی بەربەرین و لەڕادەبەدەر بەو بەشانە دراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خەڵک، سەرکووت کردنیان و تەقەی ڕاستەوخۆ لەو کەسانەی کە بە هەر هۆیەک دێنە سەرشەقام. ئەوەش لەو خۆپێشاندانانەدا بەئاشکرا دەرکەوتووە کە بەپێی بەڵگە و دیکۆمێنتەکان کەسانێک بەجلی ئاسایی و خەڵکی بەشێوەیەکی دڕەندانە و بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ چوارچێوە و سنوورێک بە چەکی جۆراوجۆر ڕاستەوخۆ تەقە لە خەڵک دەکەن، دەیانڕفێنن، سەرکووتیان دەکەن و بەرەوڕوویان دەبنەوە و نەتەنیا مافی خۆپێشاندان بۆ خەڵک ناپارێزن و دەبنە هۆی ئاڵۆزی و بشێوی، بەڵکوو ئایینامەی نێودەوڵەتیی هەڵسووکەوتی هێزە چەکدارەکانیش لەبەرچاو ناگرن. کۆی هەموو ئەوانە دەگەڕێتەوە بۆ ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامی کە یاسای بنەڕەتیی وڵات و یاساکانی دیکەی پێ داڕێژراوە و لەو ئایدیۆلۆژیایەشدا خەڵک تەنیا دەتوانن لەگەڵ دەسەڵات و بۆ دەسەڵات بن و جگە لەوە، هەر هەڵسووکەوت و قسە و ویستێک بەمانای دوژمنایەتیی خودا و نوێنەرانی خودایە لەسەر گۆی زەوی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ٢٢ی نۆڤەمبەی ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# هێزی گەل



ناسر باباخانی

خێرایی ڕووداوەکان و ئاڵوگۆڕەکانی شۆڕشی ژینا ئەوەندە زۆر و فرەڕەهەند و خاوەنی لایەنی جۆراوجۆرە کە شرۆڤەی سیاسی فریای لێکدانەوەیان ناکەوێ، لەبەر ئەوە کە ئەم شۆڕشە بەردەوام لە دەروونی خۆیدا خەریکی زاوزێیە و دواتر پەلکێشی و پەلهاوێژی بۆ سەرانسەری ئێران و تەنانەت دەرەوەی سنوورەکانی ئەم وڵاتە دەکات.

دیارە سەرەتای شۆڕشی ژینا بە قەتلێکی حکوومەتی، بە کوشتنی کیژە کوردێکی سەقزی دەستی پێ کرد. لایەنی تراژیکی کارەساتەکە لەوەدا بوو کە کچۆڵەیەکی بێتاوان، لە پێتەختی دوژمنەکەت دەکەوێتە بەر لێدان و ئەشکەنجە و لەوپەڕی بێکەسی و هەناسەساردیدا سەر دەنێتەوە. ئەمە سەرەکیترین هۆکار بوو بۆ سازبوونی شەپۆلی ڕق و تووڕەیی لە سەقز و دواتر سەرجەم شارەکانی کوردستان، واتە ئەمە جۆرێ لە "هەژانی ویژدانی گشتیی کۆمەڵگەی کوردی" بوو.

ڕێک لەم پنتەوە ئاماڵگوتارێک ساز دەبێ کە سەرەتا دەست پێدەکا بە زاوزێ و دواتر پەلکێشی کردن. ئەم زاوزێیە خۆی لە دروشمەکان و ئەکتە جۆربەجۆرەکان و مانیفێستەکانی دایک و باوکی شەهیدان لەسەر قەبران و چەمەر و چۆپی سەر گۆڕی گیانبەختکردووان‌دا دەبینێتەوە و دواجار دروشمە سەرەکییەکەی و حەماسە و گیانبازی ئەفسانەئاسای گەنج و لاوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەلکێشی دەکا بۆ سەرانسەری ئێران.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سووکەلەنگەرێک لەسەر قسەکان و ئەکتەکان، بێ هیچ شک و گومانێک ئێلیمانەکانی ناسیۆنالیزمی کوردیمان بەڕاشکاوی نیشان دەدەن و خاڵی سەرسوڕهێنەر کاتێ خویا دەبێ کە سەرەڕای نیزیک بە سێ دەیە بۆشایی هێزە سیاسییەکان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جیلێک پڕ بە شەقامەکانی ڕۆژهەڵات هاواری ڕێبەرێکی شەهید وەک دوکتور قاسملوو دەکا کە تەمەنی زۆریان، زۆر کەمترە لە ساڵانی پاش شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو! ئەمە سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە کە خەڵکی کوردستان بە حوکمی مێژووی خەباتیان، هەم لەباری فکرییەوە هەم لەباری ڕێکخراوەییەوە زۆر لە نەتەوەکانی تری ئێران لە پێشترن. دروشمی جەماوەر کە خۆیان بە ڕۆڵەی پێشەوا قازی و درێژەدەری ڕێگای قاسملوو دادەنێن هەمان ڕەهەندە فکرییەکەیە و وڵامی ئەرێنی گەلی کورد بۆ بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ مانگرتن و خۆپیشاندان هەمان باری پەیوەندی ڕێکخراوەیی خەڵک و حیزبەکانە. کرانەوەی کەوانەیەک لێرەدا زۆر پێویستە، کە ناوی پێشەوا و دوکتور قاسملووم هێناوە، دەگەڕێتەوە ڕادەی دووپاتە و چەندپاتەبوونی ناوی ئەم ڕێبەرە کاریزمایانە لەسەر شەقامەکان، دیارە نەک وەک سکرتێری حیزبی بەڵکوو وەک ڕێبەری نەتەوەیی.

دروشمی سەرەکیی شۆڕشی ژینا واتە ژن، ژیان، ئازادی لە ڕاستیدا سلۆگنی شۆڕشە کە دواجار خۆی لە سەرانسەری ئێران و هەروەها تەواوی دنیادا دەبینێتەوە. هەر سێ وشەکەشی ڕەگەزی مێینەیان هەیە و ئەمە لە ئەدەب و فۆلکلۆری کوردیشدا بوونی هەیە. تەنانەت وشەی ئازادی لە ئەدەبی کوردیدا "مؤنث مجازی"یە کە وەک بووک ئاماژەی پێ دراوە: بووکی ئازادی. واتە شۆڕشەکە هەم بیانووی دەسپێکەکەی، هەم دروشمە سەرەکییەکەی و هەم دەورگێڕە سەرەکییەی واتە ژن بە کەرێشکەی کەزیەکانی، تایبەتمەندییەکی بێوێنەی پێ بەخشیوە و کردوویەتی بە یەکەم شۆڕشی ژنانە لە جیهاندا. کەوابوو ئەم شۆڕشە بێ هیچ لە ڕووداماێک، شۆڕشێکی ژنانەی کوردانەیە!

بۆ گرێدانی پیاوانی کورد و پاڵپشتییان لەم شۆڕشە، دیسان ئاوڕدانەوە بۆ سەر دروشمەکانی سەر شەقام و هەروەها ئەکتی قارەمانانەی کوڕان و پیاوانی ڕۆژهەڵات پێویستە. دروشمەکانی تری سەر شەقام زۆربەیان ڕیشەیان لە خەباتی ساڵانی پێشووی گەلی کورددا هەیە و بەنیسبەت شوێنەکانی تری ئێران -سەرەڕای ویستی هاوبەش- نێوەرۆکێکی جیاوازتریان هەیە وەک خواست و ویستە نەتەوەییەکان. دیارە بەپێی هەلومەرج و دۆخی نوێی شۆڕش دروشمی نوێش لەدایک دەبن کە هەندێ جار قاوغی سێکسییان هەیە بەڵام لە ڕاستیدا ماکەی سەرەکیی پەیامەکەیان سیلەگرتنە لە دەسەڵات.

بێگومان هەموو بزووتنەوەیەک و تەنانەت هەموو وردەبزووتنەوەیەک هەڵگری گوتاری تایبەت بە خۆیەتی، خاوەنی دروشمی ستراتیژیکە و دەکرێ کلیلوشەکانیشی لێهەڵێنجین، شۆڕشی ژینا بەتەواوی ئەم پێناسییەل و توانایییەی باسمان



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کردن، هەیەتی.

لەم شۆڕشەدا خەڵک لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات و هێزە سیاسییەکانی کوردستان، ژیرانەترین هەڵسوکەوتیان لەگەڵ پلان و پیلانی کۆماری ئیسلامی نواند. کۆماری ئیسلامی بە عالەم ئاشکرا شەڕی پێ فرۆشتن، بەڵام ئەوان نەکەوتنە داوی شەڕێکی بێئاکام کە کۆماری ئیسلامی دەیویست تێوەیان گلێنێ. لە ڕاستیدا بەپێچەوانەوە، لەم سێناریۆ سواوەدا کورد بوو بە براوەی سەرەکی و هاوسۆزی گەلانی تریشی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. لە ماوەی دوو مانگدا بە دانی تێچوویەکی بەرچاو و بەرگرییەکی ئەفسانەیی، کوردستان بوتە دڵ و مێشکی شۆڕشێک کە هەر خۆشی خاوەنی بوو، بەڵام دواتر ئەم شۆڕشە خۆی گەیاندە تەواوی ئێران و لەوێشەوە بۆ سەرانسەری جیهان، دیارە لە هەندێ شوێن بەخەستی و لە هەندێ شوێن کاڵتر.

کوردستان توانایی و پتانسییەلی ئەوەی هەیە کە ببێتە نموونەیەک بۆ سەرانسەری ئێران بۆ درێژەپێدانی نافەرمانیی مەدەنی و خەبات و خۆڕاگریی مەدەنی و لە ڕێگای ئەزموونەکان و تواناییە فکرییەکانی شۆڕشی ژینا هەناردەی تەواوی ئێران بکا. قورسایی و سەنگی کوردستان تەنانەت هەر لەنێو ئێراندا قەتیس نەماوەتەوە و لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەم وڵاتە لە وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکا وەباڵ بۆ پێشەنگی کوردستان دەکێشرێ. کەوابوو ئەگەر چارەنووسی کورد لانیکەم لەم سەردەمەدا بە چارەنووسی ئێرانەوە گرێ دراوە، ئەگەر کورد زیاترین تێچووی لەم ماوەیەدا داوە، دەبێ دەوری ڕێبەری یان شوێندانەری لە ئاستی ئێرانی بۆ دیاری بکرێ. تەنانەت دەبێ کورد ئەم متمانەبەخۆییەی هەبێ کە دەوری کۆکردنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی جیددی لە دەرەوەی وڵات بگێڕێ. کورد خاوەنی بەهێزترین کارتە، کە هیچ لایەنێکی تر نییەتی ئەویش هێزی گەلە!

دەبێ سەرجەم خەڵکی ئێران لەوە تێ بگەن بێتوو کوردستان پاشگەز بێتەوە، ئەم شۆڕشە بەتەواوی لە کزێ دەدا و دواجار تێدادەچێ، خەڵکی ئێران لە نێوخۆ و سەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆنی جیددی ئێرانی بەباشی ئەمە دەزانن، بۆیە پێویستە کورد کە خۆی خاوەنی ئەم شۆڕشە و دەسپێشخەرەکەی بووە، دەوری ئێستای و ڕۆڵی لە داهاتووی پاش کۆماری ئیسلامیدا بەوردی دەسنیشان بکرێ. بەڵام بەر لەوە، کورد دەبێ خەڵکی ئێران لەوە تێ بگەیەنێ کە نابێ و ناکرێ باری ئەم شۆڕشە بەتەنیا لەسەر شانەکانی گەلی کورد بێ و دەبێ هەموو گەلانی ئێران شانی وەبەردەن، ئەگەر خوازیاری قوتار بوون لە چنگ مۆتەکەی کۆماری ئیسلامین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ٢٢ی نۆڤەمبەی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# مستەفا مەولوودی: کۆماری ئیسلامی حیزبی دێموکرات بە سەری مارەکە دەزانێت



**هەڤپەیڤین: عەلی بداغی**

**ئاماژە: دوای دەسپێکی ڕاپەڕینی ژینا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دووجار مووشەکباران کرا و هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئەم حیزبە هەروا درێژەی هەیە. ڕۆڵی حیزبی دێموکرات و سەنگ و قورسایی حیزب لەو ڕاپەڕینە، کارکردی هێز و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن، هۆکاری سەرەکیی سەرکوتی خوێناویی خەڵکی کوردستان و پلان و بەرنامەی حیزبی دێموکرات و ناوەندی هاوکاری بۆ داهاتووی ڕاپەڕینەکە چەند تەوەری سەرەکیی وتووێژێکە کە "کوردستان" لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، بەرپرسی ناوەندی ئیداریی حیزبی دێموکرات پێکی هێناوە.**

**عەلی بداغی: کاک مستەفا لە ماوەی دوو مانگدا حیزبی دێموکرات دوو جار مووشەکباران کرا؟ بۆ؟**

**مستەفا مەولوودی:** ڕوونە، کۆماری ئیسلامی دوژمنایەتیی لە ئاشتینەهاتووی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەیە. تەنانەت ئەو کاتانەش بە ڕواڵەت باسی لە چارەسەری پرسی کورد کردووە، ئەویش هەر پیلان بووە بۆ زەربەلێدان لە حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، نموونەکەشی تیرۆری دوکتور قاسملوو کە لەسەر مێزی بەڕواڵەت وتووێژدا لە بزووتنەوەی کوردیان ستاند. هۆکارەکەشی ڕوونە. ڕوانگەی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت مافی مرۆڤ و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

مافی پێکهاتە و نەتەوە جۆراوجۆرەکان و جۆری حکومەتداری لە وڵات لەگەڵ بیرکردنەوەی حیزبی دێموکرات بۆ بابەتەکان زۆر جیاوازە و لە بنەڕەتڕا لێک دوورن.

لە ماوەی ئەو ٤٣ ساڵەشدا حیزبی دێموکرات بە گرتنەبەری هەموو شێوازێکی خەبات بەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تێکۆشاوە و خەڵکی کوردستانیش پشتگیری سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتیان کردووە. سیاسەتی حیزبی دێموکراتیش لەبەر ئەوەی لەسەر ئەساسی واقعبینی لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دامەزراوە، لە ئێستادا سنووری کوردستانی تێپەڕاندووە و، بەردەنگی باشی لە ئێرانیێشدا هەیە؛ بۆیە کۆماری ئیسلامی لەو ٤٣ ساڵەدا قەت لە زەربەلێدان لە حیزب خافڵ نەبووە. ئەوەش کە بە ماوەی کەمتر لە دوو مانگ دوو جار بە هاژەک و دڕۆن هێرشی کردووەتە سەر حیزب و لە هەڕەشەکانیشی بەردەوامە، لەو چوارچێوەیەدا جێ دەگرێت

**عەلی بداغی**: مووشەک بارانی بنکە و بارەگاکانی حیزب چ پێوەندی و گرێدراوییەکی بە ڕاپەڕینەکەی نێوخۆی وڵاتەوە هەیە؟

**مستەفا مەولوودی**: سیاسەت و دروشمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێی لەسەر عەرزی واقیعە و خەیاڵ نییە. خەباتی حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەیە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بڕووخێ و لەجێگای ئەو حکوومەتی دێموکراتیک و وەڵامدەر لە ئێران بێتە سەرکار و خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو حکوومەتە دێموکراتیکەدا مافی سیاسی و نەتەوایەتییەکانیان دەستەبەر بن. دروشمەکانی ئێستا لە خرۆشانی خەڵکی کوردستان ڕێک تەعبیر لەو سیاسەتە دەکەن و ڕوونە کە حیزبی دێموکراتیش لە وەڕێکەوتنی ئەو خرۆشانەدا کە بە کوژرانی ژینا ئەمینی دەستی پێ کردووە، ڕۆڵی دیار و بەرچاوی هەبووە. ویستی خەڵکی کوردستان و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتیش شتێک نین کە بتوانین لێکیان جیا بکەینەوە. کۆماری ئیسلامییش ئەوە باش دەزانێ و کورد گوتەنی ئەم حیزبە بە سەری مارەکە و بە هۆکاری خرۆشانی شەقام دەزانێ، بۆیە پەیتا پەیتا هێرش دەکاتە سەر حیزبی دێموکرات.

**عەلی بداغی**: کارکردی هێز و لایەنە سیاسییەکان لەم ڕاپەڕینەدا لە ئاستی کوردستان و لە سەر ئاستی سەرانسەریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**مستەفا مەولوودی**: لایەن و هێزە سیاسییەکان لە کوردستان مێژوو و ئەزموونی خەباتیان زۆرە. هەروەک باسمان کرد لە ماوەی ٤٣ ساڵ خەبات لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بەداییم پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ خەڵکی وڵات هەبووە و بە هیچ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

جۆرێک نامۆ و نائاشنا بە ویستی خەڵکی کوردستان نین، هەربۆیە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان هەیە و دروشمەکانیان ئێستا لەسەر شەقامەکان لەسەر زار و زمانی خەڵک ڕێک ئەو بابەتە دەسەلمێنن. بە ڕوونی لە وەڵامی پرسیارەکەتدا حیزبەکان بە تایبەت ناوەندی هاوکاری لە سیاسەت، هەڵوێستگرتن، ئاراستەکردن و پشتگیریکردنی بەربەرینی خەڵکی ئێران و کوردستان باشی کار کردووە. هەڵوێست و سیاسەتەکەی جێگای پەسەند بووە کە خۆی لە پەیامی یەکیەتی و خەباتی جەماوەری و ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا دۆزیوەتەوە. ئەوە تا ئێرە موسبەت و باش بووە، بەڵام ئەگەر بە ستراتیژی نەک بە تاکتیکی سەیری کار و تێکۆشان و سیاسەتی حیزبەکان بکەین بە ئەندازەی ئەرکی سەر شانیان و چاوەڕوانی خەڵک وڵامدەر نەبوون، هۆکارەکەشی ئەمانەن: یەکەم، بە شێوەی پێویست لە ئاستی سەرێدا یەک گوتار نەبوون. دووهەم، ئەو کۆدەنگییە کە پێویستە زۆربەی حیزبەکان لە دەوری یەک ئامانجی سیاسی و نەتەوەیی لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە پێی نەگەیشتوون کە پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراتیکی فرەچەشن یەکەم ئامانجە. سێهەم، لەسەر بەرنامەیەکی ڕوون بۆ تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامی و دەورانی تێپەڕ ساغ نەبوونەتەوە. چوارەم، هەرچەندە هەموو حیزبەکان درووشم و ئامانجی تایبەت بە خۆیانیان هەیە، بەڵام ئەوە کە چۆن لەگەڵ سیستەمی داهاتووی ئێران کار دەکەن و چییان بۆ داهاتووی کوردستان دەوێ، بەرچاوڕوونیمان نییە. ئەمانەش کەمایەسین و پێویستە بەزوویی چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە.

**عەلی بداغی**: پێتان وایە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی توانیویەتی لەسەر قەرار و بڕیاری وڵاتانی شوێندانەر لەسەر ئێستا و داهاتووی ئێران کارتێکەریی هەبێت؟

**مستەفا مەولوودی**: ڕێزم بۆ تاک تاکی کەسایەتییە سیاسی و حیزب و ڕێکخراوەکانی سەرانسەری ئێران هەیە و هەرکام بە پێی سەنگ و قورسایی خۆیان حاشا لە خەبات و تێکۆشان و کاریگەری و شوێندانەرییان ناکرێ. بەڵام ئەوەی لە ئێستادا لە هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و ناوەندەکانی بڕیار لە وڵاتاندا دەبینین، پتر پێوەندیی بەو دۆخەی ئێستای وڵات، خەباتی شێلگیرانە و مافخوازنەی خەڵک بە هەموو چین و توێژەکان ئازایەتی و لەمەیداندابوونی خەڵک و سیاسەتی ڕێژیم ڕەفتار و کاردانەوەیان لەهەمبەر نارەزایەتییەکانی خەڵکە. ئەگەر ئەوە نەبا دەوڵەتان بەم جۆرە نەدەهاتنە سەر خەت و ئاوا بیریان لە هەڵسەکەوتی جیاوازتر لە جاران لەگەڵ ڕێژیمی ئێران نەدەکردەوە.

کەمایەسییەکی دیکە لەو ڕاپەڕینەدا نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنی یەکگرتوو دژی کۆماری ئیسلامییە. ئەمن پێموایە ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری - جیا لە لایەنی کوردی - ئێستا لەو ئاستەدا نییە بتوانێ هەڵگری پەیامەکان شەقام و ڕاپەڕینەکە بێت. ئەمن ناڵێم هیوام بە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە نییە، بەڵام بڕوام وایە ڕێبەرانی سیاسی چ لە ئێستای ڕاپەڕین و دواتریش لە هەناوی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە و لەنێو کچان و کوڕانی ئازای شەقام و زانکۆکاندا دروست دەبێت.

**عەلی بداغی**: بەو پێیە ئەو ئەرک و بەرپرسایەتییانەی لە ئێستادا دەکەوێتە سەرشای ئۆپۆزیسیۆن چین؟

**مستەفا مەولوودی**: ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی پێویست بوو زۆر پێشتر بیری لە پەرش‌وبڵاویی خۆی کردباوە و بەو ئەنجامە گەیشتبێت کە ڕێبەریی کۆمەڵگەی ئێران و بزووتنەوەی گەورەی سەرانسەری بەدژی کۆماری ئیسلامی بەو پەرتەوازەیی و خۆبەتەوەرزانینی تاک، حیزب و لایەنەکان ناکرێ و ئەوە ئێستا بەتەواوی دەرکەوتووە. بۆیە لە ئێستای بزووتنەوەدا ڕاستی چاوەکان زۆرتر لەسەر شەقامی ئێران و ئەو کچ و کوڕانەیە کە ڕاپەڕینەکە بەڕێوە دەبەن. ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن بیهەوێ نەخشی کاریگەر و شوێندانەریشی هەبێ، پێویستە ڕاستیەکانی کۆمەڵگەی ئێران چۆنە ئاوای ببینێ و خوێندنەوەی واقعبینانەی لە پرس و کێشەکانی ئێران هەبێت. نیزامی داهاتووی ئێران ناکرێ و ناشتوانێ ناوەندگەرا بێت و ئاواش نییە بچێتە ژێر ڕکێفی بڕیاری ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگەنشین. خۆ بێتوو گۆڕانکارییش لە بۆچوونەکانیاندا پێک نەهێنن، ناتوانن ڕۆڵ و نەخشێکی ئەوتۆیان لە داهاتووی ئەو وڵاتەدا هەبێت.

**عەلی بداغی**: ئەدی سەنگی کورد لەو ڕاپەڕینەدا چەند بووە و کورد چۆن دەتوانێ قورسایی خۆی لە هاوکێشەکانی داهاتووی ئێراندا بپارێزێت؟

**مستەفا مەولوودی**: سەنگی کورد لەو ڕاپەڕینەدا دیار و بەرچاو بووە و ئەوە لەکەس شاراوە نییە و دروشمەکانی وەک "کوردستان چشم و چراغ ایران" ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن. ئەوەش سروشتییە، لەبەر ئەوەی خەڵکی کوردستان ٤٣ ساڵە بێ‌پسانەوە، بە هەموو شێوەکان و لە هەموو ڕەهەندەکاندا دژی کۆماری ئیسلامی لە سەنگەری خەباتدایە. خەباتی سیاسی، پێشمەرگانە، جەماوەری، مەدەنی، ڕێکخراوەیی و کولتووری ئەویش بە بەشداریی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری و لەو ڕێگەیەشدا قوربانی زۆر و بەنرخیشی داوە. کوردستان هێزی سیاسیی بەئەزموون و خاوەن‌فکر و پێشەنگی تێدا هەڵکەوتووە. بۆیە بزووتنەوەی سیاسیی کورد دەتوانێ بۆ داهاتووی ئێران و لە پێناو بنیاتنانەوەی دێموکراتیکی ئەو وڵاتەدا سەرمایە و دەرفەتێکی بەنرخ بێت. بۆیە ئەو سەنگ و قورساییەی کوردستان ئێستا بەتەواوی هەستی پێ دەکرێ و وای دەبینم خەڵکی ئێرانیش هەستیان بەو نەخش و دەور و کاریگەرییە کردووە و بەوەیان زانیوە کە ئێرانی داهاتوو بێ لەبەرچاوگرتنی خەباتی خەڵکی کوردستان و دابینبوونی مافە سیاسی، نەتەوەیی و مەدەنییەکانی کورد، ئێرانێکی دێموکراتیک چێ نابێت.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**عەلی بداغی: کاک مستەفا سەرکوت و کوشتوبڕەکان لە کوردستان لەچاو ناوچەکانی دیکە زیاتر بوون، بۆ؟**

**مستەفا مەولوودی**: ئاشکرایە کە دوژمن بۆ چاوترسێنکردنی خەڵکی کوردستان ئاوا بێباکانە خوێنی لاوانی کورد دەڕێژێ هەتا بەشکم لەو ڕێگایەوە کورد لە خواستەکانی خۆیان پەژیوان بکەنەوە. ئەوە بە درێژایی مێژوو و لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتییش لە ئارادا بووە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە ئەوە کار و کردەوە و سیاسەتی بووە و چاوترسێنکردن و پاشگەزکردنەوەی خەڵکی کورد لە خەبات و خواستە ڕەواکانی هەمیشە ئامانجی سەرەکیی ڕێژیم بووە. بەڵام وەک دەبینین ئەو خەڵکە هەر لە مەیداندایە و لەسەر ویست و داخوازیی ڕەوای خۆی هەر سوورە. ئەمە لە یەک شوێن و هەر لەنێو حیزبەکاندا نییە، بەڵکوو لە نێو هەموو چین و توێژەکان و شار و گوندەکان دەبینی. بۆیە لە ڕاپەڕینی ئەمجارەشدا کورد لە سەرکوتی خوێناوی و زەبروزەنگی سیستماتیک بەشی شێری بەرکەوتووە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بەڵام خەڵک بە ئازایەتیی خۆیان لە مەیداندا ماوەتەوە و دڵنیام کۆڵیش نادەن.

**عەلی بداغی: پلان و بەرنامەکانی ناوەندی هاوکاری و حیزبەکانی دیکە بۆ ئێستا و داهاتووی ئەو ڕاپەڕینە چین؟**

**مستەفا مەولوودی**: پلان و سیاسەتی ناوەندی هاوکاری و بە ڕوونیش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کارکردنە بۆ تۆکمەترکردنی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە. بۆ ئەوەش پێویستە نەخش و دەوری کچان و کوڕانی کوردستان، خەڵکی ڕاپەڕیو بەتەواوەتی لەبەرچاو بگرین. بەرنامەی ناوەند ئەوەیە بەوەخت و بە بەرنامەتر لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان بچێتە پێشێ و بیر لە بەربەرینترکردنەوەی خۆی دەکاتەوە و لەگەڵ خەڵکی ڕاپەڕیوی ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی زیندوو و بەردەوام لە پەیوەندیدایە. چونکی دەبێ بەرنامە و پرۆژەی ڕوونی بۆ شوێندانەریی زیاتر لە ڕاپەڕینەکەی ئێستا و بۆ دوارۆژیش هەبێت. بۆ ئەوەش دەبێ پەیوەندیی دیپلۆماسیی خۆی بەهێزتر بکا و لەگەڵ کۆڕوکۆمەڵی نێونەتەوەیی و دەوڵەتان لە پەیوەندیدا بێت. لە داهاتووی ئێران و لە چوارچێوەی نیزامی سیاسیی داهاتوودا پێوشوێنی خواستەکانی خەڵکی کورد بگرێ و بارتەقای بەشداری خەڵکی کوردستان لە خەبات بۆ ڕووخانی ڕێژیمی ئێران و هێنانەسەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتیک، هەوڵ بۆ دابینبوونی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بدات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ٢٢ی نۆڤەمبەی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شەڕفرۆشیی کۆماری ئیسلامی و هەڵوێستی باشووری کوردستان



مستەفا شڵماشی

ئەوەتی ئەزموونی باشووری کوردستان دەستی پێکردووە، ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە هەموو توانایەوە هەوڵی تێکدانی داوە. لە هیچ کەس شاراوە نییە کە ئەو ڕژێمە دوژمنی هەموو نەتەوەی کوردە و تەنیا لە ڕۆژهەڵات ئەو دوژمنایەتیەی بە کردەیی نەکردووە. لە چەند دژایەتیکردنی گەورەدا وەک دژایەتی لە گەڵ ڕیفراندۆم و داگیرکردنەوەی نیوەی باشووری کوردستان لە ١٦ ی ئۆکتۆبری مەشهور دا و چەندین مووشەکباران و کردەوەی تیرۆریستیی دیکەدا دوژمنایەتی لە گەڵ ئەزمونی باشووری کوردستانی بە کردەیی کردووە. ئێستاش لە بەهانە دەگەڕێ تا حکومەتی باشووری کوردستان بچووکترین نیشانەی لێ دەرکەوێ کە پشتیوانی لە شۆڕشی تازەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دەکا بۆ ئەوەی بیکاتە بەهانەی هێرشکردن و شەڕانگێزی لە دەرەوەی سنوورەکانی تا بە کۆمەڵانی خەڵکی ناوەندی ئێرانی بفرۆشێتەوە کە دەستی بێگانە لە نێو شۆڕشەکە دایە و نیازیان دابەشکردنی ئێرانە. کەوابو گلەیی لەوە ناکرێ کە حکومەتی هەرێم و حیزبەکانی هەرێم پشتیوانی لە ڕاپەڕینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران ناکەن. بەڵام جێگای ڕەخنەیەکی توندە لە حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق کە پارێزگاری لە سنوورەکانی خۆشیان ناکەن لە بەرامبەر هێرشەکانی یەک لە دوای یەکی کۆماری ئیسلامی دا بۆ سەر خاکە کەیان. هەروەها جێگای ڕەخنەیە کە کۆمەڵگای مەدەنیی باشووری کوردستان و تەنانەت باکوور و ڕۆژئاوای کوردستانیش لە بەرامبەر ئەو هەموو جینایەتانە دا کە لە لایەن ڕژێمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامیەوە بەرامبەر خوشک و براکانیان لە ڕۆژهەڵات دەکرێ بێدەنگن. ئێستا کە ڕژێمی ئێران گوشارێکی زۆری خستوەتە سەر حکومەتی هەرێم و حکومەتی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

عێراق بچووکترین چاوەڕوانی ئەوەیە کە ئەو دوو حکومەتە تەسلیمی ویستی کۆماری ئیسلامی نەبن کە دەیهەوێ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشوور وەدەرنێن، سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن و گوشار نەخەنە سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە باشوور دا تەنیا بۆ کاری سیاسی بنکەو و بارەگایان هەیە. بە پێی قانونی نێو نەتەوەیی ئۆپۆزیسیۆنی وەڵاتان ڕێگا پێدراون کە لە هەر وەڵاتێکی ئەم دنیا پان و بەرینە دا کاری سیاسی بکەن. ئەوە جگە لەووش کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکێکی نەتەوەییشی لەسەر شانە بۆ پاراستنی گیانی خوشک و برایانی ڕۆژهەڵاتی کە بە هێرشی دڕندانەی نیزامی لە خاکی خۆیان وەدەرنراون.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٢٣ی نەڤەمبەری ٢٠٢٢

---

## ئێستا کاتی ڕاپەرینی چەکدارانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە



**لوقمان زەهرایی**

پێش ئەوەی بچمە سەر باسەکەم، حەز دەکەم باسی وەڵاتی فەنلاند وسوئێد بکەم . لەگەڵ ئەوەی هەردووکیان دەوڵەتن و لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی سیاسەتی بێ لایەنیان لە بەرامبەر یەکێتی سۆڤییەت پەیرەودەکرد ودوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤییەت هەر درێژەیان بە سیاسەتی بێ لایەنی دابوو و ئامادە نەبوون داوای ئەندامەتی ناتۆ بکەن وخەڵکەکەشیان زۆر بە ترس وحەزەرەوە وبە کەمی خۆیان لەو باسە دەدا، کەچی دوای داگیرکردنی ئوکراین لە لایەن روسیە، هەر دووک وڵات، هەم سیاسەتوانەکانیان وهەمیش خەڵکەکەیان بە زۆرینە و بۆ خۆپاراستن لە مەترسی پەلامار و داگیرکاری روسەکان بەیەکەوە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

داوای ئەندامەتی ناتۆیان پێشکێش کرد وبەرژەوەندی نەتەوەیی خۆیان لە پەیوەست بوون بە ناتۆ دادەبینن.

بە پێچەوانەی زۆر لەو کەسانەی کە بەردەوام لە سەر تیڤیەکان ولە تۆرەکۆمەڵایەتیەکان حیزبەکانی ڕۆژهەڵات وخەڵکی ڕۆژهەڵات لە تێکەڵبوونی هێزی پێشمەرگە بەو ڕاپەرینە وخرۆشانەی خەڵک لە ڕۆژهەڵات دەترسێنن ودەڵێن ئەگەر هێزی پێشمەرگە تێکەڵ بەو ڕاپەرینە ببن، کۆماری ئیسلامی ڕۆژهەڵات دەکا بە گۆمی خوێن وباقی خەڵکی ئێران دەکێشنەوە وکۆماری ئیسلامی بە بیانوی " تەجزیە تەلەبی " کوردستان سەرکوت و بێدەنگ دەکا، من پێم وایە ئێستێ گونجاوترین وباشترین دەرفەتە لەبەردەم حیزبەکانی ڕۆژهەڵات وکوردی ڕۆژهەڵات بۆ ڕاپەرین، هەر ئەوەی لە باشور کرا کاتی خۆی و ڕاپەرینی هێزی پێشمەرگە وجەماوەری لێکەوتەوە و دەسکەوتەکەشی دامەزرانی پارلمان وحکومەتی هەرێم ودانانی سنوری نەفرین بۆ فرۆکەکانی ڕژێمی سەددام.

بە چەندین هۆکار پێم وایە کە ئێستا باشترین دەرفەتە بۆ حیزبەکان وکوردی ڕۆژهەڵات بۆ ئەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هێزی داگیرکەری کۆماری سێدارە پاک بکەنەوە و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەوێتە دەستی حیزبەکان و جەماوەری ڕاپەریوی ڕۆژهەڵات ودەبێ بەرژەوەندی نەتەوەیمان لە سەرەوەی هەموو شتێک بێت.

**یەکەم**: بۆچی ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵات، بە تایبەت حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی دەبێ ڕێگە بدەین کە ببینە قۆچی قوربانی مابا‌قی خەڵکی ئێران وکۆماری سێدارە بۆ دامرکاندنەوە وبێدەنگ کردنی دەنگی شەقامەکانی ناوچەکانی دیکە ئێران کوردستان بکا بە قوربانی؟

تاکەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دەبێ هەروا بە سووک وسادەیی ببنە ئامانجی مووشەک ودرۆنەکانی سپای پاسداران وهەر وا کادروپێشمەرگەکانیان وئەندامانی بنەماڵەکانیان بە ژن ومنداڵەوە ببنە قوربانی؟ حیزبەکان دەبێ لەو وەزعەی کە تێیدان و بە داخەوە جۆرێک بێدەسەڵاتیشی پێوەدیارە بێنە دەر وتاکتیک وستراتیژی نوێ بگرنە بەر بۆ بەرەوپێش بردنی ئامانجی ئەو خەبات وبەرخۆدانە. پێویستە لە حالەتی بەرگری ودیفاعی بکەونە حالەتی پەلامار وڕاپەرین.

هەموومان باش دەزانین کە حکومەتی عێراق وهەرێمی کوردستان لە ئاستی کۆماری ئیسلامی دا بێدەسەڵاتن وهیچیان پێناکرێ یان ناوێرن هیچ بکەن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەڕێز کاک مستەفا هیجری لە وتووێژێکدا کوتی کە لە سەر داوای حکومەتی هەرێمی کوردستان جێگۆرکێمان بەهێزەکانمان لە سەر سنورکردووە. واتە لەو شوێنانەی کە پێشتر لێ نیشتەجێ بوون کشاونەوە. پرسیار ئەوەیە ، ئەگەر حکومەتی عێراق وهەرێمی کوردستان زەخت لە حیزبەکان بکەن کە لە کوێیە وسولێمانی دوورکەونەوە ویان چەکەکانیان دابنێن، ئەو کات حیزبەکانی ڕۆژهەلات دوو رێیان زیاتر لەبەر نیە. یان ملکەچی داوای حکومەتی عێراق وهەرێمی کوردستان دەبن ویانیش تووشی شەڕ وپێکدادان دەبن لە گەڵ هێزەکانی عێراق وتەنانەت هەرێمیش. بڕواناکەم ئەوانیش بەرژەوەندی خۆیان وپەیوەندییان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی فیدای حیزبەکانی ڕۆژهەلات بکەن.

**دووهەم**: هەڵ ومەرجی ئێستا دوای سێ مانگ لە ڕاپەرینی جەماوەری خەڵکی ئێران وکوردستان بۆ ڕاپەرینی جەماوەری بە پشتگری هێزی پێشمەرگە زۆر ئامادەیە وبە دڵنیایەوە بە هەزاران کەس پەیوەست دەبن بە هێزەکانی پێشمەرگەی ڕۆژهەلاتەوە وئەو کات زۆر ئاسانتر دەکرێ ناوچە سەرسنورییەکان بە پلەی یەکەم ڕزگار بکەن ودواتریش بەرەوناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەلات.

بەڕێز کاک خالید عەزیزی وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چەندین وتووێژیدا باسی لەوەکردوە کە داوای لە ئامریکا کردووە کە ناوچەی دژەفرین بۆ بەرگری لە پەلاماری درۆنی وموشەکی کۆماری ئیسلامی دروست بکەن وحیزبەکانی ڕۆژهەلات بپارێزن. من ڕام وایە کە ئامریکا و ئوروپا داوای لەوچەشنە جێ بە جێ ناکەن. هۆیەکەشی ڕوونە کە حیزبەکانی ڕۆژهەلات لە سەر خاکی خۆیان ناژین ولە باشوری کوردستانن. ئەوە ئەرک و وەزیفەی حکومەتی عێراقە بە پلەی یەکەم کە ئەگەر بیهەوێ وبوێرێ دەتوانێ داوایەکی لەو چەشنە باس بکا. چونکە خاکی وان و سەروەری وڵاتی وان لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە پێشێل دەکرێ.

**سێهەم**. خەڵکی ئێران و ڕۆژهەلات بە تایبەت پێویستیان بە پشتگری وڵاتانی دیکە هەیە کە ئێستا ئەو پشتگرییە بە ڕاستی نابینین. گەمارۆخستنە سەر مۆرەکانی ڕێژیم وشیرکەتەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی نابێتە نان وئاو وپشتگری بۆ خەڵکی ئێران وڕۆژهەلات. کە باسی ڕۆژهەلاتیش دەکەین کۆماری ئیسلامی بە نەبوونی هێزی پێشمەرگە لە ناو خۆ، زۆر بە دەست ئاوالایی خەڵک قەتلەعام دەکا وگوێنیشی بەوەی ناچێ جیهانی دەرەوە بە قسە مەحکومی بکەن. خەڵکی ئێمە لە ڕۆژهەلات نایێ بە تەنیا بمێنێتەوە و هەست بەوەی بکەن کە حیزبەکان چاوەڕوانی ئەوەیان لەو خەڵکەیە کە هەر لە سەر شەقامەکان بمێننەوە وبەردەوام دوکان وبازار داخەن. لە هەر دووک حالەتدا تێچوونی زۆری بۆ خەڵکی ئێمە تێدایە وئەوە بۆ درێژماوە زۆر زەحمەت دەبێ وخەڵکیش بێزاردەبێ ولە ئەگەری نەبوونی دەسکەوتێکی مەلموس، هیچ سەیر نیە کە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خەڵکەکەش ساردببنەوە و خۆپیشاندانەکان کەم وکەمتربببنەوە ولە ئاکامدا دامرکێنەوە. لە ئەگەرێکی واشدا کۆماری ئیسلامی دەستی خۆی دەوەشێنێ وزەربەیەکی لەبیرنەکراو لە کوردی ڕۆژهەڵات دەدا کە بە ساڵان خۆی نەگرێتەوە.

کۆماری ئیسلامی دیهەوێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پلەی یەکەم وبەلوچستان بە پلەی دووهەم لە جیاتی هەموو ئێران بکاتە قۆچی قوربانی و ئەگەر لەوکارەشی دا سەرکەوێ، بێگومان دەتوانێ خۆپێشاندانەکانی ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش بۆ ماوەیەکی نادیار کپ وبێدەنگ بکا. دەبێ ترس و چاوەڕوانی ئەوەمان هەبێ کە کۆماری ئیسلامی هەم ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرتوونی وئێستا لە زیندان دان ئێعدام بکا وهەمیش بیهەوێ پەلاماری سەربازی بۆ سەر بنکە وبارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بکا. نە حکومەتی هەرێم ئەو توانایە وخواست و دەسەڵاتەی هەیە ونە حکومەتی عێراق کە پێش بە پەلاماری سەربازی کۆماری ئیسلامی بگرن. ئەوە تورکیە نموونەی زەق وبەرچاو. تاکوو ئێستا بە دەیان جار پەلاماری خاکی باشوری داوە بۆ لە ناو بردنی گریلاکانی پارتی کریکارانی کوردستان وسەرکردایەتیەیان. کێ پێشی پێ گرتوون؟

ئامریکا وئوروپا لە گەڵ هێز ودەسەڵاتن ولە گەڵ خەڵکانی لاواز وبێدەسەڵات نین. هەربۆیەشە ڕاپەرینی چەکدارانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ڕەوا و بەرگری لە خۆیە نابێتە هۆی ئەوەی کە ئامریکا وئوروپا کوردی ڕۆژهەڵات وحیزبەکانی سەرکۆنە بکەن. من پێم وایە ڕاپەرینی چەکدارانە و ڕزگارکردنی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە دەستی کۆماری پەت وسێدارە هاندەری زۆر گەورە دەبێ بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش کە ئەوانیش ڕاپەرن وکۆماری سێدارە بڕووخێنن. با پێمان وانەبێ وەکوو سالەکانی دوای شۆرشی گەلانی ئێران بە هەزاران لە خەڵکی ئێران شەڕ بۆ کۆماری ئیسلامی دەکەن ودێن پەلاماری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدەن.

ئازادکردن وڕزگارکردنی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێز وتوانا و دەرفەتی نوێ بۆ کوردی ڕۆژهەڵات دێنێتە گۆڕێ وپشتگیری خەڵک ئێران وکوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان وولاتانی دیکەشی بەدوادادێ. ئەو کات زۆر بە ئاسانی ولە کاتی پێویست دا دەکرێ داوا لە ئامریکا وئوروپا ونەتەوە یەکگرتۆکان بکرێ ناوچەی دژەفرین بۆ کوردی ڕۆژهەڵات پێک بێنن.

ئەوەی کە ئێستا کوردی ڕۆژهەڵات وحیزبەکان پێویستیانە پێکهێنانی هەرچی زووتری بەرەیەکی نیشتمانی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانە وئامادەکردنی هەل ومەرجی ڕاپەرینە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە غەیری ئەوەدا کۆماری ئیسلامی ڕۆژهەڵاتی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کوردستان بە پیلانە چەپەڵ وگڵاوەکانی دەکاتە قۆچی قوربانی وتۆڵەی ٤٣ ساڵ دژایەتی کوردی ڕۆژهەڵات دەکاتەوە ودەبێ بلێین ئەوە دەرفەرتێکی باشە بۆ کۆماری ئیسلامی کە بەو مەبەستە چەپەڵەی بگا. تاکوو حیزبەکان وکوردی ڕۆژهەڵات نەکراونە قۆچی قوربانی دەست پێشخەری بکەن بۆ پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی کۆماری سێدارە.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٢٢ی نەڤەمبەری ٢٠٢٢

---

## چونەوەی پێشمەرگە بۆ ناوخۆی ڕۆژهەڵات پێویستە؟




**شۆڕش ئەسەدزادە**

لەوەتی ژینای کوردی ٢٢ ساڵە لە تاران بەدەستی کەسانی بێ ئەخلاقی گەشتی بەناو ئەخلاق ئەشکەنجە کراو بەوپەڕی دڕندانەترین شێوە گیانیان لێ ئەستاند، سەرانی دەسەڵاتی ڕژیم ویستیان وەکوو هەموو جنایەتەکانی تر کە کردویانە پەردە پۆشی بکەن و ڕێگا نەدەن ئەم بێ ئەخلاقیەیان دەنگی لێ بلندبێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەڵام بنەماڵەی بەڕێزی ژینای ئەمر وەڵامی هیچ یەک لە هەڕەشەکانی بەرپرسانی ڕژیمیان نەدایەوە، هەر لە سەرۆک کۆمارەوە بگرە هەتا بەرپرسانی ڕژیم لەشاری سەقز، بەهەموو شێوەیەکی فیریودەرانە ویستیان بنەماڵەی ژینا ڕازی بکەن و ئەو قسانە بکەن کە ڕژیم بۆی ڕێکخستبوون.

سەرئەنجام بنەماڵەی ژینا بە پێچەوانەی ویستی ڕژیم ڕێگای ڕاست و حەقیقەتی ڕوداوەکەیان ئەنجام دا.

تەرمی ژینا بە بەشداری سەرجەم خەڵکی شاری سەقزو زۆربەی شارەکانی دیکەی کوردستان کە هەزاران کەس بەشدار بوون، ئەم زوڵمەیان پێ قەبوڵ نەکراو خەڵک پێکەوە ڕژانە ناو شاری سەقزو دروشمەکانی دژی ڕژیمیان بەگوێی بەرپرسان گەیاندو ڕق و تووڕەیی خۆیان دەربڕی.

زۆری نەگرت هەموو شارەکانی کوردستانی گرتەوە، ئەم ناڕەزایەتیانە وەکوو بۆمبێک لەهەموو ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی دەنگی دایەوەو سنوورەکانی بەزاندو هەموو جیهانی گرتەوە.

خۆپیشاندان درێژەی کێشاو پاش چەندین ڕۆژ هێندە بەربڵاو بووە، کە شارەکانی ئێران بۆ پشتیوانی لە کوردستان هاتنە سەرشەقام.

پاش ماوەیەک ئەم خۆپیشاندانانە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ شەهیدەکان زیادیان دەکردو بریندارەکان زۆرتر دەبون و لاوەکانمان زیاتر پەل کێش دەکران بۆ زیندانەکان٠ بۆیە شێوەی خۆپیشاندان لە ئیعتیرازەوە گوڕدرا بۆ ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری و سەرجەم شارە گەورەکانیشی گرتەوە.

ئێستا دوای نزیک بە ٣ مانگ لەم ڕاپەڕینە، ڕژیم دەستی لەخەڵکی بێ دیفاع نەپاراستووە بە تاپرو چەکی ڕیزو جەنگی تەقەی لەخەڵک کردووە هەتا ئێستا زیاتر لە ٤٠٠ کەس شەهید بوون و بە سەتان بریندارێش هەیە، کە لەنێوانیاندا ژن و منداڵ بەدی دەکرێن.

لەم ماوەیەدا کوردو ئێرانیانی دەرەوەی وڵات بەدەیان خۆپیشاندانی دەیان هەزار کەسیان پێک هێناوە لە سەرتاسەری وڵاتانی جیهان بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوو. کە کاریگەری یەکجار زۆری هەبووە لەسەر وروژاندن و بەرچاو ڕوونی بۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خەڵکی جیهان سەبارەت بە ڕەفتاری دیکتاتۆری و بێ ڕەحمانەی ئەم ڕژیمە تیرۆریستییە جیهانی یە. توانیویانە پشتیوانێکی زۆر بەهێزی گەلانی ئێران بن بەرامبەر بە ڕژیمی ئیسلامی ئێران. لێرە بەدواوە ڕاپەرین فازی خۆی تێپەڕاندو ویستی خەڵکانی ئێران گۆڕدرا بۆ (شۆڕش) دروشم و داواکانی خەڵک ڕاستەوخۆ بۆ ڕوخانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە بە هەموو لق و باڵەکانیەوە.

هەتا ئێرە شۆڕشە و شۆڕشێکی تەواو خەڵکی و بێ دەست تێوەردانە، خەڵک تەنیا بە بەردو ئاگر کردنەوە لە شەقامەکان بۆ ڕێگا گرتن لە هاتنی هێزە داپۆسێنەرەکانی ڕژێم بەرەنگاریان بوونەتەوە. نە چەکێک بەکار هاتووە لەلایەن خەڵکەوە، نە هیچ هێزێکی سیاسی ڕۆژهەڵات دەخالەتیان کردووە . بەڵام هێزەکانی ڕژیم ئەوەی کردویانە کردویانەو دەستیان لە کوشتنی خەڵک نەپاراستووە. هەرچی گرتویانەو زیندانیان کردووە هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەک کراون، هەتا دەست درێژی سێکسی لەبەر چاوی یەکتر.

ئەم ڕەفتارە بێ ئەخلاقانەی ڕژیم کاریگەری یەکجار خراپ و دزێو لەسەر ڕۆحیەی لاوەکانمان دادەنێ و لەکۆتاییدا لاوەکان بوونەتە یەک پارچە ئاگرو ڕق و تورەیی بەرامبەر بەم دوژمنە دژی مرۆڤایەتیە، بۆیە ئەگەر یەک تاقە کەسێکیشمان نەمێنێ تازە مەحاڵە ژیان کردن لەژێر دەستی حکومەتێکی وەک ئەم جنایەتکارو تیرۆریستانە. ئەوانە ٤٣ ساڵە وڵاتێکی «خودی و ناخودی » یان پێکهێناوەو هەرچی خودی نەبوو بەرامبەرە بە مردن، ئەشکەنجە، زیندانی، ئیعدام، تەجاوز، هەرچی پێیان خۆش بێ بەزۆری و بە هێز بەسەرماندا دەسەپێنن.

لەڕۆژەکانی سەرەتای ئەم ڕاپەرینەوە هەتا ئێستا کە گۆڕاوە بۆ شۆڕش، خەڵک بوونەتە چەند دەستە بۆ ئەوەی باشترین ڕێگا ببیننەوە بۆ یارمەتی و هاوکاری مەیدانی لەناو شارەکانی کوردستان. دیارە هەمویان لە ڕووی دڵسۆزی و خەمخۆری و ڕێگا گرتنە لە کوشتاری خەڵکی بێ دیفاع لە شەقام . بەدیاری کراوی ڕووی قسەیان لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتە کە بگەنە فریایان و ئەوە ئەرکی حیزبەکانە کە ئەمڕۆ بگەڕێنەوە بۆ ناوخۆی کوردستان، یان لانیکەم چەند تیمێک لە پێشمەرگە بنێرن.

خەڵک لەکاتی وادا هەستیار تر دەبن و دڵیان گەرمەو هەرچی بیڵێن و بیکەن کەس ناتوانێ ڕێگریان لێبکات. بۆیە پێویستە حیزبەکان زیاترو زیاتر لەوبارەوە ڕوونکردنەوەی جددی بدەن ، بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە ، ڕاستیەکان بەخەڵک بڵێن، کە هۆی نەناردنی هێزی پێشمەرگە لەم کاتەدا بۆچیە؟ نابێت خەڵک چاوەڕوان بکەین و هیچیشیان بۆ نەکەین،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەبیرمان نەچێ لەم نێوانەشدا دەستی تێکدەرانەو جاسوس و خائینان زۆر بەهێزە کە هەرگیز نابێ خەڵکی ڕۆژهەڵات لەم کاتە هەستیارانەدا بکەونە داوی ئەم خۆفرۆش و ئاژاوەگێڕانەوە.

### ١- ئایا چوونەوەی پێشمەرگە لەم کاتەدا قازانجی چیە؟

ئێران کاتێک وەهۆش خۆی هاتەوە ژینایەکیان شەهید کردبوو پێیان وابوو وەکوو هەموو جنایەتەکانی تر دوو ڕۆژەو دوایە تەواو دەبێ. بەڵام خەڵک و لاوانی کیژو کوڕانی هوشیاری گەل دوژمنیان خافڵگیر کردوو، دەوشمی (ژن - ژیان - ئازادی) یان کردە دروشمی شۆڕشی ژیناو ئێران و جیهانیان لەخەوێکی قورس ڕاپەڕاند. ئەمە سەرەتای شۆڕشی ژینا بوو، نابێ هەرگیز لەمێژووشدا لەبیرمان بچێ ئەم شۆڕشە شۆڕشی بەهێزی ژنانی ئازادو بەشەرەف و پێداگری کوردبوو کە توانیان ناوو ناوبانگی شۆڕشی ژینا بکەنە مێژوویەکی زێڕین لەگشت جیهاندا. مێژوویەک و شۆڕشێک کە دۆست و دوژمنی ڕاچڵەکاندو بێجگە لە کڕنۆش و ڕێز هەتا ئێستاش نەیانتوانیوە وشەیەکی گونجاو کەپڕ بەپێستی حەماسەو غیرەت و ئازایەتی و هەڵوێستی ژنانی کورد بێ بیبینەوە.

بەڵام لەم کاتەدا کە ڕژێم و لەسەروی هەموانەوە عەلی خامەنەیی کە دوایین قسەو بڕیار لەلای ئەوە دەبێ چون بتوانن خۆیان کۆبکەنەوەو ڕێگا چارەیەک بۆ ڕێگرتن لەڕوخانی ڕژێمەکەیان بدۆزنەوە. ئەوانە کارو پیشەی ئەسڵی خۆیان لەسەر بناغەی شەڕو تەهدیدو تۆقاندن و درۆو بوختان و تەجاوەزە،حەتمەن ناتوانن وەڵامی خەڵک لەڕێگای وتوویژو هێمنانەو لەڕووی مەنتقەوە بدەنەوە. بەڵام لەڕێگای شەڕو کوشتارو ئەشکەنجەوە هەمیشە وەڵامیان پێیەو حازرو ئامادەن.

خۆپیشاندان و ئیعترازو شۆڕشی شەقام هەتا ئێستا بەشێوەیەکی سەردەمیانەو پاک و خاوێن درێژەی هەیە لەلایەن خەڵکەوە، هەتا ئێستا هیچ هێزێکی حیزبی ڕۆژهەڵاتی بەشداری حزووری و فیزیکیان نەکردووە لەناوخۆدا. دوژمن بەهەر نرخێک بێ دەیەوێ هێزەکانی کوردی بکێشێتە ناو شەقام و هەتا بتوانێ لەژێر ناوی هاتنی هیزی دەرەکی و بێگانەو وابەستە بە وڵاتانی ئەمریکاو ئیسرائیل و عەرەبستان و کوێ و کوێ ئەوەی دەیەوێ بەدڵی خۆی بیکات دریغی نەکاو شەلم کوێرم کەس نابوێرم تێکەوێ لەبازاڕی شێواودا گورزی خۆی بوەشێنێ. هەرچەندە ئێمە شەهیدو بریندارای زۆرمان هەیەو زۆرێکیش لە کیژو کوڕانی لاو لەزیندانەکاندان، هیچ کەسێک ناتوانێ تەحەمولی ئەم وەزعە بکات بەهەر شێوەیەک کە دەتوانێ دەیەوێ دەنگی خۆی بگەیەنێتە گوێی هەموو ئازادیخوازانی جیهان، یان دەمانەوێ خۆمان بگەیەنینە دایک و خوشک و خزم و خەڵکەکەمان ببینە پاڵپشت و، هاوسەنگەریان بین لە سەنگەرەکانی شەقام و کۆڵانەکان.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئێستا ئەگەر حیزبەکان و پیاوانی سیاسی و فەرماندەرانی بەئەزموونی پێشمەرگە ساغ ببنەوە لەسەر ئەوەی بیانەوێ بچنەوە ناوخۆی ڕۆژهەڵات، هیچ گومانم نیەلەماوەیەکی زۆر کورتدا سەرجەم خاکی کوردستان لەدوژمن پاک دەکەنەوەو خەڵک بە پیاوو ژنی ٧٠ ساڵ تەمەنەوە بگرە هەتا منداڵانی ٧ - ٨ ساڵانیش دێنە شەقام و بەدارو بەردو نینۆک بەگژ داگیرکەراندا دەچنەوەو هیچ هێزێکیش بە تۆپ و تانگ و فڕۆکەو باشترین و تازەترین چەکی پێشکەوتوو ناتوانن پێش بە ڕق و توڕەیی خەڵک بگرن. ئەو هێزانەی ڕژێم بەناوی پاسدارو، سەربازانی گومناوو، هتدد... ئەو پاسدارانەی جاران نین کە لەساڵەکانی شەستەکان لەگەڵ ئێمە دەرگیر دەبوون و لەخودایان دەویست بکوژرێن و بچنە بەهەشت و کلیلی بەهەشتیان لەملی دابوو. ئێستا هەموو ئەوانە گەورەترین دەوڵەمەندو سەرمایەدارەکانی ئێران و جیهانین لەجیاتی بەهەشت و پارێزگاری لەڕژێم، پارێزگاری لەسەروەت و سامانەکانیان دەکەن کە لەوڵاتانی جیهان وسەر یەکیان ناوە. ئەوانەش کە لەشەقام دژی خەڵکن هیچیان باوەڕیان بەڕژێم نیەو بەڵکوو سەعات بەسەعات پوڵیان دەدەنێ و وەکوو بەکرێگیراو باتوونیان بەدەست گرتووە.

بۆیە گرتنەوەی شارو گوندەکانی کوردستان کارێکی زۆر دژواریش نیەو بە شێوەی کاتی دەکرێ هەموو ئەوانە ڕووبدەن لەچوونەوەی هیزی پێشمەرگە بۆ ناوخۆ.

## ٢- زەرەرەکانی چوونەوەی پێشمەرگە لەئێستادا چیە؟

هەر دوای ڕاپەڕینی جەماوەری کوردستان و ئێران، ڕژێم وەکوو لەپێشدا باسمکرد خێرا خۆی بۆ شەڕو کوشتارو زیندانی کردنی خەڵک ئامادە کرد.

کەدیتیان لەکوردستانەوە ڕاپەڕینەکە کێشای بۆ شارەکانی دیکەی ئێران، کوردستان وەک هەمیشە بوو بە ئیزڕائیلی ڕۆح کێشی ڕژێم. زۆر لەمێژە کورد لەلایەن ڕژێمەوە مەحکووم بەنەمان و لەناوچوون کراوە ، وەکوو کورد ، وەکوو پێشمەرگە، وەکوو سونی، وەکوو یاغی، وەکوو تەجزیە تەڵەب، وەکوو دژی شۆڕش، هەتا وەکوو ناساندن و ناشیرین کردنی کورد وەکوو جنۆکە ئێمەیان پێناسە کردووە. هەموو ئەمانەی باسمکردن ڕژێم بە نیوە ئاشکراو زۆرتر بەذهێنی هەوڵی نابوود کردن و تێکدانی شیرازەی کوردی کردووە٠ لە کوشتنی دستە جەمعی، ئیعدام لەژێر ناوی جۆراوجۆری بێ بنەما، بەرنامەی موعتاد کردنی لاوەکانی کورد بەبەرنامەو بەهێواشی، ناشیرین کردنی زمان و جلوبەرگ و فەرهەنگ و داب و نەریتی کوردی لەسەرەتای قوتابخانەوە هەتا دوایی قۆناغەکانی خوێندن لەپێش چاوی قوتابیانی کورد.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

گەورەترین سەرمایەگوزاری کرد بۆ ئەوەی بتوانن کەلێن یان درزێکی گەورە بخەنە نێوان خەڵک و پێشمەرگە، ویستیان خەڵک و پێشمەرگە بکەنە دوژمنی یەکتر، سەربازیان بۆ کوردەکان کردە ناوچەیی بۆ ئەوەی لەشەڕی پێشمەرگەدا ئەوان بەکوشت بدەن، خەڵکیان چەکدار کرد بۆ ئەوەی شەڕی کورد بەکوردیان پێبکات و لەئەنجامدا خوێن بکەوێتە نێوانیان و ببنە دوژمن لەیەکتر، بەلێشاو لاوانی کەم تەمەنیان بە بەڵێنی جۆراو جۆرو بریقەدار فریو دەدا کە بچن لەریزەکانی حیزب ببنە پێشمەرگەو لەوێ جاسوسی و تیرۆریان پێ ئەنجام بدا. بەکوردی و بەکورتی لەهیچ چەشنە جینایەت و بێ ئەخلاقیەک درێغیان نەکردووە بۆ بەچۆک دادانی لاوان و نەسل لەدوای نەسلی تازە پێگەیشتوو، ویستویانە هەر لە سەرەتای ژیانی لاوەکانمان تووشی سەرلێشێواوی و بەلاڕێبردنیان بکەن.

بەڵام لەم ڕاپەڕین و شۆڕشەی ژینادا دیتمان کورد هەر کوردەو لەهەر فرسەتێکدا بۆیان هەڵکەوێ پشت و پەنای خەڵک و پێشمەرگەو ڕێبواری ڕێگای باوک و براو مام و خاڵ و ئامۆزاو هاوڕێیانی شەهیدیانن.

ئەمانە هەموو تێکهەڵکێشێکە لەنێوان کورد بوون و دەسەڵاتدارانی دژە کورد بوون. ململانێی نێوان حەق و زوڵمە، بەرەنگاریە لەنێوان کورد مانەوەو خۆ دۆڕاندنە، مانەویە لەژێر سێبەری پەروەردەی بنەماڵەیی و، زوڵم و زۆرداری دوژمنە. هیچ هێزێک هەتا ئێستا نەیانتوانیوە بۆ هەمیشە کوردو کوردبون تێک بشکێنن و بیانسڕنەوە، ئێستاش هیچ هێزێک ناتوانێ ئەو کارە بکات لەگەڵ کورد.

## بەڵام زەرەرەکانی چوونەوەی پێشمەرگە لەم کاتەدا چاوەڕوانی چی لێدەکرێ؟

**یەکەم**: دوژمن کە بەخۆی زانی خافڵگیر بووە بەدەست ڕۆڵەکانی کوردەوە، خێرا هێزێکی پڕچەکی ناردە سەر سنوورە دەست کردەکانی نێوان باشوورو ڕۆژهەڵات.

دەبێ بزانین هۆکاری ناردنی ئەم هێزە زەبەلاحە پڕ چەکە بە مووشەکی دوورهاوێژو درۆن و تانگ و تۆپی گەورەوە بۆچیە؟ نابێ لەبیرمان بچێ کە لەپێش هەموو شتێکدا ڕژیم ویستی ئەم شۆڕشەی ناوخۆ بەشێوەیەک لە دیدو سەرنجی ناوچەیی و جیهانی بگۆڕێ بۆ هێرشی مووشەکی و درۆنی خۆکوژ بۆسەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و پێشتر ڕژیم ناوی هەرێمی کوردستان و عەرەبستانی سعودیشی هێنابوو کە لێیان دەدەم. بەڵام بەخۆشیەوە ئاگری شۆڕشی ئەمجارەی ناوخۆ بەشێوەیەک کڵپەی سەندووە، نە بۆشاردنەوە دەبێ و نە بۆ فریودانی سەرنجی جیهانیان. بۆیە ڕژیم ویستی هێزی خۆی لەم کاتەدا تاقی بکاتەوەو ویستی بە هێز حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بەچۆک دابێنێ و خەڵکی ناوخۆشی پێ بترسێنێ، بەڵام چەندجار بەلێدانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مووشەک و درۆنی خۆکوژ بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی حیزبەکان نەک هیچ کاریگەریان نەبوو بەڵکوو ئاگری شۆڕش لەناوخۆ گەرم و گەرمتر بوو، ڕق و تووڕەیی شۆڕشگێڕان چەند هێندە زیادی کرد.

ڕژێم جار جار دەڵێ هێزی زەمینی دەجوڵێنم و هێرش دەکەمە سەر بنکەو بارەگاکانی حیزبەکان لەهەر شوێنێکی هەرێمی کوردستان بن، واتە هیچ ڕێزێک بۆ سەروەری هەرێم و عێراقیش دانانێ.

ئەمانە هەموو بۆ ئەوەیە بەڵکوو بتوانێ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بەدەردی مجاهیدین ببات، هەتا خەڵکانی ناوخۆ چاوترسێن بکاو لەشەقام نەیانهێڵێ.

بەڵام من پێموایە ئەم هێزانەی سەر سنوورەکان زیاتر لەترسی کودەتاو پاراستنی ئەو ئەشکەوت و ژێر زەمینانەن کە لەشاخەکانی کوردستان بەنهێنی خەریکی چەکی ناوەکی و عەمباری مووشەک و چەکی قەدەغەکراون. هەروەها دەکرێ وەکوو کەمینێکی گەورەش چاولێبکەین بۆ هێزەکانی پشمەرگە لەکاتی خراپ بوونی وەزعی ڕژێم لەکوردستان هەتا بتوانن بەرگری بکەن.

ئێستا ڕژێم لەم حاڵەدا کە تێیکەوتووە زۆری چاوەڕوانی حیزبەکان کرد کە بەڵکوو هێزی پێشمەرگە بنێرن و ئەوەی دەیانەوێ بیکەن وەکوو شەڕی شەقام و کۆڵان بەکۆڵان و هەتا خومپارەو تۆپ و تانگ و فڕۆکەش بەکاربێنێ بەبۆنەی بوونی پێشمەرگە لەشارەکان. بەڵام تێگەیشتن کە ڕێبەرانی کورد زۆر لەوان زیرەکترو بەهۆشترن کە ئیجازە بدەن پیاوکوژو مبداڵ کوژەکانی دیکتاتۆر بەئاواتی دڵی خۆیان بگەن.

خەڵکی ئێمەش زۆر لەوە هۆشیارترن کە ئێمە فکریان لێدەکەینەوە، ئەوانیش لەڕاستی مەسەلەکە تێگەیشتوون کە هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە کە گیانی خۆیان فیدای شارە گەورەکانی ئێران بکەن. ئێمە وەکوو کورد زۆر زۆر لە بەشی خۆمان زیاتر لەمەیدان و شەقام هەین و ماوین و زۆرترین شەهیدمان پێشکەش بەبارەگای ئازادی و ڕزگاری داوە. ئێمە وەکوو کورد هەرگیز نابینە مەقاشی دەستی هیچ کەس و هیچ حیزبێکی غیرە کوردو ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بەهەموو شێوەکانیانەوە، خۆ ئەگەر شارێکی وەکوو تاران و تەورێز و شارەکان گەورەی ئێران بۆ یەکجارو بۆ هەمیشە بە هاتنە سەرشەقامی ملیۆنی بەهیچ شێوەیەک ڕژێم ناتوانێ خۆی بگرێ و بۆ هەمیشە لەزبڵدانی مێژووی داوێن.٠ بەڵام کورد هەمیشە لەشەقام دەمێنێتەوە تا ئەوکاتەی بەپێویستی دەزانێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕژێم لەو کەمینەی دایناب‌وو ب‌ۆ ک‌ورد زۆر م‌ایەوە بەڵام سوودی نەب‌وو ک‌ورد خ‌ۆی لەو کەمینە پاراست، هەت‌ا لە کۆتاییدا عەلی خامەنەیی سەبری نەماو کەمینەکەی پوچەڵ کردەوەو بەکردەوە هاتە قسەو دەستووری هێرشی وەحشیانەی دەرکرد هەمان دەستوور کە ویستی لەکەمینەکادا بەڕێوەی بەرێ بەڵام زۆر زوو ن‌اخی دڵی ڕەشی خ‌ۆی نیشان داو داوای لەهەموو هێزەک‌انی چەک‌دارو ب‌ێ چەک و ئیتلاع‌ات و ج‌اس‌وس و بەکرێگیراوان‌ی ک‌رد کە هەرچ‌ی زووت‌ر ئەوەی پێویس‌تە ب‌ۆ دامرکاندنەوەی ئەم شۆڕشە بیکەن و دەست مەپارێزن، هەمان ائتش بەاختیار کە لەساڵەکانی پێشوودا خستیە بەردەست هێزە چەکدارەکانی.

ئێستا دەبینین دوای فەرمایشت و دەستورەکانی خ‌امەنەیی، تەواوی هێزەک‌انی ڕژێم ن‌اردراون ب‌ۆ هەم‌وو ئەو جێگای‌انەی شۆڕشی تێدا بەردەوامە، بە هەم‌وو چەکێکی ق‌ورس و ڕێ‌زەوە تەقەی ڕاستەوخۆ لەخەڵ‌ک دەکەن کە چەک‌ی ئەوان تەنی‌ا بەردە.

لەم کاتەدا کە هێرشی سەربازی توندو ئاگرو ئاسن لەسەر خەڵکی بێ دیفاعە، زۆر جێگای خۆیەتی کە خەڵک ه‌اواری خ‌ۆی بگەیەنێتە حیزبەکان و داوای هێزی پێشمەرگە بکەن بچن بە هاواریانەوە، ئاخر ئەوانەی لەشەقامن کچانێکن مووی س‌ەریان پێچاوەو کەوشی ژنانەیان فڕێداوەو پۆتینی جەنگی‌ان لەپێدایەو ب‌ازنەو گ‌وارەو ملوانکەی‌ان ت‌ووڕ داوەو جام‌انەو دەمامکیان بستووەو گیرفانەک‌انی پڕە لەبەردو ب‌ابۆڵەیەک ن‌ان و پەنیری‌ان لەبەر پشتێنیان هەڵگرتووەو بەرامبەر بەهێزی پڕچەک‌ی دوژمن لەگەڵ براکانیان شەقامیان بەخوێنی خۆیان ڕەنگاندووە، ئاخر چۆن دەب‌ێ لەم ک‌اتەدا پێشمەرگە وەکوو هەڵ‌ۆ ئ‌اسا هەموو شاخ و پێدەشت و بەرزایی و شیوو دۆڵەک‌ان بەچاوتروکان‌دنێک نەب‌ڕێ و خۆی‌ان نەگەیەنە کچانی جەستە خوێن‌اوی لەسەر ڕانی کوڕانی کاکۆڵ زێڕین کە خەریکە گیان دەداو خۆشەویسترین ئاواتەکانی بە ئێمە دەسپێرێ؟

### نەزەری خۆم وەکوو خۆم نەک حیزبەکەم!

من پێموایە ئێمە لەڕۆژهەڵات هیچ کاتێک مەسەلە ساز نەبووین، ! خ‌وڵقێنەر نەب‌ووین! زۆر هەل‌ی زێ‌ڕین و گەورە ب‌ۆ ئێمەی ڕۆژهەڵات‌ی ه‌اتۆتە پ‌ێش و س‌وودمان لێوەرنەگرت‌ووە، بەڵک‌وو چاوم‌ان ل‌ێ بەس‌تووەو بە بەه‌انەی جۆراوج‌ۆر خۆم‌ان ل‌ێ پاراستووە، ئەسڵەن من پرسیار دەکەم چ میلەتێک ی‌ان حیزبێک‌ی سیاسی و چ ڕێبەرایەتیەکت‌ان دیوە لەمێژوودا ب‌ۆ م‌اوەی زی‌اتر لە ٣٠ س‌اڵ خ‌ۆیی و ش‌ەهیدەکانی و دارونەداری بک‌ات بەقورب‌انی جێگ‌ایەک کە نەپێ‌دەزانن نە بۆی‌ان گرنگە؟ ک‌ێ ئام‌ادەیە ک‌وڕی خ‌ۆی بک‌ات بەقورب‌انی کچ‌ی خەڵکی؟ ئ‌ێمە وەک‌وو هەم‌وو حیزبەک‌انی ڕۆژهەڵات تەنی‌او تەنی‌ا خۆم‌ان پاراستووە، نەمانویستووە کێشەکانی خەڵک بقۆزینەوەو مەسەلەی گەورەی ل‌ێ دروست بکەی‌ن. ئ‌ێمە دەب‌ێ کێش‌ەکانی خەڵ‌ک



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەگەڵ ڕژێم بکەینە گەورەترین دەنگ و باس لەسەر سەتحی جیهانی، لەباشوور کورد بە کۆڕەوەکەی ساڵی ٩١ ناوبانگی جیهانی دەرکردو هەر ئەو کۆڕەوەش بوو دنیا و ئەمریکا باشووری کوردستانیان هێڵی سوور دیاری کردو ئاسمانی کوردستانیان لەفڕۆکەکانی سەدام پاراست.

من پێموایە حیزبەکان پێویستە بەدەنگ خەڵکی ناوخۆوە بچن، هەر ئەوەندە خەڵک شەهید دەبێ کە هەتا ئێستا دراوە. باخەڵک کۆڕەوێک سازبکەن بێنە باشوور، ئەگەر خودانەخواستە شکست بێنین، وەک چۆن باشووریەکان هاتنە ڕۆژهەڵات. ئەم کۆڕەوو پشتکردنە لەڕژێم و بەجێهێشتنی وڵات بەشێکە لە شۆڕش. حیزبەکان پێویستە لە جێگایەک خاڵی سفر دابنێن بۆ خۆ ڕزگارکردن لەم ڕژیمە دیکتاتۆرە، خۆ ناکرێ هەر چاوەڕوانی موعجیزە بین یان وڵاتێک بێت بۆمان بڕوخێنێ! گەورەترین هەل هەڵکەوتووە خەڵک بەبەرزترین ڕۆحیەوە لەشەقامن، خەڵکانی سەرتاسەری ئێران لەگەڵ کوردستان هاو هەنگاوە، گەورەترین هێزی خەڵک لەدەرەوەی وڵات حازرو ئامادەن، تەواوی جیهان لەسەر خەتە، ڕژێم ڕۆحیەی شەڕو بەرەنگاری لەگەڵ خەڵک نەماوە، ڕژێم بەزەبری پوڵ و بەڵێنی جۆراوجۆر هێزەکانی ڕاگرتووە، ئێمە دەبێ کار لەسەر هێزەکانی ڕژێم بکەین کە بێنە ناو ڕیزی خەڵک، حیزبەکان دەبێ هەتا ئێستا زۆر بەباشی لە ماهیەتی ئەم ڕژێمە، کە بەهیچ جۆرێک نە میانەڕەوەکانیان، نە ئیسلاح تەڵەبەکانیان نە توند ڕەوەکانیان بە ئەندازەی سەرە دەرزیەک باوەڕیان بە مافی گەلانی ئێران نیەو ئەوەی باسیدەکەن لێرەو لەوێ تەنیا بۆ فریودان و لەداوخستنی حیزبەکانە کە بتوانن ڕێبەرەکانیان بگرن و هەڵیانواسن یان تیرۆریان بکەن.

دەنا من پێموایە ئەگەر هێزی پێشمەرگە بچنەوە مەوزوعەکە گەورەتر دەبێتەوە، شارەکان بگیرێن زۆرتر دەنگدانەوەی دەبێ، دوژمن ئەو ورەیەی نیە، پێمویە لەگەڵ شتێکی وا لە کوردستان ڕوویدات زۆر خێرا شارەکانی دیکەی ئێران غیرەت دەیانگرێ و کۆتایی بەم ڕژێمە دێنن، ئێمە نابێ لەهێزێکی بێ ورەی سەر سنوورەکان بترسین کە هیچ ورەیەکیان نیەو ڕەنگە لەمن تۆش نارازی تربن، ئاخر ئەوانیش منداڵەکانیان ڕەنگە لەشەقام بن دژی ئەم ڕژێمە. دەبێ حیزبەکان کەمپەکان بەجێبێڵن، نابێ ببنە نیشانە بۆ درۆن و مووشەکەکانی نوقتە زەنی ڕژێم، باوەڕ بکەن ڕژێم تەنیا شتێک کە پێی دەنازێ و دنیای پێ دەترسێنێ ئەم موشەکانەن و درۆنەکانیەتی، دەنا هێزەکانی چەکدار هیچ مەیلیان بەشەڕو کوشتن نەماوە، ئەوەی ئێستا لەشەقامن نە ئێمەین کە لە دوای ئینقلابەوە پێشمەرگە بووین، بەڵکوو ئەو تازە پێگەیشتوانەن کە لەسەرەتای خوێندنیانەوە لە قوتابخانەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم پەروەردە بوون هی ساڵەکانی حەفتاکان و هەشتاکانی هەتاوین. من ناڵێم هەموو شتێک لەوانەیە بەکەیفی ئێمە بێ، ڕەنگە ڕووداوی نەخوازراویش ڕوویدات بەڵام شۆڕش ئەوە ماناکەیەتی، دەی باشە هەتا ئێستا ئەو هەموو شەهیدو بریندارە دراوە بە هەزارانیش گیراون کە هیچ کەس نازانێ ماون یان نەماون هێشتا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەرنەکەوتووین!

لەووەبەدوا ئەوە کاری حیزبەکانە پێویستە هەرچەند لەتوانایاندایە بەکاری بێنن بۆ ئەوەی شۆڕش سەرکەوێ، زۆر کراوە کەمێکی ماوە، لێرەدا هێز مەسەلەکە یەکلا دەکاتەوە، ئەوەی پێویست بوو خەڵک بیکات هەزار جار زیاتر لەتوانای خۆیان مایەیان داناو شەهید بوون و هەر کەسێکیش دەچێتە شەقام سوور سوور دەزانێ یان شەهید دەبێ، یان بریندار یان دەگیرێ یان بەسەر گوێلاکی شکاوو خوێناویەوە دەچێتەوە ماڵێ ئەوەی وەزیفەی خەڵک بووە کردویانە حەقی خۆیانە پێشمەرگەش بچێ لەگەڵیان سەد هێندەی تر ڕۆحیەیان بەرز دەبێتەوە٠ ئەگەر سەرکەووتن خۆشە باهەمووومان تێبکۆشین، ئەگەر مردن و بریندداربونە باهەمومان پێکەوە بمرین (مەرگێک لەڕێی نیشتیمان بێ، هەزار گیانی بەقوربان بێ)

کۆ گشتی قسەکانم:

نابێ هەموو خزمەت و تێکۆشان و زەحمەتەکانی حیزبەکان بەگشتی لەبەرچاو نەگرین، ئەوان پێشڕەوو ڕێگا نیشاندەری ئەم خەباتەن، زۆرترین ڕێکخستنی ئەم خۆپیشاندان و شۆڕش و ڕاپەڕینانە کارو زەحمەت و ماندوو بوونی تەشکیلاتی ناوخۆی حیزبەکانن بەرنامەو ڕێنوێنیان دەدەنێ، دەی باشە ئەوە کاری ئەوان ئەوویە زۆر باشیش بەڕێوەیان بردووە دەستخۆشیشیان لێدەکەین و دەستی ماندویان دەگوشین کە هەنگاو بەهەنگاو بەرد بە بەرد لەگەڵ خەڵکی شەقامن، بەڵام کاتێک پلانەکان سەریان گرتووەو خەڵک سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، لێرەدا مەسەلەکە کۆتایی نەهاتووە بەڵکوو لێرەوە سەرەتای شۆڕشەکەیە، کە بتوانین بە هیمەتی هەموومان لەناوخۆو دەرەوەی وڵات ئەم شۆڕشە بەئاکام بگەیەنین و کۆتایی بە ژیانی ئەم ڕژیمە بێنین. لێرەدا ڕژیم بڕیاری خۆی داوە بەهەر نرخێک بێ دەیەوێ خەڵکەکە سەرکوب بکاو شتێک لەشۆڕش نەمێنێ و پاشان بکەوێتە گیانی خەڵک و هەموویان بگرێ و خودا دەزانێ چارەنووسی ئەو خەڵکە چی لێ بەسەردێ.

بۆیە حیزبەکانیش دەبێ بڕیاری کۆتایی بدەن و هەتا دەتوانن مەسەلەکە گەورەو گەورەتر بکەن و خەڵک لە نیوەی ڕێگا بەجێنەهێڵن بەڵکوو خۆیان بکەنە فیدای خەڵک و سەرکەوتنی شۆڕشی خەڵک کە بەڕاستی ئامادەن هەتا دوا نەفەریان ئاگری شەقام کڵپەدار بکەن بەو شەرتەی بزانن حیزبەکان هەتا دوا هەناسە لەگەڵین دەمێنەوەو خوێنی پێشمەرگەو کیژو کوڕانی لاو لەشەقام جۆگە دەبەستێ و پێکەوە دەبنە لافاوێک کۆشکی زۆرداری ڕادەماڵێ و هەوری ڕەش و ئیستبدات لەسەر ئاسمانی وڵات دەڕەوێتەوە و ئازادی و ڕزگاری بۆ گەلەکەمان دەچەسپێنین.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بژی هێزی بەهێزی گەل

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل

مردن و نەمان بۆ ڕژێم و سیستمی داعیشی شیعەی تاران.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---

## پاشەکشەی چی؟ کێشەی ئێمە و تارانییەک یەک نیە



**ئاسۆ خەبات**

پاشەکشەی چی؟ کێشەی ئێمە و تارانییەک یەک نیە... ئێمە کێشەی گەل و خاکمان لە گەڵ ئێرانە. بۆیە ئاساییە زیاتر بچینە پێش و باج و قوربانی زیاتریش بدەین....

پرسیارەکە ئەوەیە کە ئاخۆ کورد فێڵی لێکراوە و بە تەنیا بەجێماوە، وڵام: نەخێر.

ڕۆژهەڵات چلوسێ ساڵە نەک بە تەنیا خەریکی خەباتە، بەڵکوو لە هەموو ئەو ساڵانەدا ئێرانییەکان پشتیوانی کۆماری ئیسلامی بوون...



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

حیزبەکانی ئێمە لە دوای شۆڕشی ئێران نەیانگووت جا مادام ناوەند دەڵێ بەڵێ بۆ کۆماری ئیسلامی با ئێمەش وا بڵێین! نەیانگووت چوون ئەوان شەڕ ناکەن ئێمەش نایکەین و مادام ئەوان تەسلیم بوون ئێمەش با تەسلیم بین! ئەگەر وا بووایە ئێستا ئێمەش لە شارەکانی ڕۆژهەڵات لە پشت پەنجەرەوە سەبزی پلۆ با ماهی مان دەگووتەوە!

تا ئێرە کورد براوەی ئەم شۆڕشەیە... قەت پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات ئەوەندە گرینگی پێ نەدراوە. قەت ئەوەندەی لایەنگر و پشتگر نەبوون. قەت میدیای فارسی ئەوەندەی هەواڵ و بەرنامە لە سەر کوردستان نەبوون... عەلی کەریمی و عەلی دایی و وریا و یەحیا گوڵمەحەمدی و مەسیح و هەموو ئەوانیتر کەم نین. ئەوانە هەر یەکەیان خاوەنی بە ملوێن لایەنگرن. کاتێ شینی مەهاباد و جوانڕۆ و شارەکانیتر دەکەن، یانی دەسکەوت. یانی گەیشتنی دەنگی شۆڕشی کورد بۆ بەرزترین پلە لە ئێراندا، لەوانیشەوە بۆ جیهان...

بەڵێ بێ دوو دڵی پشتی ڕۆڵەکانتان بگرن و هانیان بدەن بەگژ داگیرکەراندا بچنەوە، چۆنی بۆیان دەکرێ و چۆنی تێچووی کەمترە، ئەوان خۆیان لەوێ لە مەیدان بڕیار دەدەن. خۆیان بڕیاریان داوە و ڕاپەڕیون، بەرخۆدان دەکەن و داگیرکەر دێننە لەرزە. شۆڕش زنجیرەیە. ڕۆژێ لە شاخە و ڕۆژێ لە شار. وەکچۆن کە لە شاخ بوو و پێشمەرگە شەڕی دەکرد، کەس نەبوو پێشمەرگە هان نەدا و وەی پێ نەبەخشێ. دەبێ وەرەیان پێ ببەخشین .ڕژێم هەر دەمانکوژێ. لەو چەن ساڵەدا دەیان پێشمەرگە و گریلا شەهید بوون و لە هەواڵێ زیاتر هیچ میدیایە گرینگی پێنەدراین...دەیان کۆڵبەر و کاسبکار کوژران کێ باسی کردین؟

**ئێمە بێ تاران و بێ گەلانیتریش هەر مەحکومین بە خەبات.**

هەر ڕۆژێ لە خەباتی ئەم ڕۆژانە هێندەی ساڵێ خەباتی پێشوو کاریگەری هەبووە... ڕۆڵەکانی کورد ئەمڕۆ خاوەنی شۆڕشێکی بەکەرامەت و سەربەرزانەن... بە هەزاران کورد خۆیان فێری فارسی دەکرد تا نەزانن کوردن! ئێستا فارسەکان و گەلانیتر بە شانازیەوە دەڵێن ئێمەش کوردین... ئەوانە هەموو دەسکەوتن... بەم دوو مانگە بەدەیان ساڵ پێشکەوتووین ... سەردەکەوین!

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# هەرێمی کوردستان لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی نەتەوەیی و مێژووییدا




**قادر وریا**

ڕێژیمی دیکتاتۆری ئێران لە ڕقی کۆن و نوێ بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێوڕێژ بووە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئەو ڕێژیمەی نەویستووە ، ئێستاش ئەوە ڕۆژهەڵاتە بووە بە وەرێخەر و چەقی شەپۆلەکانی ڕاپەڕینی سەرانسەری. ئەو جۆگەلە خوێنەی لە دوو مانگی ڕابردوو و بە تایبەتی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە شارەکانی کوردستان بۆ وێنە لە مەهاباد، بۆکان، جوانڕۆ و پیرانشار وەڕێخراوە، سەرچاوەکەی بۆ ئەم ڕقە ئەستوورە دەگەڕێتەوە و شتێک نییە جگە لە تۆڵە ستاندنەوەیەکی داگیرکەرانە بەرامبەر خەڵکێکی ڕاپەڕیو لە کۆیلەیی و داگیرکراوی. سوپای پاسداران نیازی ئەوەی هەیە تاوان و دڕندەییەکەی لە نێو هەرێمی کوردستانیش بەرامبەر بە حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان هاوشان و تەنانەت چەند قاتی دڕندەیی دژی خەڵک نێوخۆی ڕۆژهەڵات بێ.

لەم نێوەدا ئەوەی نابینرێ دەنگێکی ڕاشکاو و هەڵوێستێکی شیاو لە جەماوەر و بژاردە و شەقام و کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستانە. ئەگەر نووسین و هەڵوێستی ڕاشکاوانەی ژمارەیەک کەسایەتیی ڕۆشنبیر و، هاوسۆزی، هاوخەمی و هاوکاریی جێگەی سوپاس و پێزانینی شار و شارۆچکە و گوندەکانی نزیک کەمپی بنەماڵە و بنکە بە هاژەک و درۆن وێرانبووەکانی لێ دەرچێ، لە ڕاستیدا دژکردەوەیەک و هەڵوێستێکی جەماوەری، بەدی ناکەین. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کۆمەڵگەی مەدەنی، حیزبە سیاسی و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، کەسایەتییە ڕۆشنبیر و ئەکادیمییەکان و بە گشتی خەڵکی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەرێم، لە ئاست بەشێک لە نەتەوەکەیان کە بەم جۆرە لە نێوخۆ و تەنانەت لە نێو هەرێمی کوردستان و لە بەرچاوی خۆیان بەرەورووی قەلاچۆ بووەتەوە، هیچ بەرپرسایەتییەکی ئەخلاقی، نەتەوەیی و مرۆیی و مێژوویی لەسەر شانی خۆیان هەست پێ ناکەن؟!!

چاوەڕوانی و داوا و تکای ڕۆژهەڵاتییەکان لە هاونەتەوەکانیان لە هەرێمی کوردستان ئەوەیە دەنگ و هەڵوێستیان هەبێ. ئەم بێهەڵوێستی و بێدەنگییەتان جگە لەوەی ڕێخۆشکەر دەبێ بۆ کوشتار و وێرانیی زیاتری ئەو ڕێژیمە دژی ڕۆژهەڵاتییەکان، رووهەڵمالاوتریشی دەکا لە پێشێلکردنی سەروەریی خاکی هەرێم و ئەو پەڕی بێڕێزی بە کەرامەتی دانیشتووان و ئاسایش وئارامی لە هەرێمی کوردستان. ئێستا کاتی ئەوەیە مامۆستایانی زانکۆ و خوێندکاران، مامۆستایانی ئایینی، ڕۆشنبیران، کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و هتد، وەڵامی بانگەوازی ویژدانی خۆیان بدەنەوە و بە وەڕێخستنی خۆپێشاندان و مانگرتن دژی قەلاچۆی ڕۆژهەڵاتییەکان بە هۆی ئەو ڕێژیمە درندەیە، ئەرکی نەتەوەیی و مرۆیی خۆیان لەم ساتەوەختە مێژووییەدا جێبەجێ بکەن. بەو هیوایەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە هەموو کارەسات و مەینەتەکانی هەرێمی کوردستاندا، پشتیوانی خەڵکەکەی بووە، لە ڕۆژە ڕەش و خوێناوییەکانی ئێستای خۆیدا، دووبارەبوونەوەی ئەم هاوپێوەندی و پشتیوانییە، لە خوشک و براکانی باشووری کوردستان ببینن.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# دیکتاتۆرەکان وەک یەک دەمرن




**برایم جەهانگیری**

ئەوەی ئێستا لە ئێران و لە کوردستانیش بە تایبەتی دەگوزەرێ ڕاپەڕینێکە کە لە شێوە و لە ڕوخساردا لەگەڵ زۆربەی ڕاپەڕینەکانی پێشە خۆی جودایە. ئەگەر سەیری شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی جیهان بکەین، یان ڕاپەڕێن و شۆڕشی جەماوەریی خەڵکی ئێران لە دژی حکوومەتی پاشایەتی وەبیر خۆمان بێنینەوە، دەبینین سەرەڕای هەندێ وێکچوون، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ ئەو ڕاپەڕینەی ئێستا هەیە کە لەسەرانسەری ئێراندا ڕۆژێک خاو و ڕۆژێک ڕژد بەردەوامە.

شۆڕشی ژینا وێکچوونێکی زۆری دەگەڵ شۆڕشی ڕۆمانی دژی چاوشێسکۆ و حیزبی کۆمۆنیستی دەسەڵاتداری ئەو وڵاتە هەیە کە زیاتر لە ٤٠ ساڵ وەک دۆڵپا لینگی بەسەر ملی خەڵکی ڕۆمانیدا شۆڕ کردبۆوە. لە ڕۆمانی چەخماغەی شۆڕشی دژی دیکتاتۆری لە شارێکی بچووکی سەر سنوور بە ناوی "تیمیشوارا" لێ درا ، ئەو شارە پێشتریش چەندین خۆپێشاندانی بچووکی دیکەی بە خۆیەوە دیبوو کە هەموو جارێ بەخێرایی سەرکوت دەکرا. لە حاڵێکدا لە ١٧ دیسامبری ساڵ ١٩٨٩ چاوشیسکۆ سەرۆکی ڕۆمانی لە ئێران و لەسەر گۆڕی خومەینی خەریکی دانانی دەستەگوڵ بوو، هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕۆمانی لە شاری "تیمیشوارا" هەر ئەو شارە بچووکەی سەر سنوور جارێکی دیکە تەقەیان لە خۆپێشاندەران کرد و زیاتر لە ٥٠



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کەسیان کوشت و نزیک ١٠٠ کەسیشیان بریندار کرد، لەو حاڵە دا نیکۆلای چاوشێسکۆ کاتێ لە تاران گەڕایەوە ڕێک وەک خامنەیی و ڕەئیسی خۆپیشاندەران و خەڵکی ناڕازیی وڵاتی بە بەکرێگیراو و فریوخواردووی بێگانە لەقەڵەم دا.

ڕۆژی ٢١ سیپتامبر تەنیا ٤ ڕۆژ دوای کوشتاری "تیمیشوارا" نیکۆلای چاوشێسکۆ لە بەرامبەر ١١٠ هەزار کەس لە مەیدانی ناوەندی بۆخارێست پێتەختی ڕۆمانی قسەی بۆ خەڵک دەکرد کە چی لەپڕ لەگەڵ دروشمی مەرگ بۆ دیکتاتۆر ڕووبەڕوو بۆوە، چاوشێسکۆ لەو ڕووداوە بەتەواوی شۆک ببوو، چەند ڕۆژ دواتر خەڵک هێرش بۆ سەر کۆشکی سەرۆککۆماریان دەست پێ کرد و چاوشیسکۆ بە هێلیکۆپتێر هەڵات و سوپای ڕۆمانییش کە تازە هەواڵی کوشتنی وەزیری بەرگریی ئەو وڵاتەیان بە تاوانی خەیانەت لەلایەن چاوشیسکۆوە بیبیستبوو، بۆئەوەی بەرگرییەکی ئەوتۆ بکەن کاردانەوەیان زیاتر هاوهەڵوێستی و هاوڕایی لەگەڵ خەڵک بوو. ئیتر هەر ئەوە بوو کە دوایی سپا چاوشێسکۆی گرت و خۆی و خێزانی لە ڕۆژی ٢٤ی دێسامبر، یانی ٣ ڕۆژ دوای دواپین وتاری سەرۆککۆمار، لە دادگایەکی سەربازیدا مەحاکەمە و هەر هەمان ڕۆژیش گوللەباران کران و بەمجۆرە کۆتایی بە حکوومەتی ٤٢ ساڵەی یەکێک لە دڕندەترین دیکتاتۆرەکانی جیهان لە ئورووپا هات.

شۆڕشی ڕۆمانی بەرهەمی چەند مانگ شۆڕش و نارەزایەتی و سەرکوتی بێڕەحمانەی ناڕازیان لەلایەن حکوومەتی نیکۆلای چاوشێسکۆوە بوو کە وەک دواپین ڕێژیمی کۆمۆنیستی بە ئەندامی هاوپەیمانی وەرشەو دادەنرا. ئەو شۆڕشە لە شێوەی ڕەفتاری حکوومەتییەوە لەگەڵ خەڵک ڕاست هەمان هەڵسوکەوتی هەبوو کە ڕێژیمی تاران لە دژی ناڕازییان و خۆپیشاندەران وگەلانی ڕاپەڕیوی ئێران هەیەتی و، قسە و لێدوانی بەرپرسانی باڵا، خامنەیی و ڕەئیسی هەمان قسە ولێدوانی دیکتاتۆرەکەی ڕۆمانیمان بیر دەخەنەوە کە هەرگیز گوێی لە دەنگی خەڵکی ناڕازی نەگرت و ئەوانی تەنیا بە دەسکیسیی دوژمنان و دەستی دەرەکی ئەژمار کرد. ئیستاش هەمان شتە، ڕێبەرانی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکەی تاران هەر دێنە قسە ئەو ڕاپەڕینە بە گرێدراوی بێگانە و ڕۆژاوا لەقەڵەم دەدەن و لە باری هەڵسوکەوتیش ڕێک هەمان هەڵسوکەوتی دەسەڵاتبەدەستانی ڕۆمانییان لەگەڵ خەڵک هەیە.

ئەوانە ئەو وێکچوونانەن کە لەنێوان دوو حکوومەتی دیکتاتۆریی چاوشێسکۆی ڕۆمانیی ٤٢ ساڵ لەمەوبەر و دیکتاتۆرەکەی ئێستای جەماران هەیە و ئەو وێکچوونەیە کە لە نێوان شاری سەقزی چەخماغەی شۆڕشی ژینا و شاری "تیمیشوارا"ی ڕۆمانی، مەڵبەندی یەکەم سەرهەڵدانی دژی دیکتاتۆری ڕۆمانیدا هەیە. بەڵام جیاوازی لە جۆری سەرهەڵدانەکان و بەگ داهاتنەوەی دیکتاتۆرییش جێگای سەرنجن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

جیاوازیی ڕاپەڕینی ئێستای گەلانی ئێران کە لە کوردستان و لە شاری سەقزەوە چەخماغەکەی لێ درا لەگەڵ نەک ڕۆمانی، بەڵکوو لەگەڵ زۆربەی ڕاپەڕینەکانی پێش خۆی لەوەدایە کە ئەم ڕاپەڕینە بە پێچەوانەی ئەوانی پێش خۆی و بە پێچەوانەی ئەوەی ڕۆمانییش بە پێی بەرنامەی هیچ ڕێکخستنێکی نێوخۆیی دەستیان پێ نەکردووە و زیاتر خەڵک و بێزاریی خەڵک وای کرد کە وەک هەموو جارانی پێشتر بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لەو ڕێژیمە بڕژێنە سەر شەقام. بەلام ئەو جارە چون نارەزایەتی لە ناخی خەڵکدا ئیتر پەنگی خواردبۆوە، تاران بە هانای سەقزەوە هات و لەوێڕا گەورە بۆوە و سەرتاسەری ئێرانی تەنی.

ئەوەی جێگەی نیگەرانی و لێ وردبوونەوەیە، نەبوونی ڕێکخستنێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە تا ئێستا بە شێوەیەکی ڕوون و دیار بەڕێوەبەر و ڕێنوێنی خۆپێشاندانی سەرتاسەری ناکا، نە وەک سەردەمی شا کە خومەینی وەک ڕێبەرێکی کاریزما فەرمانی دەردەکرد و هەموو حیزبەکان پشتیوانیی ئەو فەرمانەیان دەکرد و خەڵکیان بۆ مانگرتنی سەرتاسەری و خۆپێشاندانی جەماوەری هان دەدا، نە وەک شۆڕشی ڕۆمانی کە خاوەنی "بەرەی ڕزگاریی نیشتمانی" بوو و بەئاشکرا بەیاننامەیان دەردەکرد و دژایەتییان لەگەڵ چاوشێسکۆ وەک دیکتاتۆر دەردەبڕی و خاوەن ڕێکخستن بوون. ئەوە کەمایەسییەکی گەورەیە بۆ شۆڕش و ڕاپەڕینی گەلان، ئەگەرچی تا ئێرە خەڵک کورتی نەهێناوە و هاوکات لەگەڵ سەرکوت و کوشتاری بێڕەحمانەی ڕێژیم لە نێوخۆ خەڵک و چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەر کەسە و لە سووچێکەوە چاکیان ئەو ڕاپەڕینە هیدایەت کردووە و بە پێی هەلومەرج و ڕۆژ و حەوتوو تاکتیکەکان دەگۆڕن ونەیانهێشتووە ئەو ڕاپەڕینە دامرکێتەوە.

وەک باس کرا لە سەرانسەری ئێراندا ئەو ڕێکخستنە بوونی نییە، بەڵام بەخۆشییەوە لە کوردستان دەتوانین بڵێین کە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ئەو کەلێنەیان پڕ کردۆتەوە، بەکردەوە بوونە نوختە ئومێدێک لە دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا. هەر بۆیە بە درێژەکێشانی ئەو ڕاپەڕینە پێشبینی دەکرێ لە ئایندەدا ئەو ڕاپەڕینە لە سەرانسەری ئێراندا لەو ئاستەدا نەمێنی و زیاتر بتەنێتەوە و گەورەتر و هەراوتر بێتەوە.

ئایا ئەو خۆپێشاندان و ڕاپەڕینەی ئێستا لە ئێران لە ئارادایە دەگاتە خۆپێشاندانی جەماوەریی بەرفراوان یان هەر لەو ئاستەدا دەمێنێتەوە؟ دیارە ئەو شێوە خۆپێشاندانە نوێیە و داهێنەرانەی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی و خەڵکی ئێران بە گشتی تا ئێستا سەرکەوتوو بووە و ڕێژیمی لە هەموو بوارێکەوە بێ دەسەڵات و دەستەوەستان کردووە. لە هەمان کاتدا پێشبینیی ئەوە دەکرێ درێژەی ئەو ڕاپەڕینە کە لە زۆربەی شارەکان وەک شەڕێکی پارتیزانی خەڵک و حکوومەتی لێ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هاتووه، سەرئەنجام وا دەکا تا دیواری ترسی خەڵک لەو نیزامە بە یەکجاری هەرەس بێنێ و ئەو شەڕەی لە کۆڵان و گەڕەکی شارەکان لە ئارادایە، ببێتە هۆی هەرەسهێنانی باوەڕی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم و؛ خەڵک بە لێشاو بڕژێنە سەر شەقام و کۆتایی بە دەسەڵاتی ڕێژیمێک بێنن کە زیاتر لە ٤٠ ساڵ ئازادیی لێ زەوت کردوون و جگە لە کوشت و کوشتار و گرتن و ڕاوەدوونان و ئەشکەنجە و زیندان چی دیکەی بۆ خەڵکی بەبارمتەگراوی ئێران پێ نەبووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ٢٣ی نۆڤەمبەی ٢٠٢٢

---

## گرنگیی کۆبوونەوەی شوڕای مافی مرۆڤ لەبارەی ئێران لەپاش کوژرانی ژینا ئەمینی و ڕاپەڕینی خەڵکی ئەم وڵاتە



**ئەحسەن حوسێنپوور- پارێزەر**

ڕۆژی ٢٤ی نوامبەری ٢٠٢٢ شوڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبوونەوەیەکی نائاسایی و بەپەلە لەبارەی ڕووداوەکانی ئێران پێک دێنێت. لەم نووسینەدا وەڵامی ئەم چەند پرسیارەم داوەتەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

شوڕای مافی مرۆڤ چ بنیات و دامەزراوەیەکە و، توانایی و ئەرکەکانی چین ولە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا چیی پێ دەکری و ئەم کۆبوونەوە تایبەتە بۆچی گرنگە؟ هەروەها ئێمە سەبارەت بەو کۆبوونەوەیە چمان بۆ دەلوێ، یا دەبێ چ بکەین.

بەگوێرەی پێناسەکان شوڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرپرسیاری سەرەکیی بەرزکردنەوەی ڕێز و کەرامەتی جیهانی بۆ پشتیوانی لە مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانە بۆ هەمووان. شوڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ هەر چەشنە پێشێلکارییەکی مافی مرۆڤ لە وڵاتاندا تاوتوێ بکا و ڕێوشوێنی پێویست بگریتەبەر. ئەم شوڕایە دەبێ ڕاپۆرتی دەورەیی خۆی لەسەر دۆخی مافی مرۆڤ لە وڵاتدا ئامادە بکا، کە بۆ ئەم مەبەستە ڕێوشوێنی تایبەت و جۆراوجۆر دیاری کراوە.

ئەم شوڕایە لەسەر پێشێلی مافی مرۆڤ دەتوانێ کۆبوونەوەی بەپەلە پێک بێنێ. شوڕا لە هەموو بوارەکانی مافی مرۆڤدا، لە بوارەکانی پێشێلی سیستماتیکیی مافی مرۆڤ لە لایەن دەوڵەتێک یا دەوڵەتەکانەوە ڕوو دەدا، لە چوارچێوەی ئامۆژگاریدا دەتوانێ لەسەر وڵاتی بەرمەبەست بڕیار بدا. ئەگەرچی لە بواری حقووقییەوە بڕیارەکە هێزی جێبەجێکەری لە پشت نییە، بەڵام ئەگەر ئەو لایەنەی بڕیارەکەی لەسەر دراوە، ملی بۆ ڕانەکێشێ، شوڕا دەتوانێ بە پشتبەستن بە بەندی ٣ی ماددەی ١١ی جاڕنامەی مافی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی لە شوڕای ئاسایشدا بابەتەکە بخاتە بەرباس. شوڕای ئاسایشیش دوای خستنە بەرباسی بابەتەکە، دەتوانێ بە پشتبەستن بە بەشی حەوتەمی جاڕنامە ئامۆژگاری و لە کۆتاییدا بڕیارێک دژی ئەو لایەنە بدا، کە پشتیوانیی جێبەجێکردنی هەبێ.

لەبارەی توانایی و دەسەڵاتی شوڕای مافی مرۆڤ، خاڵە لاوازەکە سیاسەت نواندنە. بەداخەوە مێژوو نیشانی داوە وڵاتە دەسرۆیشتووەکان دەتوانن تەگەرە بخەنە بەر چالاکیی کاریگەری شوڕا. لە پەروەندەی ئێراندا، چین و ڕووسیە کە خۆیان پێشینەی جینایەتی دژی مرۆییان هەیە، دەتوانن ئەم ڕۆڵە نێگەتیڤە بگێڕن و کۆسپ بنێنەوە، یا لە ئەگەری ناردنی پەروەندەکە بۆ شوڕای ئاسایش مافی ڤیتۆ بەکار بێنن.

لەم پەروەندەیەدا کۆماری ئیسلامی لانیکەم بە هێرشکردنە سەر خەڵکی مەدەنی و کوشتنی نزیکەی ١٠٠ کەس، بریندار و کەمئەندامکردنی ٤٠٠ کەسی دیکە لە ڕۆژی هەینی خوێنیندا گەورەترین جینایەتی دژی مرۆڤایەتی ئەنجام داوە. لە بابەتێکی دیکەدا بە کوشتنی ٤٣ منداڵ، تەقە لە خەڵکی مەدەنی، فڕاندنی دژبەر سیاسییەکان، ئەشکەنجە، گرتنی ناقانوونیی نیزیک بە ١٦ هەزار کەس جینایەتی دژی مرۆیی ئەنجام داوە. جینایەتی دژی مرۆیی خراپترین و قێزەونترین



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

جینایەتگەلێکە کە لە باری تئۆریکەوە پشتیوانی ناردنی پەروەندەکەی بۆ شورای ئاسایش هەیە، ئەگەرچی لە کردەوەدا ڕەنگە شورا گەرەنتیی کاردانەوەی سووکتر بکا یا بە هۆکاری سیاسی یا دەسڕۆیشتوویی چین و ڕووسیە نەتوانێ ئەوپەڕی کاریگەریی خۆی بنوێنێ.

لە بواری سیاسییەوە ئەم کۆبوونەوە تایبەتە بۆ قوربانییەکانی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ و خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران دەتوانێ ئاسەواری ئەرێنی و بەکەڵکی هەبێ:

- کۆبوونەوەی دەسبەجێی شورای مافی مرۆڤ حەساسییەتە نێونەتەوەییەکان سەبارەت بە ئەنجامی جینایەتی دژی مرۆیی لە ئێران بەرزتر دەکاتەوە.
- بڕیارنامەی ئەنجومەن دەتوانێ کۆدەنگییەکی جهانی پێک بێنێ. کۆدەنگیی جیهانی هێزی سەرکوتی ڕێژیم لە کورتخایەندا زۆر لاواز دەکا و تێچووی بەکارهێنانی توندوتیژی دەباتە سەر.
- تاوانباربوونی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بە جینایەتی مرۆیی، پێگەی دەوڵەت لە گۆڕەپانی نێونەتەوەییدا زۆر لەرزۆک و لاواز دەکا و تەنانەت ڕەوایی لێ دەستێنێتەوە و بەر بە درێژەدان بە دانوستانە ناوکییەکان دەگرێ. ئیرادەی بەدواداچوونی قەزایی پێشێلکەرانی مافی مرۆڤ ورەی دەستوپێوەندە سەرکوتکەرەکانیش زۆر دادەبەزێنێ.

شورای مافی مرۆڤ بۆ سەلماندنی ڕووداوی جینایەتە نێونەتەوەییەکان دەتوانێ پێوەندی بە هەموو کەس و دامەزراوەیەکی مەدەنییەوە بکا. قوربانییەکان و کەسوکاریان، بنەماڵەی گیراوان، شایەتەکان و کەسانی ئاگادار و خاوەن زانیاری ئەم دامودەزگە نادەوڵەتییانە، دەتوانن بەڵگە و دیکۆمێنت و زانیاری خۆیان بە زمانی فارسی بۆ شورا بنێرن و بەم کارەیان لەم پرۆسەیەدا بەشدار بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ٢٣ی نۆڤەمبەی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# خەڵکی کورد و هاوسەنگی راگرتن و هاوکێشەی ناوخۆ



د .مامەند عەلیار

کەمتر کەسێک هەیە لە کوردستان یان بە کردەوە کار وچالاکی سیاسی نەکردبێ و یان ژیانی بە هۆی کردەی سیاسی دەوەروبەری نەکەوتبێتە ژێر کاریگەریی قورسەوە. هەر لە شۆڕشی گەلانی ئێرانی ساڵی پەنجاوحەوتەوە تا ئێستا، کە شۆڕشێکی تازە لە شەقامەکانی کوردستان بەڕێوە دەچێ.

هەر بەو هۆیە جودا لە ڕێژەیەکی کەمی کۆمەڵگا، بەشی هەراوی ئەو وڵاتە، سیاسی دەڕوانن و سیاسی بیر دەکەنەوە و تەنانەت سیاسەتی نەیارانیش شی دەکەنەوەو تاوتوێی دەکەن.
بەڵام داخی گرانم کورد بە عام لە یەک شت دا گرفتی هەیە. ئەویش ناسین و ڕاگرتنی پارسەنگ و هاوکێشەیە.

لە شۆڕشی نوێدا، کورد پێشەنگایەتی کردووە و مۆرکی خۆی لێداوە و جووڵەیەکی خستوەتە شەقامی ئێرانەوە و...

تا ئێرە هەموو هەنگاوەکان ئەرێنی و بەجێن، بەڵام ڕاگرتنی پارسەنگ و ناسینی هاوکێشە پێت دەڵێ بزانە لە دۆخی ئێستا دا، نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی بەشی خۆیان لە شەقام دەگرن. بەشی خۆیان سیستەم و کارامەیی سیستەم لە کار دەخەن، بەشی خۆیان تێچوە دەدەن کە دواتر بە ڕێزەوە لە میراتی شۆڕشەکەیان بڕوانن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

جودا لەوە هاوکێشەی سیاسی لە ئێران چارەسەرەکەی چۆنە. لە کوێوە دەست پێدەکا و چۆن هەمەگیر دەبێ. هەر سیاست ناسێک ئەوە دەزانێ گۆڕانکارییەکان لە وڵاتێکی وەک ئێران لە ناوەندەوە تێدەپەڕێ و دواتر دەگاتە ناوچەکانی دی. بۆ ئێمەی کورد کە تەنانەت هاوخەباتەکانمان لە ناوچەکانی دیکەی ئێران تا ماوەیەک لەوە پێش بەچاویلکەی دڕدۆنگی تێیان دەڕوانین دەبێ ئەوقسەیە هەڵوێستەی زیاتری لەسەر بکرێ. کە دۆخی باشوور و زەمینەی هێرش بۆ سەر پێشمەرگە و زۆر بابەتی پێوەندیدار بەوێشەوە لەبەرچاو دەگری، ئەوەندی دیکە تایبەت بوونی دۆخی کوردستان دەردەکەوێ وبەو ئاکامە دەگەین؛ ڕێگای شۆڕشێکی بنەڕەتی ئەگەر لە کوردستانەوە دەستی پێکردووە، بە کوردستان کۆتایی نایە و دەبێ لە تارانەوە هێق بکاتەوە بۆ هەموو ئێران. دەنا کورد بەتەنیا دەبێتە دەستەچیلەی ئاورێک کە کەس یارمەتی کووژانەوەی نادا.

هەڵوێستەکان دژی ئەو قسانە دوو تاقم دەبن. تاقمێک کە پێیان وایە کورد دەبێ بە تەنیا هەموو شتێک بخاتە ئەستۆی و نەتەوەکانی دی هەموو بسڕێتەوە. چ وڵامم بۆ ئەو هاوڕێیانە نییە، بەڵام تاقمی دووەم خەڵکی سەرشەقامن کە خوێنیان داوە. پرسیاریان ئەوەیە یانی ئەوی کردمان بوو بە هیچ؟ نا نەبووە بە هیچ. سامانێکی زەنگینتان پێشان گەلانی ئێران و جیهان داوە. کۆمەڵگای کراوەی کوردتان بە جیهان ناساندووە. هەوێنی شۆڕشی فکری و سیاسی نوێ ئێوە بوون. تاقە یەک حەسانەوە و پشوویەکتان پێویستە. با نەتەوەکانی دیش شەقام بناسن. ترسیان لێی بشکێ. سیستەم بە خۆیانەوە سەرقاڵ کەن. تێچووی بە ڕادەی داخوازییان بدەن. تا ئەوکات، کە درەنگیش نییە، ئێوە ئەی شەقامی کوردی! جووڵەتان هەر هەیە، بەڵام خۆ لەمەترسی دوور دەخەنەوە. ڕێبەرانی پێشوو کوتبوویان ئەو سیستەمە بە ئێمە شەکەت و ئازار چەشتوو و لاواز دەبێ، بەڵام بەتەنیا بە ئێمە ناڕووخێ.

ئێستا بەو هێزەی لەشەقامی کوردستان دا دەبیندرێ، گەلی کورد دەتوانێ تەنانەت دوژمن لە خاکی کوردستان وەدەر بنێ. دام و دەزگاکان بگرێ و زۆر شتی تریش،بەڵام بێ سەرکەوتنی شۆڕش لە تاران ئەو دەستکەوتە ناپارێزرێ. ئەوانەی پێیان وایە دەی جودا لەوان با سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیەنن، ڕەنگە کەمتر تێچووی ماڵوێرانکەری ئەو کردەیان هەر بەزەینیدا هاتبێ.

**شەقامی بوێر و زامدار و پێشەنگی کورد هاوسەنگی ڕاگرە!**

**سەرچاوە. گۆڤاری تیشک – ڕێکەوتی: ٢٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# یەکێتی و ڕێکخراو بوونی زیاتری خەڵکی کوردستان مەرجی سەرکەوتنە



**سایتی پەیام**

خەڵکی کوردستان لە بارودۆخێکی هەستیار و مێژوویی چارەنووس سازدان. لە مێژووی ئەم سەد ساڵەی دواییدا خەڵکی کوردستان لە ئێران، هیچکاتێک یەکێتی، هاوپشتی، وشیاری و ڕیکخراو بوونی خەڵک لە وەها ئاستێکی بەرز و ستایش ئامێز نەبووە.

چل و سێ ساڵ خەباتی خەڵکی کوردستان لەدژی ڕژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران، گەشەی کۆمەڵایەتی، شکڵ گرتنی نەسلگەلی نوێ کە خاوەنی زانست، خوێندەواری، ئەزموون و ڕێکخراو بوونێکی زیاترن خەڵک و ئەحزابی کوردستانی لە نەخشەی سیاسی ئێران، ناوچەکە و دنیادا کردۆتە هێزێکی بەتوانا بۆ دەستەبەر کردنی ئازادی، دادپەروەری، یەکسانی و پێشکەوتن خوازی.

لە بەرنامەی دوێنێی تەلەویزیۆنی کۆمەڵە دا و لە بەشی یەکەمی ئەم وتارەدا باسمان لە پێویستی و هەنووکەیی بوونی دیفاع لە خەڵکی کوردستان لە لایەن خەڵک، ناوەند، ڕێکخراو، ئەحزاب و کەسایەتیە ئێرانیەکانەوە کرد. ئەرکی سیاسی،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئینسانی و ئەخلاقی خەڵکی ئێران ئەوەیە کە بۆ بەسەرکەوتن گەیشتنی شۆڕشی ئێران داکۆکی لە خەڵکی کوردستان بکەن.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە حکومەتی ئیسلامی شەڕ و نەسل کوژی بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاندوە و لە حەوتوی ڕابردودا ژمارەی گیانبەخت کردوان بەرز بۆتەوە بۆ دە کەس لە ڕۆژێکدا. خۆڕاگری، ڕێکخراو بوون و ئیدامەکاریی ئەم بزوتنەوە گشتی و بە هێزە لە کوردستان، پێویستی بە وڵامدرانەوەی خێرا بە کێشەی بەرێچوون، ژیاری، دەرمانی، پزیشکی و دابین بوونی پێداویستیە سەرەتاییە ئینسانیەکانە.

بازاڕەکان لە مانگرتنی بەردەوامدان و ئەو ئیمکاناتە کەمە کاریەش کە بوو بەرەو رووی ئاستەنگی جیدی بۆتەوە و لەگەڵ لەبەین چوونی دەرفەتە کاریەکان دەستەویەخە بووینەوە. دابین کردنی مەسکەن، خۆراک، دەرمان و باقی ئیمکاناتی ژیان لەم وەرزە سارد و زستانیەدا بۆتە کێشەیەکی جیدی و هەڕەشەیەک بۆسەر درێژەدان بە ژیان. وێڕای ئەم بارودۆخە دژوارە بریندار بوونی بە هەزاران کەس و بەند کرانی چەندین هەزار زیندانی سیاسی نوێ، گوشارێکی زۆر قورسە بۆ سەر ژیانی بەشێک لە خەڵکی بێبەش و هەژار.

لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵ و خەڵکی کوردستان ئیمکاناتێکی زۆر بەرینیان لە نێوخۆی کوردستان و لە ئاستی ئێران و لە گۆشەوکەناری دنیادا هەیە. چالاک کردنەوەی هەموو ئەم ئیمکاناتە لە خێراترین زەمانی مومکیندا نە تەنیا پابەندیەکی ئینسانی و ئەخلاقی، بەڵکو نیازێکی هەنووکەیی و گارانتی کەری بەردەوام بوونی خەباتە. دروست کردنی شەبەکەی دەرمانی و پزیشکی، دابین کردنی پێداویستیەکانی بە سەدان هەزار کەس کریّ نشینی بێکار و بێبەش، دروست کردنی تۆڕەکانی دابین کردنی سوتەمەنی و خۆراک، فەراهەم کردنی پێداویستیە هەنووکەییەکانی برینداران، گیراوەکان و بنەماڵەی بەڕێزی گیانەختکردوان مەرجی یەکێتی و یەکگرتوویی زیاتر و زەمانەتی سەرکەوتنە. پێویستە لە دابەشکاریەکی گونجاودا ئینرژی و ئەزمونی مەوجودی هەڵسوڕاوان و تێکۆشەران بۆ پێکهێنان و هیدایەت کردنی وڵامدانەوە بەم پێداویستیانە و زەرورەتە ئینسانی و سیاسیەکان تەرخان بکەین.

ئەزموونی مێژوویی لە ئاستی ناوچەکە و دنیادا دەریخستنوە کە تەنیا ئەو بزوتنەوانە دەتوانن بگەنە سەرکەوتن کە پشت ئەستورن بە توانایی و ئیمکاناتی خۆیان. کۆمەڵگا و خەڵکی کوردستان خاوەنی ئیمکانات و زەرفیەتێکی گەورەن و چالاک کردنەوەی ئەم توانایی و وزەیە لە خزمەت بە پێداویستیە هەنوکەییەکانی بزوتنەوەکە ئێمە دەباتە پێگەیەکی گونجاو ترەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خەڵکی کوردستان بە ئەندازەی کافی خاوەن کادری بە ئەزمون و شارەزا، ئیمکاناتی ماڵی، هێزی شۆڕشگێڕ و داهێنەر، ئەزمون و ئیرادەن کە ئەگەر بە باشی و بە شێوەیەکی گونجاو ڕێکبخرێت دەتوانێ وڵام دەرەوەی نیاز و پێداویستیەکانی شۆڕش و تێکۆشان بێت بۆ گەیشتن بە ئازادی، دادپەروەری، بەرابەری و ژیانێکی پڕ لە ڕیفاه و ئاسودەیی.

لەگەڵ ئەوەشدا ئیمکاناتێکی گەلێک بەرین تر لە باقی شوێنەکانی ئێراندا بوونی هەیە کە دەکرێ سازمان بدرێت و بگاتە دەست هەڵسوڕاوانی خاوەن متمانە لە کەردستان. هەڵسوڕاوانی عەمەلی ئەم شۆڕشەی ئێستا و ڕێکخراوە نوێ و قەدیمەکان دەتوانن بە ئیبتیکاری خۆیان لەم ڕاستایەدا پێشقەدەم بن. بەڕێوەبردنی ئەم ئەرکە ئینسانی و شۆڕشگێرانەیە لەسەر بەستێنی دڵسۆزیەکی بەرین کە لەنێو جەماوەرێکی بەریندا سەبارەت بە خەڵکی کوردستان بەدی هاتوە هاسان تر دەبێت..

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ٢٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرماوەزی ٢٧٢٢ی کوردی = ٣١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی

---






سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com